رۆژنامە

٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە گۆڕپانەیی وشە دەرپەڕەکان

ژمارە 481 سێشەممە 2/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.481 Tue 2/ 6/ 2009

رێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانن چاودێریی بەڵێنەکانی حکومەت بکەن؟

ل ٥

کێ حیزب لە حکومەت جیادەکاتەوە؟



ل ٣

«بەتۆمەتی پشتگیریکردنی لیستی گۆڕان»

پاسەوان لە ژمارەیەک پەرلەمانتار دەسەنرێتەوە

هەستیار قادر

وەزارەتی ناوخۆ مووچەی ژمارەیەک پەرلەمانتاری نادات و داوا لە پاسەوانی چەند پەرلەمانتارێک دەکات کە پاسەوانەکانیان بگەڕێننەوە بۆ بەشی پاسەوانی وەزارەتی ناوخۆ.

ئەم بڕیارە لە کاتێکدا دێت کە ئەمڕۆ دووشەممە (١/٦) کۆمیسیۆنی پەرلەمانی کوردستان بۆ کاروباری ناوخۆ و پێشمەرگە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی ئەنجومەنی پاسەوانی پەرلەمانتاران هەبووە.

کۆمیسیۆنی ناوخۆ و پێشمەرگە لە ڕاگەیاندنێکدا کە دوای کۆبوونەوەکە بڵاوی کردەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو بڕیارە بێ ئاگاداری ئەوان دراوە.

ئەندامێکی کۆمیسیۆنەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە کە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە و پاسەوانەکان بگەڕێننەوە بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە پێشتر پاسەوانیان هەبووە».

ئەو ئەندامەی کۆمیسیۆن ڕایگەیاند: «ئەو بڕیارە بێ ئاگاداری ئێمە دراوە و ئێمە داوای لێکردووە کە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە».

ئەو سەرچاوەیە ئاشکرای کرد کە ئەو بڕیارە لە ڕۆژی ٢٨ی مایسدا دراوە و ئەو پەرلەمانتارانەی کە پاسەوانیان لێ سەندراوەتەوە ئەمانەن: ئەحمەد ئیبراهیم، ئەحمەد تۆفیق، ئەحمەد ئیسماعیل، ئەحمەد ڕەفعەت، ئەحمەد مەحمود، ئەسعەد کۆیی، ئەکرەم عەلی، ئەنوەر ساڵح عەبدوڵڵا، ئەیوب عەلی، بەختیار ئەمین، بەدران زێباری، بەرهەم ساڵح، بەهادین محەمەد، بەهرۆز عەبدوڵڵا، بەیان سەعید، بەیان عەبدوڵڕەحمان، تاهیر عەبدوڵڵا، تەحسین عەبدوڵڵا، تەیب عەبدوڵڵا، جەمال شێخ، جەمیل بایز، جەوهەر نامق، حەسەن تۆفیق، حەسەن عەرەب، حەکیم قادر، حەمە ڕەشید، حەمە سەعید، حەمە ئەحمەد، حەمە ئەمین

کێ حیزب لە حکومەت جیادەکاتەوە؟



مۆزەخانەی سلێمانی



بەڕێوەبەرێتی هونەری



شارەوانی سلێمانی



کۆمپانیای گشتی مەسحی جیۆلۆجی و کانزاکاریی

فۆتۆکان: فەلاح نەجم



زانکۆی سلێمانی



پارێزگای سلێمانی



بەڕێوەبەرێتی ئاودێری و ئاوی سەرزەوی سلێمانی



بەڕێوەبەرێتی باخچەکان

جارێکیتر یەکێتی‌و پارتی هێرشدەکەنە سەر نووسەرو رۆژنامەنووسان



عەلی کەریمی: پارتی‌و یەکێتی خۆیان مەسەلەی نەتەوەییان لەبیرکردووە، جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠و هێشتنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان دیارترین نموونەیە بۆئەو مەسەلەیە

پشتیوان سەعدوڵڵا

لە راگەیەنراوێکدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و پارتی هێرشدەکەنە سەر ئەو نووسەرانەی کە وتارو نووسین لەسەر رۆڵی سەرکردایەتی کورد لەدەزگاکانی راگەیاندندا بڵاودەکەنەوەو ئەوەش «بەئیستیغلالکردنی هەستی نەتەوەیی‌و تێکدانی یەکڕیزیی هێزەکانی کوردستان» ناودەبەن، هاوکات ژمارەیەک نووسەرو رۆژنامەنووس ئاماژە بەوەدەکەن، بەمەبەستی شاردنەوەی راستییەکان یەکێتی‌و پارتی بەردەوام تۆمەت دەخەنە پاڵ رۆژنامەنووسان.

پێڕێ (٥/٣١) بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەڵاحەدین کۆبوونەوەو دوای کۆبوونەوەکە راگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە، کە تیایدا هێرشدەکەنەسەر دەزگاکانی راگەیاندن‌و نووسەران‌و رۆژنامەنووسان.

لە راگەیەنراوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و پارتیدا هاتووە: «کۆبوونەوەکە هەڵوەستەی لەسەر دیاردەیەک کرد، کە بەم دواییە بووەتە جێی سەرنج، ئەویش ئەو نووسین‌و وتارو لێدوانانەیە، کە گومانی کەمتەرخەمی‌و کورتهێنان‌و تۆمەتی لەوجۆرە دەخنەپاڵ ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان‌و هەڵوێستەکانی لەمامەڵەدا لەگەڵ بەغدا، لەوەشدا ئیستیغلالی هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەکەن».

ئاسۆ عەبدوللەتیف، نووسەرو رۆژنامەنووس، ئەوەی خستەڕوو، ئەوە یەکەمجارنییە سەرکردایەتی کورد لەبەرامبەر خراپبوونی ئەدایان لەبەغدا تۆمەتی ناڕەوا دەخەنەپاڵ نووسەران‌و رۆشنبیران‌و ئەوکەسانەی بەشێوەیەکی زانستییانە کارەکانی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا هەڵدەسەنگێنن، «بەبڕوای ئێمە لەدوای ڕووخاندنی رژێمی بەعس دەسەڵاتی کورد لەبەغدا تەنیا بەدروشم کاریانکردووە، لەوماوەیەدا کورد گوتارو ئەجێندایەکی سیاسی رۆشنی نەبووە، گوتارێک کە دەربڕی هەست‌و ئازارو خواستەکانی گەلی کورد بێت، جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ لە کەمتەرخەمیی سەرکردایەتی کوردە، بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لەدامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا، مەسەلەی ئەنفال‌و کیمیاباران، بودجە، نەوت، ئەم مەسەلانە هەموویان مەسەلەی چارەنووسسازن‌و بەرپرسیارێتییەکی مێژوویین‌و سەرکردایەتی کورد کەمتەرخەمانە مامەڵەی لەگەڵ کردوون».

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، رایگەیاند: بەئاسانی ناتوانین لەکۆتێکی رۆژنامەوانیدا قسە لەسەر ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبەغدا بکەین، بەڵکو ئەوە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی کارەکانی رابردوو هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا مافەکانی کورد بەهەڵپەسێردراویی ماونەتەوە، ئەمەش بەشێکی سەرەکی بەرپرسیارێتی لەئەستۆی نوێنەرانی کورد لەبەغدا، ئەگەر لەڕوانگەی رۆژنامەکەمەوە قسەبکەم، ئێمە نە لە حکومەتداین‌و نە بەرهەڵستکارین، لەژمارەی پێشووی ئاوێنەدا بابەتێکمان لەسەر ئەوەبڵاوکردەوە، کە بەرپرسانی کورد لەبەغدا هاتوونەتەوە بۆ کوردستان‌و کاری حیزبی دەکەن، کە ئەمە کارێکی رۆژنامەوانییە‌و بەبێلایەنانە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئێمە دەمی خەڵکمان پێ ناگیرێت، ئێمە سەکۆیەکین بۆ دروستکردنی حیوار».

لەبەشێکی دیکەی راگەیەنراوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و پارتیدا هاتووە، « «لەڕاستیدا نەک هەرمەبەستیان خەمخۆریی نەتەوەیی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەمجۆرە خیتابە مەبەستیانە یەکڕیزی هێزەکانی کوردستان تێکبدەن، دەیانەوێت لەهەڵبژاردنی داهاتوودا بەرەی کوردی‌و کوردستانی یەکگرتووانە نەچێتە مەیدان، دەبێت رای گشتیی کوردستان لەبەرامبەر ئەمجۆرە خیتابە ڕووخێنەرەو تێکدەرانە هۆشیارتر بکرێتەوە».

بەبۆچوونی رۆشنبیران‌و نووسەران ئەوتۆمەتانەی کە هەردوو حیزبی بااڵدەست دەیدەنە پاڵ راگەیاندنکاران‌و ڕووناکبیران، بۆ شاردنەوەی راستییەکانە لەهاوڵاتیانی کوردستان، هیچ بنامەیەکی مەنتیقییان نییە.

عەلی کەریمی، نووسەر بەڕۆژنامەی راگەیاند: ئەو قسەو تۆمەتانەی یەکێتی‌و پارتی دەیخەنە پاڵ رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران دووڕە لەڕاستییەوەو تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئەو دوو حیزبە دریژە بەحاکمییەتی ڕەهای خۆیان بدەن، ئەو دوو حیزبە بەدرێژایی (٣٥) ساڵ لەدوو بەرەی جیاوازدابوون، ئەمڕۆ بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لەهەڵبژاردندا پێکەوە بەشداریدەکەن.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، یەکێتی‌و پارتی هەڕەشەی دەرەکی وەکو چەکێک لەدژی هاوڵاتییان‌و ڕەخنەگران بەکاردەهێنن، کە ئەوەش هیچ مەنتیقییەتێکی تێدانییە، چونکە ئەو دووڵایەنە خۆیان مەسەلەی نەتەوەییان لەبیرکردووە، جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠و هێشتنەوەی کێشەی ناوچەدابڕاوەکان دیارترین نموونەیە بۆئەو مەسەلەیە، تۆمەتەکانیان بێبنەمایەو جەماوەری کوردستانیش دڵنیان لەئەدای سەرکردایەتی کوردو ڕۆڵی میدیاو راگەیاندن‌و نووسەرو رۆشنبیران.

هەر لەوبارەیەوە ئاسۆ عەبدوللەتیف، وتی: «ئەو ڕەخنانەی لەڕاگەیاندن‌و خەڵکانی نێو راگەیاندن دەیگرن، مانای ئەوەیە کە یەکێتی‌و پارتی تائێستا بەدروشم کاردەکەن‌و دەیانەوێت کەمتەرخەمییان بشارنەوە».

بەرپرسانی هەرێم ڕەخنە لەدەزگاکانی راگەیاندن دەگرن، بەوەی بەبێ گوێدانە هەستی نەتەوەیی کاری رۆژنامەوانی دەکەن‌و تەبایی‌و یەکڕیزیی کورد دەخەنە مەترسییەوە، دیارترین نموونەش وتەکانی هەفتەی رابردووی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمە، کە لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا باسی ئەوەی کردبوو، کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی وێنەیەک دەخولقێنن، کە لەشێوەی موخابەراتی وڵاتانی دراوسێدایە.

ئاسۆ عەبدوللەتیف لەوبارەیەوە دەڵێت: یەکێتی‌و پارتی خۆیان یەکڕیزی نەتەوەی کوردو حیزبە سیاسییەکانیان تێکدا، ڕێککەوتننامەی ستراتیژییان پێکەوەبەست، پرسیان بەیەک حیزبی کوردستانی نەکرد، ئەو دووحیزبە تاکڕەوانە بڕیار لەسەر چارەنووسی میللەتی کورد دەدەن، تا یەکێتی‌و پارتی خەریکی داتاشینی تۆمەتبن بۆ رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران‌و ئۆپۆزسیۆن، ناتوانن ئەدایان بەهێزبکەن.

هەرچەند بەرپرسانی هەرێم تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵ راگەیاندنەکان‌و رۆژنامەنووسان، کە چاویان تەنیا کەموکورتییەکان دەبینن‌و ڕەخنەی ڕووخێنەر دەگرن، بەڵام وەکو سەرنووسەری ئاوێنە ئاماژەی بۆدەکات، رۆژنامەنووسان خەڵکانێکی دڵسۆزی کوردستانن، هەورەک دەڵێت: « ئێمە هەموومان خۆمان بەهاوڵاتی ئەم وڵاتە دەزانین‌و ئەوشەڕەی میدیای ئەهلی دەیکات، لەپێناوی خزمەتکردنداید، نەک لەپێناوی ڕووخاندنداببێت، ئەو قسانەش ئەوەندی دەچنە خانەی تۆمەت دروستکردنەوە، ئەوەندە ناچنە خانەی خزمەتکردنەوە».

مالیکی هەڵبجە ئاوەدان دەکاتەوە

ستارە عارف

نوێنەری کەسوکاری قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵبجە سەردانی نوری مالیکی دەکەن‌و بەڵێنیان پێدەدات زیاتر لەو داخوازییانەی کە هەیانە خزمەتی شارەکە بکات‌و خۆی سەردانی هەڵبجە بکات‌و راستەوخۆ ئاوەدانی بکاتەوە.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵبجە، وەک نوێنەری ئەو قوربانیانە سەردانی شاری بەغدایان کردو کۆمەڵێک پێشنیازو داخوازی خەڵکی ئەوشارەیان خستەبەردەم سەرۆک وەزیران، کە پێکهاتبوون لەئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵبجە بەگشتی‌و چارەسەرکردنی بریندارەکان‌و دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ شارەکە بەدەر لەڕێژەی ١٧٪ کەی هەرێم، هەروەها دروستکردنی خانوو بۆ وارسی شەهیدان.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵبجە، بەڕۆژنامەی راگەیاند: مانگێک پێش ئێستا ئاگادارکرانەوە کە کەسوکاری کیمیابارانی هەڵبجە بەرنامەیەک ڕێکبخەین بۆسەردانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و پێڕێ شەو گەیشتینە بەغداو دوێنێ چاومان بەمالیکی کەوت.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵبجە ئاماژەی بەوەشدا، کە کۆمەڵێک داخوازیی‌و پێشنیازی خەڵکی هەڵبجەیان پێشکەش بەمالیکی کردووەو ئەویش بەڵێنی پێدان سەرجەم داخوازییەکانیان زیاتر لەوەی کە پێشکەشیانکردووە جێبەجێی بکات‌و ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە، بۆئەوەی راستەوخۆ دەست بەئاوەدانکردنەوەی هەڵبجە بکات‌و خۆی سەردانی شارەکەش بکات.

سەبارەت بەپەنابردنەبەر حکومەتی ناوەند بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان لوقمان عەبدولقادر وتی: «لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵبجەو لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتووانی، حکومەتی هەرێم لایەنێکی دیاریکراوی بۆ پردەکرێتەوەو ئێمە خۆمان بەخاوەن ماف دەزانین‌و لەسەر حکومەتی عێراقە قەرەبووی ئەمشارە بکاتەوەو قەناعەت ناکەم حکومەتی هەرێم ئەمەی بەهەستیاری وەرگرتبێت.»

هاوکات پێشرەو حەمید، بەرپرسی راگەیاندنی ڕێکخراوی چاودێری کۆردۆساید «چاک» ئاشکرایکرد، کە وەک ڕێکخراوەکەیان هەرکەسێک پشتگیری لەکەسوکاری قوربانیانی هەڵبجە بکات پشتگیری دەکەن، وتیشی: «حکومەتی هەرێم تائێستا نەیتوانیوە وەک پێویست هاوکاری کەسوکاری قوربانیانی هەڵبجەو ئەنفالەکانیش بکات، ئێستا بەهۆی هەڵبژاردنەوەیە کە هەندێک پرۆژە لەهەڵبجە ئەنجامدەدرێت».

رێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانن چاودێریی بەڵێنەکانی حکومەت بکەن؟

ستارە عارف



کۆبوونەوەی رێکخراوە مەدەنییەکان

زۆرێک لە شارەزاو پسپۆڕانی بواری کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێیانوایە کە رێکخراوەکانی کوردستان ناتوانن چاودێریی بەڵێنەکانی حکومەت بکەنو کەمپینی بۆ سازبدەن، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسکیش دەڵێت: «بەشێکی زۆر لەو رێکخراوانە کۆمەک لە حکومەتو حیزب وەردەگرن، ئەمەش ئیرادەیەک لەو رێکخراوانەدا دروست ناکات کە بتوانن لێپێچینەوە لە بەڵێنەکانی حکومەت بکەن».

لەسەرەتای پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەساڵی ٢٠٠٥و ئێستاش لە سەروبەندی ئامادەکاریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵێنی جۆراوجۆر لەلایەن بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانەوە دەدرێت بە هاوڵاتییان، لێرەوە پرسیار ئاراستەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت، کە ئایا تا چەند دەتوانن چاودێریی کارو بەڵێنەکانی حکومەت بکەن.

رێکخراوی ئاسک پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتیان دەستپێکردووە، ماوەی سێ ساڵە بەدواداچوون بۆ بەڵێنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن. ڕێبین ڕەسوڵ، «بەڕێوەبەری رێکخراوەکەش، پێیوایە، ئامادەکاریی بەمەبەستی هاوکاریی لەنێوان رێکخراوەکاندا نییە، بەشێکی زۆر لەو رێکخراوانە کۆمەک لە حکومەتو حیزب وەردەگـرن، ئەمەش ئیرادەیەک لەو رێکخراوانەدا دروستناکات کە بتوانن لێپێچینەوە لە مەسەلانە بکەن»، وتیشی: خۆم و رێکخراوەکەشم ئامادەنین بچینە ناو ئەو کەمپینەوە، کە تەنیا ناو بێتو نەتوانێت کاربکات، ئەم کارانە بەشێکی بەتەنیا دەکرێت کە زۆرتر پیشەییانەیەو باشترە لە کەمپینێک کە خەڵکێکی زۆری تێدابێتو لەلایەن حکومەتەوە ئاراستەکراو بێتو رێگربن لەوەی بە جدیی بەدواداچوونێک بۆ کارو بەڵێنەکانی حکومەت بکەن.

هاوکات هودا زەنگەنە، چالاک لەبواری کۆمەڵگای مەدەنیو بەرپرسی پرۆژەی بەڵێنەکانی پەرلەمان لە رێکخراوی ئاسک، بـڕوای وایـە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا «هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە ئەزموونی پێکەوە کارکردنیان هەبێت، بۆیە هەندێکجار ئەو گروپانەی کە دروستدەبن، نامێنن و یان بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاو دەگرن»، وتیشی: «ئەوانەی لە رێکخراوداڵە کوردستان کاردەکەن، ئەزموونی رێکخراوەییان نییە، هەر لەبەرئەوەشە نەیانتوانیوە ببنە هێزی فشار بۆ سەر حکومەت».

لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە گەرمیان کەمپینێک بۆ بەدواداچوونی بەڵێنەکانی حکومەت پێکهات، کە بریتین لە (٤٠) رێکخراوو کەسایەتیو رۆژنامەوان، وەک هەستکردنێک بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵک کە حکومەت بەڵێنی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پـرۆژەی پـێـداون، لەوانە جێبەجێکردنی کردنەوەی زانکۆ لە گەرمیانو دووساید کردنی شەقامی نێوان کفری کەلارو کەلار سلێمانی کە بەڵێنی جێبەجێکردنیان دراوە.

عەدنان قوربانی، ئەندامی رێکخراوە مەدەنییەکانی گەرمیان، وتی: کارنامەیەکمان بۆ کەمپینەکە دارشتووەو بە دوو شێوە دەستبەکاربووین، لـەوانـە (٦) کەس نوێنەری کەمپینەکەن بۆ چاودێریکردنی ئەو شەقامەی بەڵێنە بۆیان بکرێت، کەمپینی دووەمیش کار بۆ بەڵێنی کردنەوەی زانکۆکە دەکـات، «کەمپینەکە تائێستا (١٢) هەزار ئیمزایان کۆکردووەتەوە کە داواەکـەن بەپەلە زانکۆکە بکرێتەوەو ناوەندەکەی لە شاری کەلار بێت».

پێشتریش ئەو رێکخراوانەی گەرمیان یاداشتێکیان داوەتـە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران، بۆ کردنەوەی زانکۆکەو ئەویش بەڵێنی پێداون لەم نزیکانەدا ئەگەر هەتا (٥٠) ملیۆن دۆلاریشی تێبچێت، بۆیان بکاتەوە.

عەلی کەریم، چالاک لەبواری کۆمەڵگای مـەدەنـی، رای وایـە «دامـودەزگـاکـانـی کۆمەڵگای مەدەنی هەرێمی کوردستان، وەک کۆمەڵگانو نەکەوتوونەتە سەرووی کۆمەڵگاوە،ئەمەش حاڵەتێکی دروستکردووە کە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان پاشکۆبێت بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتیو بە پلەی یەکەم بۆ ڕەهەندە سیاسییەکان». ئەو بروایەکی قوڵی بەوە هەیە کە هۆکارە سەرەکییەکانی پشت نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمانە بن، وتیشی: «بەشێک لەو هۆکارانە پەیوەستن بە کۆمەڵگای مەدەنی خۆیەوە، بەوەی کە بـڕوای بە بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنی نییەو پسپۆڕییو توانایان نییە، بەشی دووەمیش پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە واتە بە سیاسەتی نادروستو خراپیی ئابووریو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگاوەو نەبوونی ستراتیژییەتی پەرەپێدانی کۆمەڵگا»، هەموو ئەمانە وایانکردووە کە کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا زۆرجار پەیامو خواستێکی ئـابـووریو سیاسیی حیزبیی لەخۆی دەگرێت، لە جێگای ئەوەی پەیامێکی مەدەنی هەبێت، ئەگەر کۆمەڵگایەکی مەدەنیش بەوشێوەیە بێت، ناتوانێت ببێتە هێزی فشار، «هێندەی خەریکی ڕازیکردنی سەرۆکی رێـکـخـراوەکـانو کۆمەڵێک بەرپرسی سیاسیو کۆلکە نەخوێندەواری بەرپرس دەبن، ئەوەندە خەریکی بەدیهێنانی خواستە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا نین».

فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستان، یەکێکە لەو گروپانەی کـە ژمـارەیـک رێـکـخـراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە سایەیدا کۆکردووەتەوە، چەند کەمپینێکیشیان بۆ کێشە هەنووکەییەکانی هاوڵاتیانی کوردستانو بەڵێنەکانی حکومەت ئەنجامداوە.

فەلاح مورادخان، رێکخەری فیدراسیۆنی رێکخراوەکان، وتی: «هەوڵی رێکخراوەکان لە کۆمەڵێک بـواری جیاوازدایە، بەڵام بەدەنگەوەهاتن بۆ هەوڵەکان نەبووە، وەک فیدراسیۆنی رێکخراوەکان کەمپینێکمان بۆ کێشەی کـارەبـاو بۆ سووتەمەنی بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان، چەندین کەمپینیان دژی گەندەڵی کـردووە، بەڵام بەدەنگەوەهاتن نەبووەو کـۆت و بەندو سنوور بۆ رێکخراوەکان دیاریدەکەن».

بـەڕای فـەلاح کاتێک کەمپینێک بۆ بەدواداچوونی بەڵێنەکان دەکرێت، دەبێت ئاراستەی لایەنێکی دیاریکراو بێت کە لە دەسەڵاتدایەولەپرۆگرامی رێکخراوەکانیشدا بـەڵـێـنـدەدرێـت کـە چالاکیی سیاسی نەکرێت، بۆیە ئەمە نەبووەتە کلتووریێکی سەرانسەریی، کە ئەو چالاکیانەش دەکەن بە وتەی فەلاح «زۆرجـار بە رێکخراوی نەخوازراو سەیردەکرێن».

لەلایەکی دیکەوە هۆشمەند مـوراد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجە، وتی: هەموو کارێک پێویستی بە دەستپێشخەریی هەیە، پێدەچێت تائێستا ئـەو هەست بە لێپرسینەوەیە لە رێکخراوەکاندا دروسـت نەبووبێت، کەسێک نەبووە کە بەم ئەرکە هەستێت، «هیچ رێکخراوێک داوای لێنەکردووین کە کەمپینێک پێک بهێنینو بەشوێن بەڵێنەکاندا بچین، هەستی بەرپرسیارێتی لای رێکخراوەکان بۆ ئەم مەبەستە هێشتا لاوازە».

بەریتانیا داوای دەستبەجێ ئازادکردنی سودانی دەکات

«بـەریـتـانـیـا سـەروەریـی عـێـراق پـێـشـێـلـدەکـات»

محەمەد سالح حەمەلاو



بەریتانیا لە نامەیەکی ڕەسمییدا داوای ئازادکردنی وەزیـری بازرگانیی عێراق دەکـات، ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەش نامەکەی بەریتانیا بە «پێشێلکردنی سەروەریی عێراقو یاسا نێودەوڵەتییەکان» دەداتە قەڵەم.

حکومەتی بەریتانیا لە نامەیەکی ڕەسمیدا کە بۆ حکومەتی عێراقی ناردووە، داوادەکات عەبدولفەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی عێراق، ئازادبکات، کە بەتۆمەتی گەندەڵی لەکاتی هەڵاتنیدا بۆ دەرەوەی عێراق لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە دەستگیرکراوە.

پەرلەمانتار ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەستێوەردانی بەریتانیا لە مەسەلەی تۆمەتباربوونی وەزیری بازرگانیدا، «کارێکی نایاساییە»، چونکە عێراق وڵاتێکە خاوەنی سەروەریی خـۆیـەتـیو هـیـچ وڵاتـێـک بـۆی نییە دەستوەربداتە کاروبارەکانی.

هەرچەندە عەبدولفەلاح سودانی، وەزیـری بازرگانیی عـێـراق، هەڵگری پاسپۆرتی بەریتانییە، بـەڵام هاوکات وەزیـرێـکـی عێراقییەو تۆمەتبارە بە بەفیڕۆدانی سـەروەتو سامانی عێراق، هەربۆیە لـەڕووی یاساییەوە پێویستە پابەندبێت بە یاسای عێراقەوەو فەرمانی دەستگیرکردنەکەشی کە بۆی دەرچووە، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی عێراقییەوە بۆی دەرچووە.

لەبەشێکی دیکەی نامەکەدا بەریتانیا تەنیا مۆڵەتی (٢٤) سەعاتی بۆ حکومەتی عێراق داناوە کە وەزیری بازرگانی ئازاد بکات، چالاک وتی: «دەکرێت بەریتانیا داوابکات بەشێوەیەکی مرۆییانە مامەڵە لەگەڵ وەزیری بازرگانیدا بکرێت، یاخود داوابکات کە پارێزەری بۆ بگیرێت، بەڵام بەریتانیا بۆی نییە هەڕەشە بکات، بەڵکو پێویستە داواکەی لە چوارچێوەی حوکمی دادگادا دەرنەچێت». ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە «داواکـەی بەریتانیا شتێکی ناقانوونیو نادەستوورییە».

بـەپـێـی یـەکـێـک لـە بـەنـدەکـانـی ڕێککەوتننامەی نێوان عێراقو ئەمریکا، ئـەوە ڕوونـکـراوەتـەوە، کـە پێویستە سەروەریی یاسای عێراق پارێزراوبێت، ئـەوە لەکاتێکدایە بەریتانیا هەڕەشەی پەلاماردانی سەربازیی دەکـات ئەگەر وەزیری بازرگانی ئازاد نەکرێت.

دوای ئـەوەی عەبدولفەلاح سودانی، وەزیـری بـازرگـانـی، لـەلایـەن لیژنەی نەزاهەوە بەتۆمەتی گەندەڵی تۆمەتبارکراو لە دانیشتنێکی پەرلەماندا لێپێچینەوەی لەگەڵدا کرا، ناوبراودا لە لەکاتی هەوڵدان بۆ دەربـازبـوونـی بۆ دەرەوەی وڵات، توانرا دەستگیربکرێتو ئێستا لە یەکێک لە گرتووخانەکانی شارۆچکەی سەماوە دەستبەسەرە.

دەربـارەی ئـەوەی کە گوایە ئەگەر لەماوەی (٢٤) سەعاتدا وەزیری بازرگانی ئازاد نەکرێت، ئەوا بەریتانیا هەڵدەکوتێتە سەر ئەو شوێنەی وەزیـری بازرگانی تێدا دەستبەسەرەو بە زەبری هێز ئازادی دەکـەن، ئـازاد چـالاک وتـی مەسەلەی بەکارهێنانی هێز شتێکە لە عـورف و عادەتی هیچ وڵاتێکو لە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتیدا نەهاتووە.

ڕوونیشیکردەوە، لە کاتێکدا ئەگەر وەزیری بازرگانی تۆمەتباریش نەبێت، ئەوا دەسەڵاتی دادوەریی عێراق بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، وتیشی: «بەریتانیاو تەنانەت حکومەتی عێراقیش بۆی نییە دەستوەربداتە ئەو مەسەلەیە».

ئاماژەی بەوەشکرد، هەرچەندە لیژنەی نەزاهە گومانی لە ناوەڕۆکی نامەکەی بەریتانیا هەیە، بەڵام تائێستا ئەو نامەیە نەگەیشتووەتە دەست لیژنەی نەزاهە، لە کاتێکیشدا ئەگەر نامەیەکی وا ئاراستەی لیژنەکەیانو ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت، ئەوا ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەموو جۆرێک دژی دەوەستنەوە.

سەرۆکی داواکاری گشتی: تائێستا هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی دادگایی نەکراوە

حکومەتی هەرێم چارەسەری گەندەڵی پێناکرێت

شارا عەبدولرەحمان



دوای چەندین داواکـاری لەسەرێو پێویستی بوونی دەستەیەکی نەزاهە، سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت نەیانتوانی ئەو دەستەیە دروستبکەن، هاوکات هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی نەدراوەتە دادگا، ئەمە لەکاتێکدایە کە بوونی گەندەڵی لەناو دامودەزگا حکومیەکاندا بەئاشکرا بوونی هەیەو بەرپرسانی حکومیش چەندینجار دانیان بەبوونی ئەو راستیەدا ناوە.

دەستەی نەزاهەی لەنێوان بەڵێنو جێبە جێنەکردندا

ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٧ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەوتاری ڕاگەیاندنی کابینەی یەککگرتووی حکومەتی هەرێم بەڵێنیدا بەدامەزراندنی دەستەیەکی تایبەتمەند بۆ بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوە لەگەندەڵی‌و نەبوونی دەستەیەکی لەوجۆرەی بە«دیاردەیەکی نەنگ» وەسفکردو بەڵێنیدا کە کاری جدی بۆ بکرێت، بەڵام تائێستا بەفیعلی هیچ کارێکی بۆنەکراوە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئـەوەی کە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دووجار لیژنە بۆهەمان مەبەست پێکهێنرا، بەڵام ئەنجامی کارەکانیان نەبینرا.

دوای ئەوەی لەمانگی شوباتی ساڵی پار چوار حیزبە کوردستانییەکە (سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، کـۆمـەڵ، یەککگرتوو) پرۆژەیەکیان لەسەر خراپی بـارودۆخ‌و گوزەرانی هاوڵاتیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کـردو داوای پێکهێنانی لیژنەی (نەزاهە) دەستپاکیان کرد، کە کەسانێک بەڕێوەببەرن سەربەخۆو شایستەبن، هـاوکـات بەپێی یاسایەکی تایبەت کە ئەرکو دەسەڵاتو میکانیزمی کارکردن‌و بودجەکەی ڕێکبخات، بەڕێوەببرێت، حکومەتی هەرێم بەڵێنیدا بەدروستکردنی لیژنەی نەزاهە لەکەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ بنبڕکردنی دیـاردەی گەندەڵی، بەڵام تائێستا ئەو لیژنەیە پێکنەهێنراوەو هیچ پرۆژەیاسایەکی هاوشێوەش ڕەوانـەی پەرلەمان نەکراوە.

دەستەی نەزاهەی سەرۆکایەتی هەرێم چی بەسەرهات؟

سـەرۆکـی هـەرێـم چـەنـدجـارێـک لەڕاگەیاندنەکاندا ئـامـاژەی بەهەوڵی دروستکردنی دەستەیەکی دەستپاکی کردووە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، بەڵام تائێستا ئەودەستەیە دیار نییەو وادەی دروستکردنەکەشی دیارینەکراوە.

د.فـوئـاد حسێن سـەرۆکـی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەیەکە سەرۆکایەتی هەرێم بەنیازی دروستکردنی لیژنەیەکی دەستپاکیە، کە مەبەست لێی بەهاناوەهاتنی هاوڵاتییانە لەکاتی بوونی کێشەیەکدا لەگەڵ بەشی کارگێڕیی هەردامودەزگایەکدا کە بێتەڕێیان، بـەڵام تائێستا وادەی دروستکردنی ئەولیژنەیە دیارینەکراوە».

پێشتر بڕیاربوو دەستەی نەزاهە لەهەرێم دروستبکرێتو دەزگایەکی سەربەخۆبێتو خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان بێت، بەڵام د. فوئاد ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو دەستەی دەستپاکییە پێشتر بڕیار لەدروستکردنی درابوو، ئەگەر وەک دەستەی نەزاهەکەی عێراق بێت هیچ پەیوەندییەکی بەدەستەی نەزاهەکەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە نابێت.

لەدانیشتنی یەکەمی دواخولی پەرلەماندا لەمانگی ئـازاری ئەمساڵدا، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کە لەگەڵ سـەرۆکـی هـەرێـم پێکهێنانی دەستەی نەزاهەیان تاووتوێکردووەو بەمزوانە بڕیار لەدروستکردنی دەدرێـت، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێک لەوبارەیەوە نەنراوە، ئەمە جگەلەوەی کە بەبڕوای چاودێران پێناچێت ئەوهەوڵانە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی کاریگەریی ئەوتۆی هەبێت، بەوپێیەی کە پێشتریش چەندین هەوڵی حیزبی‌و حکومیی لەوجۆرە بۆنەهێشتنی گەندەڵی هەبووەو هیچ دەرئەنجامێکیان نەبووە.

کردنەوەی نووسینگەی دەستەی نەزاهەی عێراق لەهەرێم

لەپرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەی عێراقیدا، کە لەلایەن لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراقـەوە لەقۆناغی گفتوگۆکردندایەو هێشتا پەسەندنەکراوە، یەکێک لەبڕگەکانی ئاماژە بەکردنەوەی نووسینگەی دەستەی نەزاهە دەکـات بۆسەرجەم شارەکانی عێراق بەهەرێمەکانیشەوە.

ئازاد چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە جگەلەوەی کە لەبڕگەیەکی پـرۆژەیـاسـاکـەدا بـاس لـەکـردنـەوەی نووسینگەی دەستەی نـەزاهـە دەکـات لەهەرێمی کوردستان، رایەکی دیکە هەیە کە هەرێمی کوردستان خۆی دەستەی نەزاهەی هەبێتو بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی نەزاهەی عێراقدا کاربکاتو وتیشی: «من پێم باشە دەستەی نەزاهەی عێراق نووسینگەی لەهەرێم هەبێتو چاودێریی دیـاردەی گەندەڵی بکات، چونکە ئەگەر دەستەی نەزاهەی خۆمان هەبێت لەکوردستان ڕەنگە دەستێوەردانی تێدابکرێتو حیزبەکان خەڵکی خۆیانی تێبکەن، بەڵام ئەگەر ئەو دەستەیە لەخەڵکی شارەزاو بێلایەن پێکبێت، ئەوا کارێکی زۆر شارستانییەو پێدەچێت لەکورتترین مـاوەدا دیـاردەی گەندەڵی بنبڕبکات».

هێنانی کۆمپانیای بیانی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی

لەچاوپێکەوتنی هەفتەی ڕابردوویدا لـەگـەڵ ڕۆژنـامـەی شەرقولئەوسەت، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: حکومەتەکەی هەنگاوی پراکتیکی ناوە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیداو گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی پـەیـوەنـدیـداردا مـۆرکـراوەو مـاوەی چەندمانگێکە ئەو کۆمپانیایە لەهەرێمدا کاردەکات‌و دیراسەی بارودۆخی کوردستان دەکات، تادەگاتە ستراتیژێک بۆچارەسەری بارودۆخەکە.

بـەڵام بـەبـڕوای نیعمەت عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هێنانی کۆمپانیای بیانی چارەسەری بوونی گەندەڵی ناکات‌و بەڕۆژنامەی وت: «هێنانی کۆمپانیای بیانی جگەلەوەی کە بودجەیەکی زۆری هەرێمی تـێـدا خەرجدەکرێت، چارەسەری بنەڕەتیش نابێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، هاوکات ئەو کۆمپانیایانە بەئاسانی دەتوانن نهێنییەکانی کوردستان ببەن بۆ وڵاتانی دەرەوە لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەوکارە هەستێتو گەندەڵی بنبڕبکات».

گەندەڵکاران دادگایی ناکرێن

تائێستا لەکوردستان نەبینراوەو نەبیستراوە کە هیچ بەرپرسێک بەتۆمەتی گەندەڵی دادگایی بکرێتو ئەوئیجرائاتانەش کـە لـەمـاوەی ڕابـردودا کـراوە هەرلەوەرگرتنەوەی پۆست لەبەرپرسان‌و جێگۆڕکێ بەشوێنەکانیان لەمیدیا حیزبییەکانەوە وانیشاندراوە، کە تەنیا بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانە، نەک بوونی گەندەڵی ئیداریی لەودەزگایەدا.

سازگار عەلی ناجی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم تەئکیدی کردەوە، کە تائێستا لەکوردستان هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵکاری نەدراوە بەدادگا، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی بەڵگەی پێویست گەڕاندەوە، وتیشی: «فەرمانگە هـەبـووە لەکاتی دەرکەوتنی گەندەڵی تیایدا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ کراوە، بەڵام وەک مەسەلەی شەخسی بەرپرسی هیچ دامودەزگایەکی حکومیی‌و حیزبی بەتۆمەتی گەندەڵکاری دادگایی نەکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە بەڵگەی پێویستمان لەبەردەستدا نەبووە بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانە».

ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە نزیکەی هەشت مانگە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکیان لەسەر خراپیی چەند پرۆژەیەکی ڕێگاوبان‌و کەمیی ئاوی خواردنەوەو گرانیی بازاڕو چەند کێشەیەکی دیکە بەبەڵگەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، تالەوێوە ئاراستەی حکومەت بکرێت، بەڵام تائێستا ئەندامانی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان هیچ وەڵامێکیان بەدەست نەگەیشتووەتەوە.

محەمەد ڕەفعەت سەرۆکی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نزیکەی (١٠) ڕۆژە چەند پرسیارێکمان لەسەر کێشەکانی شاری سلێمانی ئاراستەی وەزیرە پەیوەندیدارەکان کـردووەو (١٥) ڕۆژمـان داونەتێ بۆ وەڵامدانەوە، ئەگەر وەڵامەکانمان بەدڵ نەبوو، ئەوا داوا لەو وەزیرانە دەکەین بێنە پەرلەمان‌و لەوێ پرسیارەکانیان ئاراستە بکەین، ئەگەر دووبارە وەڵامەکانیانمان بەدڵ نەبوو ئەوا داوای لێسەندنەوەی متمانەیان لێدەکەین.

سەرۆکی نووسینگەی سلێمانی لە پەرلەمان ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە یەکێک لەو پرسیارانەی کە هەیانبووە لەسەر ڕێگای تاسلوجە-سلێمانی بووە کە نزیکەی (٢١) ملیۆن دۆلاری تێدا بەهەدەر ڕۆیشتووەو چەندین کەس بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە، هاوکات سێ سالێش لەوادەی دیاریکراوی خۆی درەنگتر تەواوبووە، وتیشی: «بۆئەو مەبەستە پرسیارمان ئاراستەی (عیماد ئەحمەد) وەزیری ئەوکاتەی ئاوەدانکردنەوە کردووە، بۆئەوەی بزانین بۆچی ئەو هەموو گەندەڵییە لەوپرۆژەیەدا کراوەو ئەوهەموو پارەیە بەهەدەر ڕۆیشتووە، ئەگەر وەڵامی باوەڕپێهێنەری پێنەبوو داواداکەین بێتە پەرلەمانەوە».

چاودێری دارایی چارەسەری کێشەکان ناکات

لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان دوو دیوانی چاودێری دارایی هەیە، بەڵام وەک پێویست نەیانتوانیوە جێگەی دەستەی نەزاهە بگرنەوە، بەوهۆیەشەوە بەبڕوای محەمەد ڕەفعەت پێویستە لیژنەی نەزاهە لەپەرلەماندا بوونی هەبێتو داواشیانکردووە، بەڵام گوێیان لێنەگیراوە، وتیشی: «چاودێری دارایی هەوڵێر لەژێر دەسەڵاتی پارتیدایەو چاودێری دارایی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە بەوهۆیەشەوە ئەو دوو دیوانی چـاودێـری دارایـیـە ناتوانن چـاودێـری پـارەو پولی حکومەت بکەن، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانـم لەخولی داهاتووی پەرلەماندا لیژنەی نەزاهە هەم لەپەرلەمان‌و هەم لەحکومەتدا هەبێتو لەسەرەتای ئەم خولەی پەرلەمانیشدا چ وەک خۆم، چ وەک لیستی سەوز داوامانکرد کە لیژنەی نەزاهە لەپەرلەماندا دروستبکرێت بۆ چاودێریکردنی حکومەت لەڕووی دارایی‌و ئیداریەوە، بەڵام گوێمان لێنەگیراو کار بەداواکەمان نەکرا».

حیزب پرۆژە حکومیەکان بەخەڵک دەفرۆشێتەوە

نیان مەجید

لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئەنجامدانی پـرۆژە حکومیەکان‌و بەڵێندان بەخەڵک بۆ خۆیان دەقـۆزنـەوە بەوئامانجەی وا لەهاوڵاتیان بگەیەنن، کـە ئـەوان خـاوەنـی ئەو پرۆژانەن ئەوە لەکاتێکدایە چەندین ساڵە زۆرێک لەناوچەکانی کـوردسـتـان بـەدەسـت کەمیی پرۆژەخزمەتگوزاریەکانی دەڤەرەکانیانەوە.

لەژمارە (٤٨٨٤)ی کوردستانی نـوێـی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ داو لـەلاپـەڕەکـانـی (١، ٢، ٤، ٥)دا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی بڵاوکراوەتەوە لەناوچەکانی زاخۆو قۆرەتوو هەروەها باس لەکردنەوەی بەشێکی کۆلیژی یاسای ئێواران‌و چەندین پرۆژەی دیکە دەکات.

هـەروەهـا بـاسـی لـەپـرۆژە تەواوکاریەکانی حکومەتی هەرێم کـردووە بەدابینکردنی بڕی (٨) ملیارو (٧٧٤) ملیۆن دینار بۆ پارێزگای دهۆکو دابینکردنی بڕی (٨) ملیار دینار بۆ (١٠) خوێندنگای قـەزای سـۆران، لـەپـارێـزگـای سلیمانیش (٧١) ملیارو (٢٢٩) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ فراوانکردن‌و چـاکـکـردنـی شـەقـامـەکـان‌و قیرتاوکردنیان.

بەپێی هەواڵەکانی کوردستانی نوێ ئەم هەڵمەتی قیرتاوکردنە بۆ شـاری سلێمانی، کە شارەوانیی سلێمانی جێبەجێی دەکات تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێت.

لەبابەتێکی دیـکـەدا ئاماژە بەهەڵمەتی کارەکانی یەکێتی بـۆ پـێـشـمـەرگـە دێـرێـنـەکـان کـراوە، کە کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەسەر لیستی ناوی (١٧٧) کەمئەندامیان بەنووسراوی ڕەسمیی ئاراستەی بـەڕێـوەبـەڕێـتـی کەمئەندامی سـەنـگـەسـەر کـــردووە، پلەی سەربازیش بـۆ هەریەکێکیان دابنرێت‌و دواتریش مووچەیان بۆ دابیندەکرێت.

هەر لەچوارچێوەی هەڵمەتە حیزبییەکاندا لەڕێگەی حکومەتەوە عەدنان محەمەد قـادر، وەزیـری کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم لەیادی (٣٤) ساڵەی یەکێتیدا ژمارەیەکی زۆر نەمام لەمۆنۆمێنتی دەشتی کۆیە بـەبـەشـداری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان‌و کۆمیتەکانیان ڕووێنراون.

بەپێی ڕووماڵەکەی کوردستانی نـوێ ڕاپـەڕیـنـیـش پـــرۆژەی خزمەتگوزاریی دەیگرێتەوە، کە بەبڕی (١١) ملیار دینار ژمارەیەک پـــرۆژە لـەم گـــەڕەکـەی شـاری سلیمانیدا لەسەرەتای ئەم مانگەوە دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت، کە بریتین لەپرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆو قیرتاوکردنی جادەکان‌و دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان، لەگەڵ بەڵێنی جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی دیکە لەپیرەمەگروون.

هاوکات بڕیاری دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێلەیی لەناحیەی بازیان‌و دروستکردنی نـەخـۆشـخـانـەی دیـکـەی (٥٠) قەرەوێلەیی لەناحیەکانی تەکیەو پیرەمەگروون لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بەخەڵک دراون، بودجەی ئەمانە لەسەر بودجەی ساڵی داهاتووی هەرێم دەبێت.

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

سەبارەت بەبابەتێک‌و هەواڵێک کە لەلاپەڕە (١)ی ڕۆژنامەکەتان لەژمارە (٤٧٩) لەڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٣١)دا بڵاوکراوەتەوە پەیوەندیدارە بەسەردانی بەڕێز عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناحیەی پیرەمەگروون، بەپێویستمانزانی ئەو ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە.

١. سەردانەکەی بەڕێزیان لەچوارچێوەی ئەو سەردانانەدا دێت، کە لەدوای دەستبەکاربوونیان لەپۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ناوچە جیاجیاکان ئەنجامی دەدات، بۆ لەنزیکەوە ئاگادار‌بوونی کێشەو کەموکۆڕی‌و داوای هاوڵاتیان.

٢. سەبارەت بەدەنگۆی هوتافکێشانی هاوڵاتیان‌و ناڕەزایی ماموستایانی ئایینی. بەهۆی نەبوونی هۆڵی گەورە بۆ کۆبوونەوەی جەماوەریی‌و ماموستایانی ئایینی دوای کۆبوونەوەی بەڕێزیان لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەکان بەباش زانرا، کە لەتەزیەخانەی مزگەوتی حاجی عومەر حمە عەلی ئەنجام بدرێت، کە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان ئامادەبوون، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت دوای بەخێرهاتن وتاری خوێندەوە، بەڵام نەتوانرا گوێ لەداواکارییەکانیان بگیرێت، چونکە هۆڵەکە زۆر گەرمبوو جەماوەرەکەش هەر داوای ئاویان دەکرد کە گرفتێکی گەورەی پیرەمەگروونەو بەباش زانرا کە لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە سەرجەم داواکارییەکانیان کۆبکرێتەوەو بگەیەنرێتە نووسینگەی بەڕێزیان، ئەو کۆبوونەوەیە بەبێ گرفت کۆتایهات.

لەگەڵ ڕێزدا

سەلام عومەر ئیبراهیم

بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون

٢٠٠٩/٥/٣١



ئەوانە کێن لە یەکێتی دەردەکرێن؟

سەیفەدین مەنمی

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە چەندین بااڵی جیاوازو بیروبۆچوونی جیـاوازی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکان هەرگیز نەبوونەتە کۆسپو گرفت لەبەردەم کاروانی خەباتو بەرەوپێشبردنی هـەنـگـاوەکـانـی شـۆڕش دژی داگـیـرکـەران، لـەبـەرئـەوەی بەرژەوەندییە گشتیو نیشتمانیو نـەتـەوەیـیـەکـانـیـان بـە خۆێتی خـۆیـان دەپـاراسـت، هەڵوێستە جیاوازەکان لەسەر مەسەلە گرنگو چارەنووسسازەکانی ئەو سەردەمە یەکگرتووبوون، ئەوانەش کە ئەم کاروانە پیرۆزەیان گەیاندە مەنزڵو چۆکیان بە دوژمـنـی گـەل داداو بەرهەمی شۆڕشیان هێنایەدی، راپەڕینو کۆڕەویان دروستکردو بە هاوکاریی جەماوەری ستەمدیدە ئاسۆیەکی روونـاکیو ئازادیان بەم کوردستانە بەخشی، بریتی بوون لە هەموو باڵو هەموو بیروبۆچوونە جـیـاوازەکـان، بریتی بـوون لە مەڵبەندەکان، تیپەکان، کەرتەکان، مـەفـرەزەکـان، رێکخستنەکان، کـە هەمووشیان پێکهاتەی ئەو بیروبۆچوونە جـیـاوازە بـوون، لەگەڵ ئەوەشدا کەسیش بە کەسدا هەڵنەدەشاخاو کەسیش کەسی دیکـەی بـە خیانەتکار، تاوانبار نەدەکرد، رۆژێک لە رۆژان خۆیان بە دوژمنو رکابەری یەکتر نەدەزانی وەکو ئەوەی کە ئێستا لەناو هەمان یەکێتی نیشتمانیدا روودەدات، کە دەبوایە ئەو ئەزموونەی ئەو سـەردەمـەی شـاخ بـەو هەموو تەباییو خۆشەویستییەوە، زیاتر لە شۆڕشی شارستانیو بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریدا رەنگی بدایەتەوە، باشە ئەوانەی کە ئێستا بیروڕایان لە مەسەلەی بەڕێوەبردنو دەسەاڵتی پەرلەمانیو دادوەریـیـو حکومەتدا جیاوازە، دەیانەوێت سیستمی خزمەتگوزاریی بەشێوەیەکی شـەفـافـو بێگەرد بەڕێوەببێت، دوور لە هەر گەندەڵیو دەستێوەردانێکی حیزبیو شەخسی لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، هەمان هەڤاڵەکانی سەردەمی شاخو رۆژە سەختو دژوارەکانی شۆڕش نین؟

ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی باڵی چاکسازیی ئێستای ناو یەکێتی، هەر هەمان ئەو هەڤاڵانە نین کە سەرپەرشتیی راپـەڕیـنو چالاکییە سەربازییو سیاسییەکانیان دەکـرد، دەبوونە وەفدی وتووێژکارو خاوەن متمانەی سەرکردایەتیی کورد لەسەر مەسەلە هەستیارو چارەنوسسازەکان؟ ئـەی هـەر ئـەوان نـەبـوون کـە لە دانووسانەکاندا تا سەر ئێسقان داکۆکییان لە مافە خوراوەکانی ئەم گەلە دەکـرد؟ ئەی باشە ئەو پێشمەرگەو فەرماندە سەربازییانەی کە رۆژانێک سنگی خۆیان کردبووە قەڵغانی پاراستنی ئەم خاکەو بە خوێنی خۆیان پـارێـزگـاریـان لە هەموو بستە خاکێکو هەموو گوندو شارێکو هەموو پیرو الوێکی ئەم کوردستانە دەکرد، شەو تا بەیانی لە سەنگەرە سـاردو بەفرینەکاندا چەکەکانیان بە سنگەوە گرتبوو، ئێستا راوەدنـرێـنو دەردەکـرێـنو تۆمەتی خیانەتی نیشتمانیان دەخەنە پاڵو بە مێرووڵەی دەوری قوللەی قافیان دەزانن، بە ئاژاوەچێو دەست لەپشتی ئەملاولایان ناودەبەن، ئەمانە هەمان هاوڕێو هاوسەنگەرەکانی رۆژانی غەدرو ستەمی رژێم نین؟ ئەوانەی کە ئێستا بە ناحەزو تێکدەرو چەواشەکار ناودەبـرێـن، هەمان ئەو قارەمانانە نەبوون کە شەوانە بروسکەئاسا بە لولەی چەکەکانیان شاری خامۆشیان دەکردە چراخانی گوللەی گـڕدارو کونە مشکیان لە دوژمنانی بەعس دەکردە قەیسەری؟ ئەی ئەمانە هەمان ئەو هەڤاڵانە نـەبـوون کە بەهۆی دڵسۆزیو شۆڕشگێرییانەوە، کەسوکاریان لەالیەن یاساوڵەکانی بەعسەوە دەگـیـرانـو ڕاپێچی زیندانەکان دەکـران، هـەزاران سوکایەتیان پێدەکراو خانووەکانیان بە شوفڵ وێران دەکران؟ ئەی ئێستا خێرە شار بەدەریان دەکەنو لە پلەوپایەکانیان دەریاندەکەنو بە دوژمنی یەکێتی نیشتمانیو پـەیـڕەوی ناوخۆیان لەقەڵەمدەدەن؟ ئەو پەیڕەوەی کە سااڵنێکە تۆزی لەسەر نیشتووەو حساب بۆ بەندێکی ناکرێت، بەاڵم ئێستا بـەدوای خـاڵو بەندێکیدا دەگەڕێن کە ئەوانەیان پێ دەربکەنو لە قاڵبیان بدەن، بە هۆکاری کەرتبوونی ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیان دەزانن، تەنیا لەبەرئەوەی دان بە راستییەکاندا دەنـێـنـو پەنجەی حەقیقەت بۆ گەندەڵییەکان درێـژدەکـەنـو بەم دەسەاڵتە پاوانخوازە رازی نین. ئەی باشە کە بیروڕای ئـازاد کپ بکرێتو رای جـیـاواز کەلەبچە بکرێت، دیموکراسیەتەکەی یەکێتی لە کوێدایە؟

ئەی چەپکە گوڵە رەنگاوڕەنگو فرە بۆچوونەکان چیان بەسەردێتو دەکرێن بە کلۆڕەی کام ئاشدا؟ ئەی کە کار گەیشتە ئەم ئاستە سبەینێ چۆن وەاڵمی ئەو پرسیارە دەدەنەوە کە ئایا یەکێتی نیشتمانی ئەندامی ئینتەرناسیۆنالو سکرتێرەکەی، جێگری سەرۆکەکەی نییە؟ ئەی کەوایە ئەم هەڤاڵانە بۆچی لە رەگەوە لەناو یەکێتیدا هەڵدەکەنن؟ تۆ بڵێی ئەمانە خەڵکی ئیسرائیل بووبن لە پرێکدا بە ساروخەکەی فەنتەڵۆس هاتبنە کـوردسـتـانـو بـە یەکێتی نامۆبن؟

داشـــە هـــارەکـــان

بڕوا نەجم

(داشـــە هـــارە) لـە گـەمـەی (دامە)دا بەو داشە دەڵێن کە بەتەنیا دەمێنێتەوەو هەموو داشەکانی دەوروبەری خوراون، ئیتر هەموو ڕێساو یاساکانی گەمەکە تێکدەداو بـە هـەر چـــوارالدا دەتـوانـێـت داشەکانی بەرامبەری بخوات.

لە ئێستادا دەبێت بڵێم کە هەندێک نووسەرو ڕۆژنامەنووسو کەسانی بەرپرس لەناو (ی.ن.ک)دا پەیدابوون، وەکو ئەو (داشە هارەیە) بە هـەر چـــوارالدا پەلەدەکوتنو خەریکی نانبڕینو دەرپەڕاندنو نـاوونـاتـۆرە دروستکردنن بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ویستو ئامانجی ئەوانەدا یەکناگرنەوە.. ئەمانە دوور لە گیانی ئازادیو ڕێزگرتنی بەرامبەر، شەرم لە هیچ ناکەنو دەیانەوێت دەیـان کەس بکەنە قوربانیی بۆ بەرژەوەندییەکان خۆیان.

گـەمـەی داشـــە هـارەکـانـی نـاو (ی.ن.ک)، ئێستا بووەتە جێگای مەترسیی.. مەترسییەکە لەوەدانییە کە ئەمجۆرە مرۆڤانە بەبێ هیچ پرسێکی ئەخالقیی، کار بۆ ستەمکاریو سوکایەتیکردن بە چارەنووسی سـەدان کادیرو ئەندام دەکـەن، کە پرسی دژیو ناددپەڕووڕییان پێ قبوڵناکرێت، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە بە بەرچاوی هـەردوو جێگرەکەی تاڵەبانیو خودی جەاڵل تاڵەبانییەوە ئـەوانـەی لە شـاخو لە ڕۆژگـارە هەستیارەکاندا بەناوی جیاوازی بـیـروڕاوە نەیانتوانی یەکێتی دووڵـەتو الوازبـکـەن.. ئێستا بە بەرچاوی ئەو سێ جوامێرەوە ئەو کەسانە کەوتوونەتە الوازکردنو دووڵـەتـکـردنـی یەکێتی لەڕێی سوکایەتیو نانبڕینی ئەو کەسانەی کە بەشێکی زۆری تەمەنیان بەخشی بـە (ی.ن.ک)و خـۆیـانـو مـاڵو منداڵیان ڕەنجێکی بێشوماریان دا بۆ ئایندەی (ی.ن.ک).. بەاڵم چۆن ئایندەیەک؟؟ ئالێرەوە مەترسییە ڕاستەقینەکە سـەرهـەڵـدەداتو گەمەی داشە هارەکانی ناو (ی.ن.ک) بووەتە گەمەیەکی تۆقێنەرو ئەگەر بەری پێنەگیرێت، ئەوا جۆری ئەم ستەمکارییە لە گیانی کادیرەکانی ناو (ی.ن.ک) دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی کۆمەاڵنی خەڵک، خەڵک دەکەونە ژێرچەپۆکەی ئەو کەسانەی کە نایانەوێت وا زوو دەستبەرداری پۆستو نەسرییەکانیان ببن..

نـانـبـڕیـن هـۆکـارێـکـە بۆ سـەرهـەڵـدانـی جـۆرێـک لە تووندوتیژییو کەس ناتوانێت بەر بە گیانی برسیبوونو نەبوونی بگرێت، بێگومان هەمیشە هەق لای ئەوانە بووە کە غەدرو ستەمکاریی، ئێسکو خوێنیان دەهاڕێت، هیچ دادگاو یاسایەک ناتوانێت نکۆڵی لەوەبکات کە بەدەستخستنەوەی هـەق مـافـی هـەمـوو تاکێکی غەدرلێکراوە.

با ئەو بەڕپرسانەی کە مووچەو نانی دەمی منداڵەکانی ئەو کادیرانە دووڵـەتـکـردنـی یەکێتی لەڕێی سوکایەتیو نانبڕینی ئەو کەسانەی کە بەشێکی زۆری تەمەنیان بەخشی بـە (ی.ن.ک)و خـۆیـانـو مـاڵو منداڵیان ڕەنجێکی بێشوماریان دا بۆ ئایندەی (ی.ن.ک).. بەاڵم چۆن ئایندەیەک؟؟ ئالێرەوە مەترسییە ڕاستەقینەکە سـەرهـەڵـدەداتو گەمەی داشە هارەکانی ناو (ی.ن.ک) بووەتە گەمەیەکی تۆقێنەرو ئەگەر بەری پێنەگیرێت، ئەوا جۆری ئەم ستەمکارییە لە گیانی کادیرەکانی ناو (ی.ن.ک) دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی کۆمەاڵنی خەڵک، خەڵک دەکەونە ژێرچەپۆکەی ئەو کەسانەی کە نایانەوێت وا زوو دەستبەرداری پۆستو نەسرییەکانیان ببن..

نـانـبـڕیـن هـۆکـارێـکـە بۆ سـەرهـەڵـدانـی جـۆرێـک لە تووندوتیژییو کەس ناتوانێت بەر بە گیانی برسیبوونو نەبوونی بگرێت، بێگومان هەمیشە هەق لای ئەوانە بووە کە غەدرو ستەمکاریی، ئێسکو خوێنیان دەهاڕێت، هیچ دادگاو یاسایەک ناتوانێت نکۆڵی لەوەبکات کە بەدەستخستنەوەی هـەق مـافـی هـەمـوو تاکێکی غەدرلێکراوە.

با ئەو بەڕپرسانەی کە مووچەو نانی دەمی منداڵەکانی ئەو کادیرانە دوور لە هەموو پێوەرێکی ئەخالقیی دەبڕن، با بۆ یەک ڕۆژ خۆیان بخەنە شوێنی ژیانو گوزەرانی ئەوانو بۆ یەک ڕۆژ نەبوونیی بچێژن، ئەوسا تێدەگەن کە هەقخواردن دەبێت چەند گرانبێت..

ئافەرین بۆ ئـەو کەسانەی سـەری زمـانـو بنی زمانیان پرسی ئازادیو دادپەروەرییە، کەچی شەرم لە هیچ بنەمایەکی برسیبوون ناکەنو تۆاڵەی ڕۆژانی شاخ لە کادیرە ماندووەکانی ناو (ی.ن.ک) دەکەنەوە. من لێرەوە داواکـــارم لـەو کـادیـرانـەی کە نانبڕاو دەکرێنو کراون، با (جەاڵل تاڵەبانی) وەکو پارێزەری خۆیان بە شایەت بگرنو بانگی بکەنە دادگا تا بەرگریان لێبکات.. چونکە لەو کادیرە ڕەشووڕووتانە یان پشتی زەبەاڵحەکانی دەوروبەری دەگرێت؟ کەس نا، با تەنیا تاڵەبانی خـۆی بچێتە دادگـاو بکەوێتە بەرگریکردن لەو غەدرلێکراوانەی کە داشە هارەکانی ناو (ی.ن.ک) لەم کاتانەدا جەژنی هەڵبژاردنیان لێدەکەن بە شـیـن... چونکە لە ئایندەدا تاڵەبانی بەرپرسی یەکەمە لەو غەدرانەی کە ڕووبەڕووی ئەو کادیرە نەبووانە دەبێتەوە..

گیانی ستەمکاریی هەمیشە تەمەنی کورتەو ناگاتە ئەوکاتەی بتوانێت وا لەسەرخۆ درێـژە بە تەمەنی بدات.. داشە هارەکانیش لەئێستادا جگە لە یارییەکی دۆڕاو، ناتوانن سەرئەنجام دوا یاریی ببەنەوە..

با ئەو بەڕپرسانەی کە مووچەو نانی دەمی منداڵەکانی ئەو کادیرانە دوور لە هەموو پێوەرێکی ئەخالقیی دەبڕن، با بۆ یەک ڕۆژ خۆیان بخەنە شوێنی ژیانو گوزەرانی ئەوانو بۆ یەک ڕۆژ نەبوونیی بچێژن، ئەوسا تێدەگەن کە هەقخواردن دەبێت چەند گرانبێت

کێبڕکێی سەرۆکایەتیی هەرێمو ئەمریکا

حاجی ئەنوەر / سویسرا



هـەڵـبـژاردنـی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی جیهان دەژمێرێت، هەر چوار سـاڵ جـارێـک کۆمەاڵگای مرۆڤایەتی بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی دەکەن، لەگەڵ خۆیدا زۆربەی هەرەزۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش سەرقاڵ دەکات و ڕۆژانەش لێرەو لەوێ ڕاپرسیی لەسەر دەکرێت.

ئەمجۆرە هەڵبژاردنە بەرەو ئەوە دەچێت زۆربەی هـەرەزۆری وااڵتانی دنیا بگرێتەوە، چاودێرانیش بە چاوی ڕەزامەندییەوە دەیبینن.

لە هەڵبژاردنی ئەمریکادا، کاندیدەکان لە چەند چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوودا، لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنو جەماوەردا، پرۆژەو بەرنامەکانی خۆیان شیدەکەنەوە، بەم کارەیان ئاسانکاریی بۆ جەماوەر دەکەن تا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی کاندیدی خوازیاری خۆیان بدەن.

ئـەوەی پەیوەستە بە کوردستانەوە، ئەو پرۆپاگەندەیەی کە ڕۆژانە چەندپات دەکرێتەوە لە بەرقەرارببوونی دیموکراسیەتو پاکێتیو ڕوونـکـاری (شەفافیەت)و ئـاوەدانـیـو مافی مرۆڤ... ئا لێرەدا هەڵێکی دیکە دێتە بەردەم ئەزموونی کوردستانو کاندەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم، ئەویش نیشاندانی ڕوویەکی جوانی کۆمەاڵگای کوردییە کە سوود لە هەر ئەزموونێکی دیموکراسیی وااڵتـان وەردەگـرێـت، بەمەش نامەیەکی جوان ئاراستەی وااڵتانی جێبەجێکەری دیموکراسیەت دەکـات، کە سەرئەنجام بە قازانجی نەتەوەی کورد دەشکێتەوە. لەاڵیەکی دیکەوە دەبێتە کلتووڕێک کە لە داهاتووی نزیکو دووردا، کەسانێک خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرۆکایەتیی، هیچ توانایەک جگە لە بەهرەی خۆیان، نەبێتە هۆی هەڵبژاردنی.

کاندیدەکان:
١- مەسعود بارزانی
٢- هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد
٣- د.کەمال میراودەلی
٤- حسێن گەرمیانی
٥- سەفین شێخ ئەحمەد

کاندیدەکان جگە لە مەسعود بارزانی کە سەرۆکی پارتیو لە هەمانکاتدا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لەئێستادا، ئەوانی دیکە ناسراونین لەئاستی سەرتاسەریدا.

بارزانی بەهۆی پێگەی کۆمەاڵیەتییەوە، خـاوەنـی پانتاییەکی بـەرفـراوانـی مادیی مەعنەوییەوە، کە ڕێگریی دروستەکات لەبەردەم کاندیدەکانی دیکەدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی پێویست، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا نابەرابەرییەکی گەورەیە.

ژمـارەیـەکـی زۆر لـە بـەکـرێـگـیـراوانـو سەرۆک خێڵەکان، کە پێشتر الیەنگری ڕژێمی بەعس بوونو ئێستا ئەندامی پارتیو یەکێتین، بۆ دیـزەبـەدەرخـونـەکـردنـی تاوانەکانیان، بەرژەوەندیان لەمانەوەی پارتیو یەکێتیدایە لـەسـەر هـەرەمـی دەســـەاڵت. پەیوەندییە خوێنینەکان، سەرباری ئەمانە بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە نەخوێندەوار، کە توانای خوێندنەوەو شیکردنەوەیەکی دیاریکراویان هەیە لەسەر پـرۆژەکـان، بەهۆی کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو لیستەی کە زۆرترین بانگەوازی بۆ دەکرێت.

لەسەرووی ئەمانەشەوە بارزانی خاوەنی دەسەاڵتی سیاسییە، کە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ.

ڕووبەڕووبوونەوەی کاندیدەکان لە چەند الیەنی جیاجیاوە، بە بەرژەوەندیی دیموکراسیەت دەشکێتەوە، لەاڵیەک تێگەیشتنی زیاتری جەماوەر لە پرۆژەی کاندیدکراوەکانو لەاڵیەکی دیکەوە دەرکەوتنو ئاشکراکردنی کەسایەتیی کەسە کاندیدکراوەکەیە.

هیوادارم ئەم گۆڕانکارییەی کە بەڕێوەیە، بتوانێت لەگەڵ خۆیدا کەسی شایستە بۆ شوێنی شایستەش بهێنێت.

Hajianwar54@yahoo.de

سوپای تورکیا بەدوای بەڵێنەکانی ئەمریکادا دەگەڕێت

ئارام شێخ وەسانی



لەنێوان تورکیاو عێراقو ئەمریکادا چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆر ئەنجامدراون، چەندینجار بەڵێنی چارەسەرکردنو لەناوبردنو دەرکردنی گەریلاکانی پەکەکە بە تورکیا دراوە، بەڵام تائێستا تورکیا لە چاوەڕوانیی ئەو بەڵێنانەدایە، ئەگەرچی ئەو بەڵێنانە تائێستا هیچ گۆڕانکارییەکیان دروست نەکردووە.

تائێستا نە حکومەتی عێراقو نە ئەمریکا هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەڵێنانەی کە بە تورکەکانیان داوە.

وەک دەزانرێت بەردەوام دیدارو کۆبوونەوەو سەردان هەبووە لەنێوان بەرپرسە جیاجیاکانی تورکیاو عێراقو ئەمریکادا، لە هەموو ئەو گفتوگۆو دانیشتنانەدا بابەتی چەکدارانی پەکەکەو چۆنێتی وەدەرنانیان لە خاکی عێراق، بەشێک بوون لە گفتوگۆکان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە تائێستا هیچ پرۆسەیەکی کرداریی رووینەداوە لە ئەنجامی ئەو بەڵێنانەی سەرکردە عێراقییەکانو ئەمریکا بۆ لەناوبردنو دەرکردنی پەکەکە لە قەندیل.

دوا لێدوانی عێراق سەبارەت بە کێشەی پەکەکە، بریتیبوو لە لێدوانێکی هەفتەی رابردوو لە کەربەلا، مالیکی سەبارەت بە پەکەکە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: ئێمە پەیوەندییەکی بەهێزمان هەیە لەگەڵ تورکیا، تورکیا بەشێوەی جۆراوجۆر هاوکاریی عێراقی کردووە بۆ شەڕی دژەتیرۆر، چەکدارانی پەکەکە لە چەند ناوچەیەکی سەختو شاخاویدان بۆ بەگژاچوونەوەو بەرەنگاربوونەوەیان، «ریگاچارەی گونجاو» دەگرینەبەر، هەروەها ئێمە پابەندین بە بەڵێنەکانمان لەگەڵ تورکیا.

سەبارەت بە پێداچوونەوە بە بەڵێنەکان لە هەفتەی رابردوودا لە پەراوێزی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، هەریەک لە هۆشیار زێباریو ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیرانی دەرەوەی عێراقو تورکیا کۆبوونەوە بە زێباری لە کۆبوونەوەکەدا هەرجۆرە دەستوەردانێکی لە کاروباری عێراق ڕەتکردەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت تورکیا چاوەڕێی بەڵێنەکانە سەبارەت بە پەکەکە.

سەرۆکی سوپا دەچێتە ئەمریکا

پاش چەندین دانیشتنی نێوان ئەمریکاو تورکیا، بڕیارە هەفتەی داهاتوو ئیکەر باشبیوک، سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا، سەردانی ئەمریکا بکات، ئەم سەردانەی باشبیوک لەکاتێکدایە کە سەرۆک وەزیران داوای چارەسەری ئاشتیانە دەکات بۆ کێشەی کوردو داوای کردووە کە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی لە ژمارەی پێنجەشەممەدا بڵاویکردووەتەوە کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا بۆ قسەکردن سەبارەت بە کێشەی پەکەکە، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا سەردانی ئەمریکا دەکات، ڕۆژنامەکە باس لەوەدەکات، ئەم سەردانەی باشبیوک تەنیا بۆ قسەکردنە لەسەر چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی پەکەکە.

سەردانی سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا بۆ ئەمریکا، لەئێستادا گرنگیی زۆری هەیە، هەروەها چەندین شرۆڤەی جۆراوجۆریش هەڵدەگرێت، یەکێک لەوانە بریتییە لە مەیلی ئاشتیانەی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لێرەدا ئەوە پێویستە بزانرێت ئایا سوپا چ پلانێکی جیاوازی هەیە دوور لە سیاسەتەکانی ئەردۆغانو گوێل؟ ئایا ئەو سەردانەی باشبیوک لەناو ئەجێندا‌کەی ئەردۆغاندایە یاخود شتێکی تازەیە، بەپێی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی حوریەت، سەرۆکی سوپا لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکەی کۆدەبێتەوە، لێرەدا ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە باشبیوک بەدوای ئەو بەڵێنانەدا دەگەڕێت کە لە چەندین دانیشتنی رابردوودا ئەمریکا بە تورکیای داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی پەکەکە.

سوپا لە ئامادەباشیدایە

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکە پەکەکە ئاگربەستی تاکلایەنەی راگەیاندووە، بەڵام سوپای تورکیا بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنەکانو کوشتنو دەستگیرکردنو پێکدانیش هەبووە لە چەند ناوچەیەکی باکوور، سەرکردەکانی پەکەکە بەچەندین جۆر ئاگربەستیان راگەیاندووە، هەروەها دەتەپەش هاتووەتە ناو بابەتەکەوەو ڕۆڵی ناوبژیوانێک دەبینێت.

ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە)، (حیزبێکی کوردییە تورکیا بە نزیکیی لە PKK تۆمەتباری دەکات.) بە ڕۆژنامەی حوریەتی راگەیاند ئەو ئامادەیە بچێتە قەندیل بۆ چارەسەری ئاشتیانەو گفتوگۆ، ئەم هەڵوێستەی ئەحمەد تورک پاش ئەوە هات کە عەبدوڵڵا گوێل داوایکرد (دەتەپە)ش ڕۆڵ ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ئەم هەوڵانە لەکاتێکدایە کە سوپا دوور لە هەر بابەتێک بەردەوامە لە زیادکردنی هێزو ئۆپەراسیۆن ئەنجامدان، هەروەها بۆئەوەی جارێکی دیکە ئۆپەراسیۆنەکان خاکی عێراق ببەزێن، سوپا پێویستی بەو بەڵێنانەیە کە لە ڕێککەوتنەکانو دانیشتنەکانی نێوان تورکیاو عێراقو ئەمریکادا دراون بە تورکیا سەبارەت بە دەرکردنی پەکەکە لە قەندیل، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا دەیەوێت جارێکی دیکە ئۆپەراسیۆنەکان دووبارەبکاتەوە.

ئەگەری دۆڕانی ئەحمەدی نەژاد زوو لە زیادبوونە

جەمال ئیختیار

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە بە نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن لە ئێران، سەرۆکی ئێستا مەحمود ئەحمەدی نەژاد زیاتر لە دۆڕانی خۆی لە بەرامبەر رکابەرەکەی، (سەرۆک وەزیری پێشوو میرحسێن موسەوی) نزیکدەبێتەوەو ئەگەری هەڵنەبژاردنەوەی بۆ جارێکی دیکە بەهێزتر دەبێت.

ئاژانسی هەواڵی چین (شینخوا)، بڵاویکردووەتەوە لە ڕاپرسییەکدا کە لە ٢٧ی مانگی پێشوودا ئەنجامدراوە، موسەوی لە (١٠) لە شارە گەورەو سەرەکییەکانی ئێران بە ڕێژەی ٣٤٪ بۆ ٣٨٪ لەپێش ئەحمەدی نەژادە.

ڕاپرسییەکی دیکە کە لەلایەن تەلەفزیۆنی دەوڵەتی ئێرانەوە ئەنجامدراوە، وا پیشاندەدات کە لە تاران موسەوی بە ڕێژەی ٤٣٪ بۆ ٤٧٪ لەپێش ئەحمەدی نەژادەوەیە.

نووسەری ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، دەیڤید ئیگناتوس نووسیویەتی، کە ئێرانییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچن بەلای جۆرێک تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان بۆ گۆڕان، بەبۆچوونی ئەو نووسەرە، ئەگەری گواستنەوەی دەسەڵات لە ئەحمەدی نەژادەوە کە نەیتوانیوە کارنامەیەکی باش بۆخۆی بەجێبهێڵێت، بۆ موسەوی کە بانگەشەی گۆڕان دەکات، زیاترو بەهێزتر دەبێت.

شارەزایانی ئێرانی پێیانوایە، کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵیداوە بە بەخشینەوەی پارەو بەڵێنی ئابووری سەرنجی خەڵک ڕابکێشێتو دەنگەکان بۆخۆی بکرێت، ئەحمەدی نەژاد هەڵبژاردنەکە ناباتەوە، بەبردنەوەی میرحسێن موسەوی ئەگەری حکومەتێکی ئیئتیلافی کە میانڕەوەکانی هەردوو جەمسەری کۆنەپارێزو ریفورمخواز لەخۆبگرێت، زیاتر دەبێت.

شارەزایان پێیانوایە، ناکرێت بە ڕێژەیەکی زۆر متمانە بخرێتە سەر ڕاپرسییەکان، ئێرانییەکان خاوەنی ڕەفتاری چاوەڕوان نەکراون لە هەڵبژاردنەکاندا.

کەریم سەجادپور، پسپۆڕی ئێرانی لە ئەنیستیتیوتی کارنێگی بۆ ئاشتی جیهانی، دەڵێت کە متمانەی بە ڕاپرسییەکان نییەو ئاگاداری ئەوە دەدات کە ئەو ڕاپرسیانە نەیانتوانی بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد لە ٢٠٠٥دا پێشبینی بکەن، ئێستاش ئەگەرچی ئەحمەدی نەژاد ئابووری وڵاتی بەرەو خراپبوون بردووە، بەڵام تائێستاش لەلایەن ژمارەیەکی زۆری ئێرانییەکانەوە پشتیوانیی لێدەکرێت.

دەیڤید ئیگناتوس دەنووسێت کە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژیی نییە کە ڕکابەرەکان پڕوپاگەندەی بۆ خۆیان پێبکەن، مەسەلەکە زیاتر (شانازییەکی) نەتەوەییەو جیاوازیی ئەوان لە دیاریکردنی پێگەی ئێرانە لە دانوستانە ئەتۆمییەکاندایە، کە ئەویش زیاتر لەلایەن ڕێبەری باڵا، عەلی خامنەیی دیاریدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا موسەوی کاندیدێکی بەهێزە، ئەگەرچی خۆڕئاواییەکان پێیانوایە، کە ئێران کەمپێکی ئیسلامییەو هەمووی لە یەک ئاواز دەخوێنێت، بەڵام لەڕاستیدا لایەنگرانی موسەوی لە میدیاکانی ئێراندا بە تونديو بەدەنگی بەرز ڕەخنە لە ئەحمەدی نەژاد دەگرنو گفتگۆیەکی کراوە هەیە لەو بوارەدا، نەژادیان لەبەر هەڵاوسانی ئابووری، بێکاریی خەڵکو دووڕەپەڕێزکردنی ئێران لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا خستووەتە ژێر پرسیارو ڕەخنەگرتنو لەقاودانەوە.

لەکاتی قسەکردنو کەمپینی هەڵبژاردن لە (ئەسفەهان)، موسەوی بە توندی ڕەخنەی لە نەژاد گرتو بە ئاماژەپێدانی هەڵوێستە ئەتۆمییە نالەبارەکانی ئەوو قسەکانی لەسەر هۆلۆکۆستی جولەکە، بەوە تۆمەتباری کردەوە کە نەک تەنیا دووڕەپەڕێزکردن، بەڵکو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئێرانی ئیفلیج کردووە.

لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد لە (ئەسفەهان)، لە لێدوانەکانی موسەوی تووڕەبوونو وەک کاردانەوەیەک لافیتەکانی موسەویان سووتاند.

لە دوو هەفتەی داهاتوودا ئاکامی ڕکابەری بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئێران ڕوونتر دەبێتەوە، شارەزایان پێیانوایە، دۆخی ئێران تارادەیەک زیندووەو خەڵکی ئەو وڵاتە تێگەیشتنێکی باشیان لە دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەیە، ئەگەرچی سیستمی سیاسیی ئێران زۆر شتی گرنگی لەپێشەو بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵک دیاریکردووە، لە کۆتاییدا مەرجەعیەتی ئایینیو ڕێبەری باڵا مەسەلە چارەنووسسازەکان دیاریدەکات، بەڵام بوونی پرۆسەکە دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ پێشکەوتنو گۆڕان.





بۆچی‌و بە کێ دەنگ بدەین؟

محەمەد ئەمین گەناوی/ پراگ

ئەگەر پرسیاری ئەوە بۆچی‌و بە کێ دەنگ بدەین، پرسیارێکی ستاندارد‌ە، لە هەر شوێنێکی جیهان‌و لە هەرکات‌و حاڵێکدا لای هەرکەسێک کە دەبێت بڕیاربدات دەنگ بدات بۆ هەڵبژاردنی کەسێک یان حاڵەتێکی دیاریکراو کە ڕەنگدانەوەی جیهانبینی خۆی بێت، ئەوا پاڵنەر بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن یان فەرمانبەرێک لە هەرکات‌و حاڵدا ئامانج ئەوەیە کە گۆڕانێک دروست ببێت لە واقیعی ژیانی ئێستا بۆ واقیعێکی دیکە، کە ویست‌و خەونە بۆئەوەی کە دەنگ دەدات.

بۆ حاڵەتی پاڵنەری فەردی (تاکی)، مافی هەرکەسە کە بەگوێرەی بەرژەوەندیی تاکی خۆی کەسێک یان لایەنێک هەڵبژێرێت کە پێوابێت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات، جا دەشێ ئەم بەرژەوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی بێت یان هەر حاڵەتێکی دیکە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاکی هەڵبژێرەوە هەیە.

هەڵبژاردن بە پاڵنەری بەرژەوەندیی فەردی زیاتر لەو کۆمەڵگایەنەدا هەیە کە لەڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەوە جێگیرن‌و پێشکەوتوون، نموونە وڵاتانی ئەورووپا ئەمریکای باکوورو وڵاتانی تازەپێگەیشتووی پیشەسازین لە ئاسیاو ئەمریکای لاتین.

لەم شوێنانە فەرد (تاک) بەرژەوەندیی خۆی لە دابینکردنی داهاتوویەکی باشتری ئابووریدا دەبینێتەوە، چونکە خەبات لەوێ بۆ ژیان‌و ئاسوودەیی‌و داهاتوویەکی باشترە،بۆیەلەم‌و وڵاتانەداهەرکەس‌و لایەن‌و حیزبێک بیەوێت دەسەڵاتی سیاسی هەبێت‌و جێی متمانە بێت بۆ هەڵبژاردن، دەبێت ڕەچاوی پێداویستییەکانی هەرتاکێک لە هەر گروپێک بکات، ئەمیش بە زامنکردنی بواری کار، زیادنەکردنی باج بێ قەناعەتی تاکەکان، باشترکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ زەمانەتی تەندروستی‌و خوێندن‌و هاوکاریی پەروەردەو چاودێریی منداڵان.

بەشێوەیەکی گشتی لەم شوێنانە کە پاڵنەری فەردی (individual motive) حـــزووری هـــەیـــە لە هەڵبژاردندا، بواری چەواشەکاریی‌و ناڕاستی کەمترە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزتر لەچاو شوێنانی دیکە کە پاڵنەری دیکە هەیە بۆ هەڵبژاردن، چونکە لەو شوێنانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، هەرتاکێک زیان‌و خۆشگوزەرانیی خـۆی بـەلاوە گرنگترە لە حیزب‌و کەس، بۆیەش لەم وڵاتانەدا دەبینین دەسەڵاتی سیاسی زوو زوو دەگۆڕێت، چونکە هیچ حیزبێک ناتوانێت بۆ هەتاهەتایە لـە بـەرژەوەنـدیـی تـاکـدا بێت، تاکەکانیش بە هەمانشێوە تاهەتایە متمانە نادەن بە حیزب‌و گروپێکی دیاریکراو بە بەهای بەرژەوەندیی خۆی، واتە تاکەکان لەگەڵ حیزب‌و گروپێکی دیاریکراون تا لە خزمەتی بەرژەوەندیاندا بێت، هەرکاتێک هەستیانکرد حیزب‌و گـروپ لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە، ئەوا زۆر ئاساییە کە دژیان دەنگ بدەن یان ریزی حیزبیی خۆیان جێبهێڵن‌و بڕۆنە ناو حیزب‌و گروپێکی دیکەی پەسەندی خۆیان.

بۆ حاڵەتی پاڵنەری کۆمەڵی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، لەو شوێنانەدا هەیە کە تائێستاش تاک سەربەخۆیی‌و ئازادیی خۆی نییە، واتە بەرژەوەندیی تاک بەستراوە یان دەبەستریتەوە بە کۆمەڵ بەهۆی واقیعی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و دواکەوتوویی سیستمی ئابووری، کە بەشی زۆری ووڵاتانی ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئاسیای مەرکەزیی‌و بەشێکی ئەمریکای لاتین‌و ئاسیاسە، کە تائێستاش ئـەو پرسانە چـارەنـەکـراون کە بەرژەوەندیی‌و دنیاو جیهانبینی تاک لە کۆمەڵ جیابکاتەوە.

ئەمیش بەهۆی تێکەڵبوونی بەرژەوەندیی تاک بە کۆمەڵەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتە تـاک بـەرژەوەنـدیـی خـۆی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵدا دەبینێتەوە بەهۆی ناجێگیربوونی بـواری سیاسی‌و ئابووری‌و هەڕەشەی جەنگ‌و کێشە‌و ئاڵۆزیی‌و نەبوونی ئـاسـایـش، کـە وادەکـــات تـاک بەرژەوەندیی خـۆی‌و ئاسایشی خۆی لەناو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە، چونکە لەم شوێنانە خەباتی تاک لەگەڵ کۆمەڵە بۆ مەسەلەیەکی گشتی وەک ئـازادیـی‌و ڕزگـاری نیشتمانی، پاراستنی سنوور، بەرەنگاربوونەوەی کارەساتی سیاسی‌و سروشتی‌و برسیەتی‌و هەڕەشەی جەنگ‌و ناکۆکییە.

تێکەڵبوون‌و کاریگەریی حاڵەتی کۆمەڵ لەسەر حاڵەتی فەردی (تاک)، بەشێوەیەکی فراوان کەڵکی لێوەردەگیرێت هەتا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسی، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەشێوەیەکی زۆر زیاتر بەم جیاوازە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسی بە بەڵگەو نیشانەوە هەوڵدەدرێت کە تاک بیر لە بەرژەوەندیی کۆمەڵ بکاتەوە، چاویان بخەنە سەر شتێک کە پەیوەندی بە تاکەوە نەبێت بۆئەوەی ویست‌و داواو خواستەکانی تاک نەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵات‌و دۆڕان.

ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئێستای کـوردسـتـانـەوە هەیە، هـەردوو حاڵەتەکە هـەم فـەردی هـەم کۆمەڵی ئامادەییان هەیە بۆ کاریگەریکردن لەسەر ئەو کەسەی کە بڕیاردەدات هەڵبژێرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ئاڵۆگۆڕی کەشوهەوای سیاسی‌و تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی زووترەوە، لایەنی یان حاڵەتی تاک بەهێزترە لە بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی لایەنەکان‌و کەسەکان.

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ١٩٩٢-ەوە تا دوا هەڵبژاردن لە ٢٠٠٥دا، هەمیشە لایەنی گشتی زاڵبووە بۆئەوەی کە جەماوەر بەشداریی هەڵبژاردن بکات بەهۆی بوونی ڕژێمی سەدام حسێن وەکو هەڕەشەیەکی جدیی بۆ سەر کیان‌و وجودی کوردی، دوای سەدامیش بۆ دابینکردنی مافەکانی کـورد، خـەڵـک بـە حـەمـاسـەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و کوردستانی کرد، بەو هیواو بەڵێنەوە کە کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان، هەتا دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی ئێستاش، ئەوکات گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی بە هێڵی سوور دادەنا.

هەر ئەم مەبەستە نەتەوەیی‌و میلليیەش بـوو کـە جـەمـاوەری کوردستان چاوپۆشیی لە داواکارییە تاکەکان کرد، هەم چاوپۆشیی لە گەندەڵ گەندەڵکاریی کرد تا مافە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان بەدەست بهێنرێت‌و ژیانێکی ئاسودەییانە بـۆ مـنـداڵ‌و نـەوەکـانـی داهـاتـوو مسۆگەربکات، جـارێـکـی دیکە نەوەکانی داهاتوو وەک نەوەی ئێستاو ڕابـردوو نەبنە قوربانیی جەنگ‌و ناکۆکی.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە لای دەسەڵاتی سیاسی بە هێڵی سوور دادەنراو پەیمانی ئەوەیان دەدا کە سازش لەسەر ناوچە دابڕاوەکان ناکەن تا دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دەرکـەوت لە خەونی باتڵ‌و قسەی بـۆش زیاتر هیچ نییە، زۆری نەبرد کە بە پێشنیازو ڕەزامەندیی دەسـەڵاتـی کـوردی ٧٠٪ی کەرکوک وەک دڵی ناوچە دابـڕاوەکـان، بە مـادەی (٢٣)ی پەرلەمانی عێراق لە مانگی تەممووزی ٢٠٠٨ کرا بە یاسا، بەمەش کورد بوو بە کەمیەنەو میوان لە مااڵی خۆی، ئەمە لەکاتێکدا کە هەتا سەدام ئـامـادەبـوو ئـیـدارەی هاوبەشی کەرکوک قبوڵ بکات، بەڵام ئێمە لە ١٩٦١-ەوە تا ٢٠٠٣، (٥٠٠,٠٠٠) سبەی پەرلەمانی عێراق دەتوانێت هەر شتێک دژی ویستی کورد‌ە، بیکاتە یاسا، ئەوکات کورد ناتوانێت هیچ بکات جگە لە ملکەچکردن بۆ یاسای دەوڵەتی فیدراڵی عێراق وەکو چۆن لە تێپەڕکردنی مادەی (٢٣)دا بینیمان.

ئەمە بەڵگەیە کە دەسەڵاتدارانی کـورد ئـەوەی کە پێی دەوترێت بەرژەوەندیی میللی‌و نیشتمانی‌و گشتی، نـەک هـەر نەیانتوانیوە بچووکترین دەستکەوت بەدەست بهێنن، بەڵکو کاڕێکیشیان نەکردووە هەوڵبدرێت پاڕێزگاریی لەمەی هـەیـە لـەدوای ١٩٩١ بکرێت، هەوڵبدرێت بەرگریی بکرێت لەڕێی هۆشیارکردنەوەی جـەمـاوەرو بـەرزکـردنـەوەی دەنـگـی گەل بـۆئـەوەی چـالاکـانـە داوا ڕەوا مێژوویییەکان بهێنرێتەدی.

ئـەگـەر لایـەنـی داواکـاریـی‌و پرسە تاکییەکان لەبەرچاو بگرین کە بۆچی‌و بۆ کێ دەنـگ بدەین، ئـەوا هـەزاران بەڵگە هەیە، کە دووبـارە دەسـەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان بەهای ئـەوە نین کە گرفتی تاکی کورد چارەسەر بکەن، ئـەوەی کە پەیوەندی هەبێت بە ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی‌و دامەزراندنی پرۆژەی بەرهەمهێنان لەبواری کشتوکاڵ‌و پیشەسازیدا، ڕەخـسـانـدنـی بـــواری کـارو کەمکردنەوەی ڕێـژەی بێکاریی‌و بەرزکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ، ئەمە جگە لەوەی کە هەر بواڕێکی

بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە لای دەسەڵاتی سیاسی بە هێڵی سوور دادەنراو پەیمانی ئەوەیان دەدا کە سازش لەسەر ناوچە دابڕاوەکان ناکەن تا دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دەرکەوت لە خەونی باتڵ‌و قسەی بۆش زیاتر هیچ نییە

هەزار شەهیدمان دا، ئەنفالکراین، کیمیاباران کـرایـن، تەرحیل‌و تەهجیر کراین لەسەر ئەوەی کە کەرکوک کوردستانییە‌و لە سەدام قبوڵ نەدەکرا کە هاوبەشمان بێت، بەڵام دوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەو نەماو بێخاوەن مایەوە، بێ سوپاو یاساو ئاسایش، دەسەڵاتی کوردی نـەک هـەر نەیتوانی کـەرکـوکـو ناوچە دابـڕاوەکـان بگێڕێتەوە، بەڵکو وەکـو ئاماژەمان پێدا بە ڕەزامەندیی‌و پێشنیازی کوردی ٧٠٪ی کەرکوکمان دا بە کەسانێک کە میللەت خاوەنی نین، بەڵام وەک هاوڵاتی دەبـوو و دەبێت هەموو مافێکی کوردستانییان هەبێت.

ئـەم شکستە ستراتیژییەی دەســەڵاتـدارانـی کـورد لەمەڕ پرسە نەوەیی‌و نیشتمانییەکان، ئـەم کـارتـەیـان سـووتـانـد کە بەکاریهێنن‌و بڵێن خەڵک واز لە خواستە تاکییەکانی خۆتان بهێنن، چاوبپۆشن لە گەندەڵییەکانمان، چونکە ئێمە چـارەسـەری پرسە گشتییەکان دەکەین، کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان هێڵی سوورن‌و دەیانگێڕینەوە سەر کوردستان. لەمەش زیاتر بۆ خاتری هەندێک پۆستی کارتۆنی‌و بێ کاریگەر، لەڕێی پەرلەمانی عێراقەوە داهاتوو سەروەریی کوردستانیان تووشی هـەڕەشـە‌و کـارەسـات کـردووە، چونکە بە فیتی دەسەڵاتدارانی کورد، کوردیان بە عێراق بەستەوە، ژیان وەکو پەروەردە، تەندروستی، چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ هاوکاریی خەڵکی بێداهات، ژینگەی کشتوکاڵ‌و شـارەکـان بگریت لە حاڵەتێکی کارەساتدایە.

لەکاتی ڕووخانی سەدامەوە تائێستا نزیکەی (٣٠) ملیار دۆلار داهاتی کوردستان بـووە، بەڵام ناتوانیت پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان بەدیبکەیت بایی (١٠) ملیۆن دۆلار بێت بۆ داهاتوو کەڵکی هەبێت.

لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەی سـەرەوەدا، بەداخەوە زەمینەیەک نییە کە شایستەی ئەوە بێت دەنگی بـۆ بـدەیـت بـۆ بـەردەوامـبـوون، کەسێک لەمانەی کەوا بە ئیستلاح بـەرپـرس‌و نوێنەران شایستەی ئەوەنین کە ڕۆژێک زیاتر لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بمێننەوە.

لـەبـەرئـەوە ئێستا هەلە کە دەنگ بدرێت بۆ گۆڕانی ریشەیی لە هەموو بوارەکانداو کۆتاییهێنان بـە ژیـانـی سـیـاسـی‌و حیزبی نـەزۆک، دامـەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی‌و یاسایی‌و کۆتاییهێنان بە دەوڵەتوچکەکانی ملیشیایی، تا بەرژەوەندییەکانی تاکو گشت لە چوارچێوەی یاساو دەستووردا مسۆگەر بکرێت لەجیاتی حیزب‌و خێڵ‌و فامیلدا...

ڕۆژێـک زووتـر ئـەم گۆڕانە بێتەدی، ڕۆژێک زووتر گەلی ئێمەش بە کاروانی شارستانی‌و مرۆڤایەتی دەگات.

قیرەکەی نەوشیروان

ئاراس عومەر



(سەیربکەن سیاسەتی چەوت‌و هەڵە چ نەهامەتییەکی بەدواوەیە، دوو حیزبەکەو حکومەت بەردەوام بەڵێن دەدەن، نەوشیروان تاکە بەڵێنێکی هاوشێوەی بەڵێنەکانی ئەوانی نـەداوە، دوو حیزبەکە شەویان خستووەتە سەر ڕۆژو قیرتاو دەکەن، نەوشیروان بستێک جادەی قیرتاو نەکردووە، کەچی هێشتا خەڵک ئەم قیرتاوە تازانە بە هی نەوشیروان دەزانن، ئەی ئافەرین نەوشیروان).

چیرۆکی ئەم ناونیشانە؟

ڕەنگە ناونیشانی بابەتەکە سەیربێت‌و خوێنەر لە هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیدا بپرسێت ئاخۆ کاک نەوشیروان لەکوێ‌و قیرتاوکردن لەکوێ، بەڵام لەڕاستیدا زۆر ئاسانە، چونکە ئەوەی لەم هەڕێمەدا ژیـان بەسەربردبێت، تێدەگات‌و دەزانـێـت کە ئەم حکومەتەی ئێستا فەرمانڕەوابییمان دەکات کە لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە بەڕێوەدەبرێت، تا ئەم ماوەیە حکومەتێک بـووە بە کەمتەرخەم‌و خاووخلیپک ناسراوە لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، بەڵام لەم کاتی پێش هەڵبژاردنەداو بە حوکمی هاتنەئارای لیستی جیاوازو ترس لە ئایندەو لەدەستدانی چەند کورسییەکی پەرلەمان، شەوو ڕۆژ وەستان لە زاتیاندا نەماوە، وەک ئەوەی دەرمانەکەی پاپایان خواردبێت: جادە قیرتاو دەکەن، گەڕەکەکان پاک دەکەنەوە، بەڵێن لەسەر بەڵێن دەیدەن، خەڵک دادەمەزرێنن، دیاریی دەبەخشنەوە، بە دەوروخولماندا دێـن، ئیتر هەر مەپرسە. هۆکاری هەموو ئەمانەش وەک وتمان بەهۆی ئەو لیستە جیاوازانەوەیە کە هاتوونەتە ساحەکەو پێدەچێت بەهێزترینیان لیستی گۆڕانی نەوشیروان بێت، بۆیە ئەوانیش وەک تازە هۆشیان هاتبێتەوە بە خۆیاداو وەکو نەریتی هەمیشەیی خۆیان (کەی پێویستیان بە دەنگی خەڵک دەبێت، دەکەونە ماستاو بۆیان‌و کەی ئیشیان پێیان نەما، پشتگوێیان دەخەن).

لـەم ســاتــەوەخــتــەدا لـــەڕووی خـێـرایـی خزمەتگوزارییەکانەوە فشارێکی لەڕادەبەدەریان خستووەتە سەر خۆیان، لە هەوڵی ئاشتکردنەوەی خێرای خەڵکو جەماوەری ناڕازیدان، جا ئێستا هەر خزمەتگوزارییەک کە بەو خێراییە دەیکەن، ناویانناوە بەناوی نەوشیروانەوە، بۆ نموونە قیرێکی خێرای شەقامێک کە دەکرێت، پێی دەڵێن قیرەکەی نەوشیروان، چونکە خەڵک پێیانوایە کە ئەوو لیستەکەی بوونەتە هۆکار بۆ ئەو تۆزە گۆڕانەی حکومەت.

ڕەهەندو لێکدانەوەکانی ئەم بابەتەی ناو خەڵک:

چیرۆکی ئـەم ناونیشانە ئەگەر کەمێک لێی وردبیتەوە، تەنیا ڕووداوێکی سادەو کاتیی نییە، بەڵکو هەڵگری چەندەها ڕەهەندی جیاوازو تاڕادەیەک دڵخۆشکەرن، لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ئاشکراو ڕاشکاوانەن بۆ حکومەت‌و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەگەر بیانەوێت لێی تێبگەن، لەو ڕەهەندو پەیامانەش:

١. پەیامێکی ئاشکرایە بۆ هەردوو حیزب بەوەی چیتر خەڵک فریو ناخۆن‌و لێیان تێدەگەن، چیتر ئەو سەردەمە نەما کە لە بەڵێن‌و کارو خزمەتگوزارییە کاتیی‌و فریودەرەکانیان لە سەروبەندی هەڵبژاردندا تێنەگەن، بۆیە ئەوەی ئێستا ئەوان دەیکەن، خەڵک بە خزمەتی تێناگات، کاتێک خزمەت بوو کە سێ ساڵ لەمەوبەر بەو گڕوتینەوە کاریان بکردایە، بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشوویان بەجێبهێنایە، لەبەرئەوە ئێستا حکومەت هەرچی بکات، هاوڵاتی لە ناوچەوانی خەڵکی دیکەو لیستی دیکەی دەبینن، ئەوانیش دەبێت ئاسایی بێت لایان کە خەڵک لێیان بێمنەت بووە.

٢. پێویستە چیتر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار تێبگەن لـەوەی کـە دیموکراسیی ڕاستەقینەو خۆشگوزەرانی، لە کێبڕکێ لەپێناو خزمەتی خەڵکداو هەبوونی دەنگی جیاوازو فرەییدا خۆی دەبینێتەوە، نەک لە قۆرخکردنی دەسەڵات‌و کوشتنی گیانی کێبڕکێو بە تاک جەمسەرکردنی هەموو دەسەڵاتەکان، پێویستە لەوەتێبگەن کە خەڵک چیتر تێگەیشتووە لەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوانیان (لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆدا)، نیشانەی قبوڵنەکردنی یەکترە لەنێوان خۆیاندا، نەوەک نیشانەی برایەتی‌و تەبایی، ئەوە هاوپەیمانێتییەکە لەپێناو قۆرخکردنی دەسەڵات‌و لە هەمانکاتدا ترسیشە لەوەی کە هیچ لایەکیان ئامادەنین دۆران قبوڵ بکەن لە بەرامبەر ئەوی دیکە ئەگەر بە جیا بەشداریی بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە پێویستە بزانن کە خەڵک چیتر دەنگو ڕەنگی جیاوازی دەوێت نەوەک هاوپەیمانی سواو.

* تێبینی: کە دەڵێین قیر یان قیرتاو، دیارە تەنیا مەبەستمان لە قیرتاوکردن نییە، بەڵکو هەموو جۆرەکانی دیکەی خزمەتە، بەڵام بۆ چانسی قیر، لەم ڕۆژانـەدا زیاتر ناوەکە بە بەری ئـەودا بڕاوە لەناو خەڵکدا، بۆیە وەک خۆی بەکارمانهێنایەوە وەک ڕەمزێک بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکانی دیکەش.

بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن

ئارام قزلەریی

کاتێک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، لە زۆربـەی وڵاتانی جیهاندا باس لە خزمەتکردنو یەکسانیی نـێو ریـزەکـانـی کۆمەڵگا دەکـرێـت، بـێ فـەرق و جـیـاوازیـکـردن لـە چینو توێژەکانی ئـەو کۆمەڵگایەدا، دیـارە هەر پارتو لایەنێکیش بەرنامەی خۆی دەخـاتـەڕوو لـەبـەردەم جـەمـاوەری میللەتەکەیداو بەڵێنی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانیو خزمەتکردنو تێکڕای ئـەو خزمەتگوزارییانەی پێویستە بۆ مـرۆڤو گشت پێداویستییەکانی ژیان دابین بکەن، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەر پارتێکیش دەنگی زۆر بەدەست بهێنێت، دەسـەڵات دەگرێتە دەسـتو بەرپرسیارێتی ئەو گەلە دەگرێتە ئەستۆی پارتەکەی، بەپێی ئەو بەڵێنانەشی داویانە بە میللەتەکەیان بۆیان جێبەجێدەکەن، ئەگەر هەموشی جێبەجێ نەکرێت، بێگومان جێبەجێکردنی زۆریـنـەی داواکارییەکانی میللەتەکەیان دەبێتە بەرنامەی سەرەکیان.

بەڵام لە کوردستاندا کاتێک کاتی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە، ماوەیەک پێش پرۆژەی هەڵبژاردنەکە، میللەتو بنەماڵەی شەهیدو پێشمەرگەی دێرین و گەنجانو فەقیرو هەژاریان بیردەکەوێتەوە، کە هەرگیز رۆژێـک لە رۆژان ڕێزیان بۆ دانەناون و ئاوڕیان لێنەداونەتەوە کە چۆن ژیانی رۆژانەیان دەگوزەرێنن و پێداویستییەکانیان چی بووە.

زۆربـەی ئـەو سەرکردانەی تەنیا جەماوەر بە وێنەو لە ڕێگای کەنالەکانەوە دەبانبینن، لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا دەکەونە ناو خەڵکەوەو پشی پشی بۆ جەماوەر دەکـەنو ناوی شەهیدان دەبێتە وێردی سەرزمانیان، دەکەونە شانامە هەڵدان بە بنەماڵەی شەهیدانو خەڵکانی شۆڕشگێڕداو... گەنجان دەکەنە دەستکەلای دەستیانو بەڵێنی جۆراوجۆریان پێدەدەن.

بەبێ ئەوەی خاڵێک لە بەڵێنەکانیش کە پێیان دەدرێت، بۆیان جێبەجێبکەن، کاتێکیش دەنگی زۆر بەدەست دەهێنن و دەسـەڵات دەگرنە دەست، دەکەونە کشی کشی لە خەڵکانی شۆڕشگێڕو دڵسۆزو بێمنەتیی خۆیان نیشاندەدەن بەرامبەر ئـەو کەسانەی کە دەنگیان پێداونو خستوونیانەتە سەر کورسیی دەسـەڵات.

ماوەی (١٨) ساڵە کوردستان ئازادە، کام بەرپرسێکی باڵا سەردانی بنەماڵەی شـەهیدێکی هەژاریان کـردووە؟ ئەگەر شـەهیدی سەرکردە نەبووبێت؟ ڕێزم هەیە بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردو کوردستان، لە مندالێکی ناو لانکەوە تا پیرو پەککەوتەیەکی سەر جێگا، لێرەدا مەبەست تەنیا جیاکردنەوەی شەهیدانە لەلایەن بەرپرسانەوە، ناسنامەی شـەهید گەورەترین فەخری مرۆڤایەتییە بۆ مرۆڤ بەبێ فەرق و جیاوازیی پلەوپایە، تەنیا چەند بەرپرسێک نەبێت کە ژمارەیان زۆر کەمە، کام لە دەسـەڵاتداران دەستیانهێناوە بەسەری منداڵێکی شەهیداو چوونەتە ماڵیان و بەشداربوون لە خەمەکانیاندا.

بە بەڵگەوە پێیان دەڵێم کە چەندین خێزانی شەهید هەیە هەتا ئێستا کەسێک ڕووی تـێـنـەکـردوونو بـەسـەریـان نەکردوونەتەوە، کە زۆرجـار موحتاج بـوون بۆ نانی شێویان، تەنانەت بۆ یادکردنەوەی شەهیدەکانیش کەلێنێکی گەورەیان دروستکردووەو جیاوازیی دەکرێت لە یادکردنەوەکانیاندا، بۆ؟

کام وەفا کە باسیدەکەن بۆ خوێنی شەهیدان؟

کـام یەکسانی نـێـوان بنەماڵەی شەهیدان؟

قەسرە خۆشەکانی تویمەلیک کە بۆ سەرکردەکان دروستکراون، کاتێک پارچە زەوییەکیش دەدەن بە بنەماڵەی شەهیدەکانی دیکە، هەزار منەت دەکەن بەسەریاندا وەک ئەوەی تەنیازەوی درابێت بەو بنەمالانە، بەڵام باس لەو دۆنمانە ناکرێت کە بۆ خۆیانو کەسوکاریانو خەڵکانی ناموستەحەق بەخشیویانەتەوە.. ناسکو نازداری وا هەیە بەقەد بیست ماڵە شەهید بەس زەوی پێبەخشراوە، کاتێک بەرپرسان دێنە ئاخافتن، تەنیا ئەوەی بۆ شەهید کراوە باسیدەکەنو دەیدەنەوە بە چاویاندا، ئەی بۆ ئەوانەی کە ژێربەژێر کراون باسناکرێن؟

لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خۆتان دەکـەنـە مـحـەمـەدی مـەهـدیو دەبنە نزیکترین خەمخۆری خەڵکی کوردستان، بەڵام کاتێک زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنن!! وەک بـەرزەکـی بانان بۆی دەردەچـنو ئـەوەی خاوەنی نەبن ئەو بەڵێنانەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەیدەن بە گەلەکەمان.

دزیو گـەنـدەڵـی.. خۆبەخۆیی.. لەخۆبایبوون... جێگای هەموو ئەو بەڵێنانە دەگرێتەوە کە دەیدەن پێش کاتی هەڵبژاردنەکان، بۆ؟

پێدەچێت هەر ئێوەی بەرپرسان خاوەنی کورسیو سـەروەتو سامانی گەلەکەمان بـن؟ ئـەوانـەی خەباتیان کردووەو قوربانیانیداوە، دیارە لە وڵاتێکی دیکەوە بەکرێگیرابوونو هێزاون بۆ کوردستان تا ببنە پێشمەرگەو گیانی خۆیان بکەنە قوربانیی لەپێناوی ئێوەی بەرپرساندا؟

یـاخـود سـەرجـەم ئـەو کەسانەی خەباتیان کردووە لەپێناوی گەلەکەیاندا، وەک ئێوە چـوارەدەورەکـەتـان هەمان مافی ئەوەیان هەیە سوودمەندببن لە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە خوێنی شەهیدانو خەباتی پێشمەرگە قارەمانەکان هاتوونەتەدی.

هەموو لایەک لەوە دڵنیایە ئەوەی بەرنامەی سەرەکی شاراوەی زۆربەی بەرپرسانە، ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

١- کۆشکو تەلارو ڤیلای جوانە...
٢- مۆنیکاو وەنەوشەی تایە پانە...
٣- راوی حەیوانە کێوی و ئاسکی چاوجوانە....
٤- داگیرکردنی سـەرجـەم گردو شاخەکانی کوردستانە...
٥- بەتاڵانبردنی سەروەتو سامانی نیشتمانە....

ئەوەشی دڵیان پێی ناوسووتێتو گوێی پێنادەن:

١- کەسوکاری لەپاش بەجێماوی شەهیدانە...
٢- گەنجانی خێر لەخۆنەدیوی شارو گوندەکانە...
٣- ڕێـزگـرتـن لـە خـەڵـکـە شۆڕشگێڕەکانە...
٤- ژێرخانی ئابووریی کوردستانە...
٥- گـەڕانـەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانە..

بۆیە دەبێت جەماوەری کوردستان لە هەر هەڵبژاردنی ئەمجارەدا تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان وریابن، بە پشی پشیو قسەی زەردو سوور چەواشە نەکرێن، زۆر بە وردیو زیرەکانە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرنو ئەم هاشوهوشەی ئێستا ڕۆشنایی بەرپێیان تاریک نەکاتو داهـاتـووی گەلەکەمان بـەرەو هەڵدێر نەبەن.

زۆر ڕەخنە گیرا، زۆر ناڕەزایی نووسراو بەرزکرایەوە بۆ بەرپرسە باڵاکان، زۆر خۆپیشاندان کرا، ئەوەی حسابیان بۆ نەکرا، ناڕەزایی جەماوەرو ڕەخنەگرتن بـــوو..!! ئێستا کە کاتی هەڵبژاردن نزیکبووەتەوە، بە بەڵێنی بێبنەما دەیانەوێت خەڵک چەواشە بکەن.



گردەکەو ئومێدێک بۆ گۆڕان

ئەبوبەکر ئەحمەد سلێمان

«پۆستو دەسـەڵات بۆ ئێوەو مووچەو نانیشمان ببڕن، بـەڵام دەستبەرداری گۆڕانو ئیرادەی نوێبوونەوە نابین»، ئەم هەڵوێستەی کادیرانو ئەندامانی وێژدان زیندووی باڵی ریفۆرم لەناو(ی.ن.ک)دا، دارو بەردیش وەدەنگ دەهێنێت، کاتێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەزاران لە کادیرو ئەندامەکانی خۆی ناچاردەکات یان دەبێت دەست لە بیروڕای جیاوازو نوێخوازیی هەڵبگرن، یان دەرتاندەکەینو نانی مانڵو منداڵتان دەبڕین، (یان دەبێت وەک من بیربکەیتەوە یان مافی ژیانت نییە)، ئەوانەی کە بڕیاری خزمەتی گەلو نیشتمانو نوێبوونەوەو گۆڕانیانداوە، زۆر ئازایانەو سەربەرزانە دەستبەرداری پۆستو دەسـەڵاتو مووچەکەیان دەبن، بەڵام تەسلیم بە سیاسەتی زۆرەملێو دەسـەڵاتی خۆسەپاندنو عەقڵیەتی بیرو بیرۆکراسیانەی باڵی دژە ریفۆرمی یەکێتی نابنو ریزەکانی ئەوان بەجێدەهێڵن.

* سیاسەتو هـەڕەشـەی نانبڕین لـەدژی سەربەستیو بیروڕای ئـازاد، تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا، ڕژێمی بەعس بەو هەموو دیکتاتۆریەتو درندەییەی خۆی، نانی ژنو منداڵو کەسوکاری پێشمەرگەی نەدەبڕیو لە فەرمانگەکانی حکومەت دەرینەدەکردن، لەکاتێکدا پێشمەرگە هەڵگری دروشمی ڕووخاندنی حکومەتو دەسـەڵاتی ئەوان بوو.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بە ئەندامی سۆسیال دیموکرات دەزانێتو ئیدعای سیستمێکی دیموکراسیانە دەکات لە کوردستان، بەڵام ڕەخنەو بیروڕای جیاوازو ئازادییو سەربەستی لە ئەندامەکانی خۆی قەدەغە دەکات، ئەم سیاسەتەی (ی.ن.ک) مانای لەگۆڕنانی دیموکراسیو هەڵکردنی ئاڵای دیکتاتۆرییەتە، ئەوە سیاسەتێکی زۆر مەترسیدارەو نابێت قبوڵ بکرێت، ئەمڕۆ بـەنـاوی پشتیوانیی لە لیستی گـۆڕانو سبەینێ بە بیانوویەکی دیکە، دەیەوێت دەسـەڵاتی خۆی بەشێوەیەکی نادیموکراسیانە بەسەر ئەندامانی حیزبو بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت.

* ئەوانەی کە لە ریزەکانی یەکێتی دەردەکرێنو قوتی مانڵو منداڵیان دەبڕن، تاوانەکەیان تەنیا ئـەوەیـە کە داوای چاکسـازیی و نەهێشتنی دزیو گەندەڵیو پشتیوانیی لە گۆڕانکاریی و نوێبوونەوە دەکـەن، پێویستە هەموو کادیرو ئەندامانی (ی.ن.ک) بڕێنە سەر شەقامەکانو بەیەک دەنگ ئەم سیاسەتە سەرکۆنەو ئیدانە بکەنو پێش لەم هێرەشە ناڕەواو نادیموکراسیانە بگرن.

* یەکێتیو پارتی لە سیاسەتی ڕوو بە دەرەوەیـانـدا شەرم لە عێراقچێتیو عێراقیبوون ناکەنو هەموو خەڵکی کوردستانیش لەپشتیان بوو، بۆیە لە هەموو مەیدانەکاندا پرەنسیپی دیموکراسیان ڕەتکردەوەو سیاسەتی تەوافوقـــاتو کۆمەڵێک شـەرتو شروتی نادیموکراسیانەیان بەسەر ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا سەپاند.

* ئەگەرچی بەپێی شەرعیەتو دەسـتـوور، کـوردسـتـان بەشێکی جیانەکراوەیە لە عێراق، بەڵام بەکردەوە لە وڵاتێکی سەربەخۆ دەچێت، پەرلەمانو حکومەتو هێزی سەربازیی و ئاسایشو پۆلیسو دادگـای خـۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دەستکەوتانە بۆ هەردوو حیزبی دەسـەڵاتدار کاتینو کێشەی زۆری لەدوایە، دەسـەڵاتو دەوڵەتی ناوەند بە ئەحزابی ناسیۆنالیستیو مەزهەبییەوە لە هەوڵی خۆڕێکخستنەوەو هێرشێکی پێچەوانەدان لـەدژی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان، دەبینن کە ئێستا کوردستان لەڕووی ئیدارییەوە لە وڵاتێکی سەربەخۆ دەچێتو تارادەیەکی زۆر لەژێر فەرمانڕەوایی دەسـەڵاتی ناوەند هاتووەتە دەر، دەسـەڵاتی ناوەند لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگای هەموارکردنی دەستوورو بە ڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسیانە، هەموو ئەو دەستکەوتانە لە خەڵکی کوردستان بسێنێتەوە.

ئەوانەی کە لە ریزەکانی یەکێتی دەردەکرێنو قوتی مانڵو منداڵیان دەبڕن، تاوانەکەیان تەنیا ئەوەیە کە داوای چاکســـــازیی و نەهێشتنی دزیو گەندەڵیو پشتیوانیی لە گۆڕانکاریی و نوێبوونەوە دەکەن

* پارتیو یەکێتی بۆئەوەی لە هەر ئاڵوگۆڕێکی هاوکێشە سیاسییەکاندا ئەم دەسـەڵاتەی خۆیان لەدەست نەدەن، ماوەی (١٨) سـاڵە لە هەوڵی ئەوەدان بنکەو پایەی حیزبیی خۆیان لە کوردستان بەهێزبکەن، پەیوەندی دیبلۆماسیو ئابووری خۆیان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا پەرە پێدەدەن، بەپێچەوانەی دەستوورو بەبێ گوێدانە دەوڵەتی ناوەند، گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیمزا دەکـەن، لە ناوخۆی کوردستانیش ئەو دوو حیزبە بەتەمانین هەروا بەئاسانی تەسلیم بە دیموکراسیو ئیرادەی خەڵکی کوردستان ببنو بچنە ژێر دەسـەڵاتو حوکمی دەوڵەتو یاساوە.

* ئـەم دوو حیزبە شـەراکـەتو دیموکراسییان تا ئەو جێگایە پێ قبوڵ دەکرێت کە خۆیان تێیدا بالادەست بن، ڕووخاندنی قەڵای زوڵـمو زۆردارییـو دیکتاتۆریەت لە عێراق کارێکی ئاسان نەبوو، دەوڵەتی ئەمریکا وەک گەورەترین هێزی دەسـەڵاتداری جیهانی بوو بەهۆی موعجیزەی خولقاندنی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە عێراقدا، ڕژێمی بەعس لەدوای جەنگی عێراق- ئێران، ببوو بە گەورەترین هێزی میلیتاری ناوچەکەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای خستبووە مەترسییەوە.

* یەکێتیو پـارتـی مـاوەی (١٧) سـاڵە لـە ڕێـگـای پەرلەمانێکی کـۆنـتـرۆڵـکـراوو لـەلایـەن هـەردوو حیزبەکەوە دەسـەڵاتێکی زۆرەملێو نادیموکراسیانەیان لە کوردستاندا سەپاندووە، ئێستا کە لەژێر فـــشاری ئـاڵـوگـۆڕە سیاسییەکانی عـێـراقدا، یەکێتیو پارتی ملیان بە هەڵبژاردنو پرۆسەیەکی دیموکراسیانەداوە، خەڵکی کوردستان ئومێدی بە گردەکەیە بۆ گـۆڕان، گردەکە بەئەندازەی کۆشکی سپی بووەتە جێگای هیواو ئومێد بۆ چاکســـازییو بۆ گـۆڕان، گۆڕانێک کە سیاسەتی خۆسەپاندنو دەسـەڵاتی بیرۆکراسیانە لە کوردستان کۆتایی پێ بهێنێت، حوکمو دەسـەڵاتی میلیشیایی نەهێڵێتو سەروەریی یاساو دادوەریی بچەسپێنێت، کۆتایی بە سیاسەتی پەنجا بەپەنجا بهێنێتو شەرعیەتو سیستمی دیموکراسی جێگای بگرێتەوە، سەروەتو سامانی وڵات بەتاڵان نەبرێتو شەفافیەت بۆ خەرجکردن بگەڕێتەوە، زیندانی نهێنیو دەزگـای جاسوسی ئەحزاب نەهێڵێتو عـەدالـەتو حکومەتو دامـودەزگـای قانونی لە کوردستان بەرقەراربێت، دزو گەندەڵکارانی دەسـەڵاتدار بدرێنە دادگایەکی عەلەنیو بە بەرچاوی خەڵکەوە حساب و کتابیان لەگەڵدا بکرێت.

briar@live.co.uk

هەموو شت لەپێناوی مانەوەدا!!



هیوا محەمەد

پێش ئەوەی بچینە باسەکەوە، ئەم چەند لێدوانەی سەرانی کورد وەبیردەهێنمەوە، چونکە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە..

ماوەیەک لەمەوپێش لە دوا سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ دەرەوەی وڵات، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتی: «سەرۆکی حکومەت (کە نێچیرڤانی برازامە)، کەسێکی سەرکەوتووە لە کارەکەیدا، بۆیە هەر دەمێنێتەوە لە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم»، دوای گەرانەوەشی هەردوو مەکتەب سیاسی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) کۆبوونەوەو دووپاتیان لەسەر ئەوە کردەوە کە بەیەک لیست دادەبەزنو بەردەوامن لەسەر رێککەوتنە ستراتیژییەکەیانو هیچ کێشەیان نییە!.. ئەمە تا ئێرە تەواوە.

لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/١٨-دا رۆژنامەی (رۆژنامە)و سایتی چاودێر بڵاویانکردووەتەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ شەرقولئەوسەت جێگری سەرۆکی هەرێم، بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ دەڵێت: «سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم بەشی یەکێتییە، تائێستاش بڕیارێکمان لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە نەداوە، چ ماوەکە بۆ برامان نێچیرڤان بارزانی درێژبکرێتەوە یان نا، بڕیارێش لەوبارەیەوە دەدەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە بنکەی جەماوەری یەکێتی رازی نابن بە درێژکردنەوەیو داوای ئیستیحقاقی حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ یەکێتی»! دواتریش دەڵێت ئەو کاندیدەی زۆرترین چانسی هەیە بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە، د.بەرهەم ئەحمەد سالح-ە. هەروەها دەڵێت هیچ گۆڕانکارییەک لە سەرۆکی هەرێمدا نییەو برامان مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم دەمێنێتەوە! ئەمەشیان تا ئێرە تەواوە..

هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە جەنابی سەرۆک نێچیرڤانی داناوەتەوە بە سەرۆکی حکومەت، هیشتا هەڵبژاردن نەکراوە کاک کۆسرەت، د.بەرهەمی داناوە بۆ ئەو پۆستەو سەرۆکی هەرێمیشی بێ هەڵبژاردن داناپەوە بۆ خولی دووەم، ئەرێ پێمان ناڵێن هەڵبژاردن چییەو بۆ دەیکەن؟ بۆ یاریی بە عەقڵی ئەم میللەتە بەدبەختە دەکەن؟ ئاخر میللەت چۆن هەستبکات کە سەرانی وڵات خۆی هەڵبژاردووە؟ تاکی کورد لە ئێستاوە بزانێت کە کێ سەرۆکەو کێ سەرۆک وەزیرەو (ماوەیەکی دیکەش پێش هەڵبژاردن سەرۆکی پەرلەمانیش دەڕدەکەوێت)، ئیتر چ مانایەک دەمێنێتەوە بۆ هەڵبژاردن؟ ئەگەر ئێوە پۆستە سیادییەکان هەر خۆتان دابەشیدەکەن، ئەی ئەم هەشگەلە خەڵکە بۆ کێش دەکەن بەو گەرمای هاوینەو لە ٧/٢٥دا بەردەم قوتابخانەکان بگرێتو لە ئاپۆرەی دەنگداندا بوەستێتو دەنگ بدات، دواتریش چەپڵەلێدەری هەوای ساردو فێنکی ناو کۆشکەکانتان بن؟

ئەوجار دەڵێین ئایا ئەمەیە خۆئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسیانە؟ ئەمەیە رێککەوتنی ستراتیژی؟ سەرۆکو جێگرەکەی بەمەرجێک حیزبەکەیان لە پەیمانی ستراتیژیدانو بەیەک لیست بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن، بەڵام بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان دوو بەرنامەی جیاوازیان پێیەو دواتریش ئەنجامی هەڵبژاردن وەک سالی ١٩٩٢ نەفرەت لێدەکەنو (بە فیفتی فیفتییەکەی دیکە رێک دەکەونەوە)، واتا دەبێت هەتا یەکێتیو پارتی مابن، هەر هەموو مانگێک کۆببنەوە بۆ رێکخستنی (تەوافوقێک) بۆ چارەی کێشەیەک لەپێناوی مانەوەیاندا، نەک هەڵبژاردنێکی رستگۆو ئازادانە..

جەنابی جێگری سەرۆک چاوەڕوانبە...!

هەڵۆ ئەبوبەکر

«ئەوەی مەسئولەو بەهۆی یەکێتییەوە ئەو پۆستەی وەرگرتوە کە دەنگ بۆ یەکێتی نەدات سروشتیە، یەکێتی پۆستەکەی لێوەربگرێتەوەو پۆستەکەی دەداتە کەسێکی دیکە کە سەر بە یەکێتیە» ئەوە وتەی عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە رۆژنامەی «هاوڵاتی»دا.

جەنابی جێگر سەرۆک لە وەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبووە بەرپرسانی یەکێتیو پارتی بانگەشەی (حکومەتێکی سیستماتیکو تەکنۆکراتو بوونی کەسی شیاو خاوەن بڕوانامەو لێهاتوو) بە گوێی هاوڵاتیانی کوردستاندا دەدەن، پێمان ناڵێن لابردنی بەرپرسێکی دەزگایەکی حکومیی کە بە وتەی خۆتان» بەتواناو لێهاتوویی خۆی چووەتە ئەو شوێنە» چ مانایەک بۆ حکومەتی سیستماتیکو کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەهێڵێتەوە، پێمان ناڵێت لە کوێی دنیا لەسەر بیروڕای جیاوازی حیزبایەتی، بەڕێوەبەری خوێندنگەیەک، ڕاگری کۆلێژێک، بەرپرسێکی ئاسایش لە پۆستەکەی لابراوە تاوەکو ئێمەش وەک تۆ بەسروشتی بزانین؟ ئێوە کە بانگەشەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت دەکەن، چۆن ماف بە خۆتان دەدەن بەرپرسێکی حکومیی لە پۆستەکەی دەربکەن، یان جەنابی جێگری سەرۆک بە بیروبۆچوونی جەنابتان پۆستەکانی حکومەت بەشێک نین لە حکومەت، ئەگەر وایە ئێمەش قسەیەکمان نیە!!

دیارە کاک عیماد ئەحمەد بیری چۆتەوە تائێستاش یەکێتیو پارتی بە نایاسایی پارە لە حکومەت وەردەگرنو مانگانە ٧٠ ملیۆن دۆلار لە بودجەی حکومەت دەچێتە گیرفانی پارتیو یەکێتییەوە، کە دەکاتە ٨٤٠ ملیۆن دۆلار لە سالێکداو ئەوەش بە بەراورد بە بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەکاتە ١٠،٤٩٪ سەرجەم بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێوە کە ئەو بودجە زۆرە بە هەرەمەکیو نایاسایی وەردەگرنو تائێستاش پارلەمانەکەتان ئامادەنییە یاسایەک بۆ بودجەی حیزبەکان دەربکات، ئەوە بۆ لەئێستادا پەیرەوی ناوخۆی حیزبەکەتان بووەتە چەکی یاساو یەکسانیو عەدالەت بۆتانو هاوڕێو هاوسەنگەرەکانی دوێنێی خۆتانی پێ نانبڕاودەکەن؟ دڵنیام ئێستا کۆبوونەوەکەی پیرەمەگروونت بیرچووەتەوە کە زانایانی ئاینی بۆیان جێهێشتیو هاوڵاتییانی ئەو شارۆچکەیە کردیانە هوتافکێشان، بەڵام من بیرت دێنمەوەو ئاگادارت دەکەمەوە کە هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە هەموو کات تەماشای بەڵای سااڵنی حەفتاو هەشتاکان ناکەن تا بزانن ئێوە چۆن ١٠،٤٩٪ی بودجەی ئەم وڵاتە دەخۆنو ئەوانیش لە بێئاویو بێ کارەباییو نەهامەتیدا نااڵەیان بێت.

جەنابی جێگری سەرۆک بەدووری نازانم هەروەک چۆن ئێستا جەنابتان خەڵک لەسەر پۆستەکانیان دەردەکەن، رۆژێکیش دێت چۆن بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەت بوویت بە جێگری سەرۆکی حکومەت، بەوشێوەیەش بە بڕیارێک لا ببرێیتو ئەو کاتەش جەنابت وەکو زۆرێک لە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە گلەییو گازندەت لە رۆژنامەیەکی سەد پەرەیدا جێگەی نابێتەوە، بە هیواشم ئەوکاتە هەر خۆم وەک رۆژنامەنووسێک چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکەمو ئەمڕۆت بیر بهێنمەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسیەتی سلێمانی/ ٣

ژمارە: ٤٦١/ش/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٠

(ئاگانامە)

داواکار: ـ لانە محمد صابر
داوالێکراو: ـ سامی احمد فرج

داواکار (لانە محمد صابر) داوایەکی بە ژمارە (٤٦١/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای جیابوونەوە دەکات بەهۆی جێ هێشتنت زیاتر لە دوو ساڵ و نەگواستنەوەی زیاتر لە دوو ساڵ.
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠٠٩/٦/١٤) سەعات (٩/٣٠)ی سەر لە بەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوالێکراو: سامی احمد فرج

دادوەر
جاسم جزا جافر

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

ژمارە/ ١٢٨/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٢٨

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو احمد محمد صوفی
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چم چمال) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/١٩) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم رۆژدا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبی ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امین

دادگای باری کەسێتی لە
هەڵەبجە
ژمارە /٣٣/ش/٢٠٠٩
بەروار /٢٠٠٩/٥/٢٦

ئاگانامە

داوالێکراوی شوێن نادیار/ لطیف عبدولغفور قادر
دادگای باری کەسێتی لە هەڵەبجە لە رۆژی (١٨-٥-٢٠٠٩) پێکهات و بریاری خۆی لە داوای ژمارە (٣٣/ش/٢٠٠٩) دەرکرد کە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی
سەلماندنی رەچەڵەکی باوکی داواکار (میرزا عەبدولغفور قادر) لە بەروارى (١٩٤٤/١/١) لە جێی هاوسەرێتی نێوان (عبدولغفور قادر رەحمان) و دایکی (حەیات ئەمیر هەژار)
لەبەرئەوەی کەشوێنی نیشتەجێبونت نادیارە دادگاکەمان بریاری دا بەئاگادار کردنەوەت بەناوەرۆکی داواکە ئەویش بەبڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریەلەرێگەی دووروژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە جائەگەر لە ماوەی یاستی دا تانە یاخود تەمیز نەکاتەوە ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
قادر محمد نوری

دادگایی بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ٨٢٤/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١

ئاگاداری

داواکار/ علی شونم عبدالله صوفی محمد
داوا لەسەرکراو/ شۆرش عبدالله سعید سکرابچی
بۆ داوا لەسەرکراو بە ناوی (شۆرش عبدالله سعید سکرابچی) داواکار داوایەکی لە سەرت تۆمار کردووە لە دادگای بەرای/ ٥ بە ژمارە (٨٢٤/ب/٢٠٠٩) کە تیایدا داوا دەکات کە لە دوکانی زنجیرە (٥٥٩٩) دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە (٢٣٥/٤١ م١ دەباشان) بچیتە دەرەوەو وە دوکانەکەی بە چۆڵی بۆ بگەڕێنیتەوە لەبەر ئەوەی هیچ پاساوێکی یاسای نییە لەو دەست گرتنە بەسەر مولکی ژمارە لە سەرەوە، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە رۆژی دادبینی بەروارى ٢٠٠٩/٦/٣٠ کاتژمێر ٩ی بەیانی لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی وە بە پێچەوانەوە دادگا ناچار دەبێت بە نائامادەی داواکە ببینێ.

دادوەر
عبدالله اسماعیل أمین

دادگای بەرایی سید صادق

٩٥/ب/٢٠٠٩
٢٠٠٩/٥/٢٥

ئاگاداری

داواکار/ نوری محمد عمر
داوالێکراو/ راستگری باری شارستانی سید صادق وێرای کارەکەی داواکار داوای ژمارەی سەرەوەی لە دژی راستگری باری شارستانی سید صادق تۆمارکردووە کە ناوەکەی بە هەلە تۆمار کردووە بە (ساجدة) وە لە راستیدا ناوی (سایە)ەو بەو شێوەیە دەناسرێت، جا هەرکەس ناڕازییە لە گۆڕینی ناوی (ساجدە نوری محمد عمر) بۆ (سایە نوری محمد عمر) لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا سەردانی ئەم دادگایە بکات و بەڵگەی رەسمی لەگەڵ خۆیدا بهێنێتو بە پێچەوانەوە داواکە دەبینرێت.

دادوەر
نجاة احمد حسن

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازل نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧١٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
سامان بەشارەتی ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەرێوبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەرێوبەرایەتی ژینگەی هەولێر

چی لە دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم چاوەڕێ بکەین..!



خێڵان بەختیار

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٣١، لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە شاری هەولێر تیروپشک بۆ قەوارە سیاسی و کەسایەتییەکان کرا، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەکانیان بۆ سەر کارتی هەڵبژاردنەکان.

من کە نوێنەری بەڕێز (سەفین حاجی شێخ محەمەد)م کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید کردووە، لەکاتی چوونە ژووروەوەم بۆ کۆمسیۆن، لە پرسگە مۆبایلیان لێوەرگرتم، هەرچەندە کە خۆشم ناساند، لێ ئەوان مۆبایل بردنە ژووروەوەیان بۆ نوێنەریش بە قەدەغە ناوبرد!

لەو هۆلەی کە تیروپشکەکە ئەنجامدرا، مـن و نوێنەری (مەسعود بارزانی) لەتەنیشت یەک دانیشتبووین، ئەوەی کە لام سەیربوو ئەوەبوو کە نوێنەرەکەی (بارزانی) مۆبایلی دەرهێناو بە بەرچاو عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمو تەواوی کەسەکانی ناو هۆڵەکەوە بە مۆبایلەکەی خەریکی وێنەگرتنی قیدیۆیی بوو، ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەوەبوو کە زیاتر وێنەی نوێنەری لیستی (گۆڕان)ی دەگرت.

ئەم کارەش بێلایەنیی کۆمسیۆن دەخـاتـە ژێـر پـرسـیـارەوە کە ئاسانکاریی یان چاوپۆشی لەلایەنە دەسەڵات بەدەستەکان دەکەن.

دوای تەواوبوونی تیروپشکەکە، بۆ چەند پرسیارێک لەمەڕ بوونی مافی خۆمان کە دەبێت چاودێرمان هەبێت لـە بنکەکانی دەنـگـدان، ئەمەش (بەپێی ئەوەی کۆمسیۆن ڕێی بە کەس و قەوارەکانی دیکەش داوە)، چوومە لای عەلی قـادرو خـۆم پێناساندو ئـەو پرسیارەم ڕووبەڕوو کردەوە، بەڵام ناوبراو بێ هیچ حسابکردنێک بۆ منو زۆر بێباکانە پشتی تێکردمو وەڵامی نەدامەوە، ئەمەش گومانەکانمی لە کۆمسیۆن زیاترکرد، بـەوەی کە سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردن لە کوردستان حساب بۆ نوێنەرەکانی دیـکـە نـاکـات، وەک لـەوەی کە لە بەرامبەر نوێنەری مەسعود بارزانی کردی، ئەمە هەڵسوکەوتی کۆمسیۆنو سـەرۆکـی دەستەی هەڵبژاردن بێت لە کوردستان لە مەسەلەیەکی هێندە بچووکدا، دەبێت لە مەسەلە هەستیارەکانی وەک (پێشێلکاریی و ساختەکاریدا) چی بکەنو چاوپۆشی لە چی بکەنو بە کام لادا بیشکێننەوە؟

* Xelan11@yahoo.com

هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا: کوردو دەنگدانی پراگماتی



مەحمود ڕەزا ئەمین

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠٠٩/٦/٤ هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا لە ٢٥ وڵاتی ئەوروپایی ئەنجام ئەدرێ. پارلەمانی ئـەوروپـی دەزگایەکی گرنگی ناودەوڵەتیەو لە ڕەسمکردنی سیاسەتی ناودەوڵەتی دا ڕۆڵی گرنگی هەیە. ئەم دەزگایە بەحوکمی ئەوەی دەزگایەکی قانونیی دەستوری گرنگەو ٤ ساڵ جارێک ئەندامەکانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی، ڕاستەوخۆ و نهێنی یـەوە، لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵئەبژێردرێن، کوردانی دانیشتوی وڵاتانی ئەوروپا، ئەگەر کار بۆ ناسنامە نەک حیزب بکەن و، فێری هونەری باش بەکارهێنانی دەنگ ببن، ئەتوانن لە چەند وڵاتێکی وەکو سوید، نەرویج، دانمارک، هۆڵاند، ئەڵمانیا و بریتانیا، کەژمارەیەکی زۆر کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانیان لێ ئەژی، هەر ٤ ساڵ جارێک ژمارەیەک کوردی ئەکتیڤ یان ئەوروپایی دۆستی کورد بەرنە ناو ئەم دامەزراوە گرنگەوە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵ لە وڵاتی سوید ٥ کاندیدی کورد، لەسەر لیستی ژمارەیەک حیزبی سویدی بەشداری ململانێی هەڵبژاردن ئەکەن. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ ڕوشنکردنەوەی بەرچاوی کوردانی دانیشتوی سوید بۆئەوەی بەجۆرێک دەنگ بدەن کە بتوانن لانی کەم لەو ٥ کاندیدە کوردە یەکێکیان بنێرن بۆ ناو تـەلاری پارلەمانی ئەوروپا لە بروکسلی پایتەختی وڵاتی بەلجیکا.

بایەخی لۆبی کردن بۆ کورد:

لـەدوای ڕوخـانـدنـی ڕژێـمـی سەدام حوسێنەوە، ئەرکی ڕەوەند/جالیەی کوردی باشوری کوردستان (بەکارهێنانی وشەی ڕەوەند مەجازییە) لە دەرەوەی وڵات، گۆڕانی گەوهەری بەخۆیەوە بینی. پێش ڕوخاندنی ڕژێم، کوردستانیانی دەرەوەی وڵات ئەرکی جیاجیا یـان لەئەستۆ بو، پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس چەند ئەرکێکی دیاریکراو، وەکو ستراتیج بون بە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات.

کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان زۆر و لێک دابـڕاون. هەتا شێوازی کارکردنیان نەگۆڕن، ناتوانن لەسەر ڕاستەڕێی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان مانایەک ببەخشن. بۆئەوەی لە عۆدەی ئەرکەکانی سەرشانیان بێن، ئەبێ لـەدەوری یەک کۆببنەوە؛ پێکەوە بەرنامەی کارو چالاکی دابڕێژن و پێکەوە جێبەجێی بکەن. بۆئەوەی بتوانن لـەدەوری یەک کۆببنەوە و پێکەوە کارو چالاکی ئەنجام بدەن، ئـەبـێ بـەرژەوەنـدی نـەتـەوەیـی و نیشتمانی بخەنە سەرو بەرژەوەندی ئایدیۆلۆجی و حیزبی یەوە.

واقیعی تالی کوردستان و دیاردەی حیزبایەتی کردنی سەقەت، لەناو وڵاتەوە گواستوێتییەوە بۆ دەرەوەی وڵات. لـەزۆربـەی ئـەو وڵاتـانـەی کوردیان تیا ئەژی، ڕێکخراوەکانیش بەگوێرەی ئینتیما بۆ حیزبەکان، دابەش بون. هەر گرژی و ساردییەک لـەوڵات بکەوێتە نێوان حیزبەکان، لەڕێگەی ڕێکخراوە ڕەدیفەکانیانەوە ئەگوێزێتەوە بۆ ناو کوردی دەرەوەی وڵات. ئەم حاڵەتە تایبەت نییە بە کوردی باشوری کوردستان، بەڵکو تـەواوی کـوردی هەمو پارچەکانی کوردستان بەدەستییەوە ئەنالێنن. ئەم دیاردەیە خەتەرترین هەڕەشەیە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە، لەدەرەوەی وڵات لەئەستۆی ڕەوەندی کوردین. بەڵکو هەڕەشەی جیدییە لە چارەنوسی کورد بەگشتی.

شوێنی جێوپۆلەتیکی و جوگرافیای سیاسی کوردستان ئەوەندە نالەبارن مرۆ نائومێد ئەکەن. کاربەدەستانی کورد ئەوەندە بەرژەوەند پەرست و کەم تواناو، داگیرکەرانی کوردستان ئەوەندە نادیموکراسین و خراپ بیر ئەکەنەوە، ڕوناکایی لە ئاسۆدا نابینی. لەبەرئەوە کورد لەڕادەبەدەر پێویستی بە لۆبی کردنە. جالیەی پتەوو لۆبی بەهێز ئەتوانن لاوازییەکانی شوێنی جێوپۆلەتیکی و جوگرافیای سیاسی کوردستانمان بۆ پر بکەنەوە. فێربونی بەکارهێنانی دەنـگ، یان دەنگدانی پراگماتی هونەرێکە کە لەڕێگەیەوە ئەتوانین بگەینە قۆناغی لۆبی کردن بۆ گەل و وڵات نەک بۆ حیزب و تاقمی سیاسی.

بۆ خۆ ڕاپسکاندن لەو واقیعە تاڵە و، ڕاگەیشتن بە بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی ڕەوەندەکە و ڕاگەیشتن بە ئامانجە گشتی و دوورەکـانـی سەرشانی ڕەوەنـدی کوردی دا، پێویست بە هەبونی پێڕەو و بەرنامەیەک ئەکات کە بتوانن هێڵە گشتییەکانی کار و پێکەوە هەڵسورانی دڵسۆزان و ئامانجە دوورو نزیکەکانی سـەرشـان دیـاری بـکـەن. بابەتی پـێـڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کار هەڵئەگرم بۆ کاتێکی تر. لەم وتارەدا تەنیا باسی دوو جۆر دەنگدان ئەکەم، کە لەوتارێکی زوتردا، ئۆگستی ٢٠٠٦، بەبۆنەی هەڵبژاردنی گشتیی پارلەمان و شارەوانییەکانی سویدەوە، ناوم نابون: دەنگدانی ئایدیۆلۆجی و دەنگدانی پراگماتی.

دەنگدانی پراگماتی:

کەسێک بۆ گەل و خاک بیر بکاتەوە نەک بۆ قازانجی حیزب، ئاسان ڕازی ئەکرێ لەم بۆنە دیموکراسیانەدا پراگماتیانە دەنگ بدا. بۆ ئەوەی ڕونی بکەمەوە مەبەستم لە دەنگی پراگماتی چیە، ئەم نمونەیە ئەهێنمەوە:

فلان یان عەلان کوردی دانیشتوی وڵاتی سوید هەڵگری بیروباوەڕی سـۆسـیـال دیـمـۆکـراتـە. کـەواتـە نزیکترین حیزب لەو، پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدە. ئەو کەسە، ئەگەر بیەوێ پراگماتیانە دەنگ بە کاندیدێکی کوردی ناو (پ. س. د. س) بدا، ئەبێ چەند مەرجێک لەبەرچاو بگرێ:

مەرجی یەکەم: ئەگەر جێگەی کاندیدە کوردەکە لەناو لیستەکەی حیزبی سۆسیال دیموکرات دا ئەوەندە نزیک بێ، هیچ گومانێکی نەبێ کە دەنگەکەی بەخۆڕایی ئـەڕوا. ئەم دەنگدەرە بۆئەوەی تەخمینی بکا هەتا ژمارەی چەند کاندید لەناو لیستەکەدا ترسی لەسەر نیەو دەرئەچێ، ئەبێ یان خۆی کەسێکی وریاو موتابیع بێ، یان زانیاری لە شوێنێکەوە دەست بکەوێ لەسەر: ژمارەی ئەندامانی ئەم حیزبە لە پارلەمانی ئەوروپی، لە هەڵبژاردنی چوار ساڵ لەوەوبەردا؛ پێشبینییەکانی دەزگا پرۆفیشیونالەکانی ڕاپرسی لەسەر ژمـارەی ئەو کورسییانەی ڕەنگە سۆسیاڵ دیموکراتەکانی سوید لـەم هەڵبژاردنەدا بیهێنن. گرینمان بە بـەراوردکـردنـی نێوان ئەو دوو ژمارەیە بۆمان دەرکەوت لەم هەڵبژاردنەدا پارتی ناوبراو ١٨ کورسیی پارلەمانی ئەوروپا بەدەست ئەهێنێ. لەم حاڵەتەدا، ئەگەر شوێنی کاندیدە کـوردەکـە ژمـارە (١٨) و بەرەوسەر بو (١٧، ١٦، هتد)، دەنگدان پێی هەم پراگماتییە، هەم حەزی ئایدیۆلۆجیشی لەگەڵە. دەنگدانی وا خۆشییەکی زۆر بە خاوەنەکەی ئەبەخشێ و ئاسودەیی بەدەرونی ئەدا.

مەرجی دووەم: ئەگەر جێگەی کاندیدە کـوردەکـە، لەسەر لیستی حیزبەکە دوور بێ، بەڵام بە چەند هەزار دەنگێکی کەم، بە هەقی خۆی دەربچێ. ئەم دەنگە لە وڵاتی هۆڵاند پێی ئەوترێ: دەنگی فەزڵدار. دەنگی فەزڵدار ئەو دەنگەیە کە هەر کاندیدێک هێنای، ڕیزی ناوەکەی لە هەرکوێدا بێ، گرنگ نیە. ژمارەی دەنگەکانی پێیدراون دەری ئەچێنن. دەنگی فەزڵدار لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئەوروپا لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر جیاوازی هەیە. پەیوەندی بە قەبارەی حیزب و دەنگە هاتوەکانەوە هەیە.

ئـەگـەر یـەکـێـک لـە کـانـدیـدە کوردەکانی (ح. س. د. س) خوشک، برا، هـاوڕێ یان خزمی ئەم کەسە بێ، ڕیزی ناوەکەشی لە جێگەیەک بێ گومانی لێی هەبێ دەربچێ، ئەوا ئەگەر دەنگی بداتێ، یانی دەنگ ئەدا بە سۆزی نزیکیی یان خزمایەتی. ئەمە بۆ کەسێکی سویدی ئاساییە. بەڵام بۆ کوردێک، ئەگەر کوردانە بیر بکاتەوە، دەنگەکەی بەخەسار ئەچێ. لەم حاڵەتەدا حیزب قازانج لە دەنگەکەی ئەکا نەک خزمەکەی یان جالیەی کورد. ئەم جۆرە دەنگدانە بۆ ئێمەی کورد، ئەگەر کوردانە بیر بکەینەوە، نا-پراگماتی یە.

دەنگی ئایدیۆلۆجی:

دەنگی ئایدیۆلۆجی ئەو دەنگەیە کە خاوەنەکەی بە حیزبی (س) یان (ص)ی ئەدا، هەر لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆجیای حیزبەکە، ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە ئەم باوەڕی پێیەتی. ئەم جۆرە دەنگدانە بۆ ئێمەی کورد، ئەگەر مەبەستمان بێ کار بۆ دروستکردنی لۆبی بکەین، زیان بەخشە.


ئێستا ئەگەر ئەو قسانەی سەرەوە لـەسـەر کـانـدیـدەکـانـی هـەردوو وڵاتـی سوید و هۆڵاند پراکتیک بـکـەم، دەنـگـدەرە بـان-حـیـزب و بان-ئایدیۆلۆجیاکانی کورد، ئەبێ دەنگ بەو کاندیدە بدەن کە لەسوید بەکەمترین دەنگی فەزڵدار ئەتوانێ بچێتە پارلەمانی ئەوروپا. تائێستا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی کوردییەوە ٢ ژمارەی فەزڵدارم بینیوە کە یەکێکیان (٧٤٨٠ دەنگ) و ئەیتریان (١٠٠٠٠ دەنگ)ە. من لە سوید بژیایەم بێ سێ و دوو، بێ هیچ دوو دڵییەک دەنگم ئەدا بە (٧٤٨٠) کە. تەبعەن بەمەرجێک خاوەنەکەی ئەهلی دەنگم بێ: بێ ناوهێنان، ئەوەندەی خۆی ئەیڵێ و لەسەریم پیستوە ئەهلێتی.

لە هۆڵندا‌ش لەبەرئەوەی لەهیچ حیزبێکی هۆڵندی دا کاندیدی کورد نیە، بان حیزب و بان ئایدیۆلجییەکانی کورد ئەبێ بەچاوی مشتەری سەیری کاندیدی حیزبەکان بکەن. کامیان قسەی باش بۆ کیشەی کورد ئەکاو بەڵێن ئەدا لەوێش دۆستی کورد بێ، دەنگی بدەنێ.

حـیـزبـی سۆسیالیست:

سۆسیالستە پارتای (SP) حیزبێکی چـەپـی تراديشیونێلە. لـەبـاری ئایدیۆلۆجییەوە لەگەڵ ئەم حیزبە نایەمەوە. بەڵام ئەم حیزبە سالانێکە گەرم هاتۆتە مەیدانی بەرگریکردن لە کێشەی کورد. جولاندنی کەیسی فـرانـس فـان ئـانـراتـی بازرگانی کەرەستەی خاوی چەکی کیمیایی و فرۆشتنی بە ڕژێمی سەدام حوسێن، نوێنەرەکانی ئەم حیزبە لە پارلەمانی هۆڵندا بۆیەکەمجار پەردەیان لەڕوی هەڵماڵی. لەهەمو بۆنە کوردییەکانیشا گـەرم بـەشـداری ئـەکـەن. یەکێک لەکاندیدەکانی ئەم حیزبە بۆ پارلەمانی ئەوروپا (خاتو نیکۆل فان خیمێرت)ە کەلەسەر لیستی کاندیدەکانی (SP) ناوی ژمارە (٣) یە. ئەم خاتونە لە چاوپێکەوتنێکیا کە ماڵپەڕی ئاوێنە ڕۆژی یەک شەممە، ٢٠٠٩/٥/١٧ بڵاوی کردۆتەوە، وتویەتی: «بۆتان دەسەلمێنم مانگێکی تر دۆستێکتان زیادی کردوە لە پارلەمانی ئەوروپا». کەواتە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ بەکەماڵی ئیسراحەت ئەچم دەنـگ ئـەدەم بە کاندیدی ژمارە (٣)ی ناو لیستەکەی سۆسیالیستە پارتای، با حەزم لە سیاسەتی گشتیی حیزبەکەشی نەبێ.

کەی کوردانی دانیشتوی وڵاتانی دەرەوەو خـەڵـکـی کوردستانی دانیشتوی وڵات فێری هونەری باش بەکارهێنانی دەنگی خۆیان بون، ئەوکاتە چارەنوسی وڵات و خەڵکی کوردستان لەخەم ئەڕەخسێن.



نیشتمانی (حسێن میسری)

کێ دەزانێ تۆ چەند ماندووبوویت، وەک گوڵە گەنمێکی بەرهەتاوی غەمگین، وەک بەیانییەکی سووتاو بەبۆنی عەتری عاشقێک، عاشقێکی ئەفسانەیی نا، شەیدایەکی نەناسراویش نا... ئەویندارێکی موبارەک، کە رۆحی پڕبووبێ لەحوزن‌و بەرەکەت، دڵی پڕبووبێ لەڕۆشنایی داگیرسانی مۆمی زەمانێکی تر، ئەو زەمانەی ئاشنایەتی هەیە لەگەڵ رۆژگاری حەکیمێکی بەحەیاو حورمەتدا....

تۆ بۆیە دەستت لەخوێندن هەڵگرت‌و رۆیشتی، تابگەیتە رووبارێک کە مردنی تێدا نقوم نەبێت‌و نەخنکێ... تۆ بۆیە رۆیشتی‌و سەری خۆت هەڵگرت، تائەجەل لەوەزیاتر سەری گوڵە گەنمەکانی هاوڕێت لێ نەبات.

لەبیرمەو لەبیرم نییە.. نازانم بەناوی کێوە قسە بکەم... بەناوی ئەوانەوە کەدەست بەسەری رووناکیدا ئەهێنن‌و ئاو ئەلاوێننەوە... یان بەناوی ئەو عاجزانەوە کە «مەی» ئاشتیان ناکاتەوە لەگەڵ بەدبەختی خۆیان، لەگەڵ ئەوانەی ئیمان زەفەری بەسپێتی خۆشەویستی بردوون.

لەبیرمەو لەبیرم نییە، نایەتەوە وەک قەلەندەرێکی غەمبار، وەک مەفتونێکی گریاو، وەک گەلایەکی زەردی بێدەنگ، لەحوجرەیەکی تاریکدا وایەری کورسییەکانت توند ئەکردەوە... توند..توند، تاعەیبی تێدا نەبێ، باشاگردێکی غەزایەکی ئەفسانەیی بیت... وایەر وایەر راتدەکێشاو گرێتدەدا... وایەری سەوز... وایەری زەردی کورسییەکان... ئەوەندە عاشقی ئەو وایەرانە بوویت وازت نەهێنا تائالایەکت پێ قایمکرد... ئالایەکی گریاوو بێتاقەت...

وازتنەهێنا تائەو ئالایەت لەئاهەنگێکی لەدایکبوونی کوشتندا، دایە دەست سەرکردەکانی هەورە بروسکە، داتە دەست وەزیرەکانی زوڵمەت‌و برین، سوێندتدان: بەنیشتمان بەدەیان شانۆیی ئەوین‌و بەدەیان درامای غەمگین. بۆ ئەوەی ئەوان ئاشتببنەوە‌و نیشتمان ئاشت نەبێتەوە لەگەڵ ئەواندا، بۆ ئەوەی ئەوان لەسەر شەقامەکان دەرکەونەوە‌و نیشتمان لەدڵتان بمێنێتەوە، نەکا جارێکیتر بکەوێتە بەردەم زریانێکی دیکەی حیزب‌و ژەنەڕاڵە بێ ئیشەکانی قیامەت...

لەبیرمەو لەبیرم نەماوە، کەی بوو ئەو کاتەی کراسەکەی نیشتمانت کردەبەری «گۆرانی خۆشەویستی» بەتەری بەپەتێکی شانۆکەدا هەڵتواسی، تائەکتەرەکان بەمانگە دەربەدەرو لاوە هەڵاتووەکان بڵێن: من لێرە دەمێنمەوە، من ئەم شانۆیە چۆڵناکەم، لەسەر شەرەفی نیشتمان دەمێنمەوە‌و لەسەر شەرەفی نیشتمانیش کۆچ دەکەم

ئارام ئیسماعیل

پەلەکە لە تۆمارکردنی هێڵەکەت، ماوەی 12 ڕۆژت ماوە

ئاسیاسێڵ سەرجەم بەشداربووانی خاوەن هێڵە تۆمارنەکراوەکان ئاگادارەدەکاتەوە کە بەڵگە فەرمییەکانیان ئامادەبکەن بۆ تۆمارکردنی هێڵەکانیان لە نزیکترین سەنتەری فرۆشیاری یان لە لای بریکارە سەرەکییەکانی سەر بە کۆمپانیا بۆ نەوەی هێڵەکانیان نەبڕدرێت وسوودی لێ ببینن، هەروەها بەردەوام بن لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی ئاسیاسێڵ.

تێبینی:

ئاسیاسێڵ دەست دەکات بە بڕینی هێڵە تۆمارنەکراوەکان لە ڕێکەوتی 15 – 6 – 2009 وە.

ئەو بەڵگانەی کە پێویستە بۆ تۆمارکردنی هێڵەکە:

- ناسنامەی باری شارستانی
- کۆپۆنی خۆراک
- کارتی زانیاری نیشتەجێبوون
- 2 وێنە

ئاسیاسێڵ

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١



چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

کۆمەڵایەتی

٨ لاپەڕە

ژمـــارە (481) سێشەممە 2009/6/2 komalayati.rozhnama@gmail.com



ڕەگەزی مێینە زۆرتر تووشی گیروگرفتی دەروونی دەبن لە ڕەگەزی نێرینە

ل٤



لە نیوکاسڵەوە بۆ زیندانی ئاکرێ

ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە زەحمەتترین باردا دەژین

ل٢

تێکەڵکردنی خوێندکاران لەبەر کەمیی بینایە یان گۆڕینی سیستمی پەروەردە؟

ل٥

زێی کەڵک مردنێکی بەردەوام

ل٦

لە نیوکاسڵەوە بۆ زیندانی ئاکرێ

دوای پێنج مانگ لە ونبوونی، لەڕێگەی خاچی سورەوە دەدۆزرێتەوە

ئەحمەد باڵەکی


ئیسماعیل محەمەد ئەمین (٣٥ساڵ)، دوای ئەوەی خولیای کۆچ بەرەو هەندەران دەکەوێتە بیرکردنەوەیەوە، بەبێ ئاگاداری خێزانەکەی رووەکاتە ئەستەمبوڵو دواتر بۆ شاری نیوکاسڵی بەریتانیا، دوای پێنج ساڵ ژیانی پەناهەندەیی لە تاراوگە ئیسماعیل دێتەوە کوردستانو دواتر لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیر دەکرێتو دەبرێتە زیندانی ئاکرێ، خانەوادەکەی ئیسماعیلیش دوای پێنج مانگ لە دەستگیرکردنی لە رێگای نامەیەکی خاچی سورەوە دەزانن کە لە زیندانێکی هەرێمدا دەستبەسەرە، بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی لە غوربەتو زیندانی ئاکرێدا بەسەریدا هاتووە، ئێستا ئیسماعیل تووشی نەخۆشی دەروونی بووە.

ئیسماعیل محەمەد ئەمین لە گوندی گوزانی سەر بە ناحیەی گەڵاڵە لەدایکبووەو دەرچووی سێیەمی ناوەندییە، دوای ئەوەی کە ناحیەی گەڵاڵە لەلایەن رژێمی بەعس رادەگوێزرێت، ئیسماعیل لەگەل خانەوادەکەی رووەکاتە قەزای سۆران، ئیدی لەو کاتەوە ململانێ لەگەڵ ژیان دەستپێدەکاتو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، چەند کارێکی جیاواز دەکات تا لەکۆتاییدا لە پیشەی سەرتاشیندا جێگیردەبێت.

ئیبراهیم محەمەد، بـرای ئیسماعیل ئاماژەی بەوەکرد، ئیسماعیل بـەردەوام کۆچ بـەرەو هـەندەران یەکێک بـووە لە بیرکردنەوەکانی، هەربۆیە بەبێ ئاگاداری ئێمە لە (١٥/ ٧/ ٢٠٠٠) سەفەری کردو بۆ مـاوەی دوو مانگ هیچ هەواڵێکی ئیسماعیل نەما، ئیبراهیم وتی: «زۆر شوێن بەدوایدا گەڕاین، بەڵام نەمان دۆزییەوە، ئەوەبوو لە٩/١٥ی هەمان ساڵدا ئیسماعیل تەلەفۆنی بۆ کردینو پێیڕاگەیاندین کە لە ئەستەمبوڵەو پێویستی بە پارە هەیە بۆئەوەی بچێتە بەریتانیا، ئێمەش پارەمان بۆ ناردو دواتر رووبکردە وڵاتی بەریتانیا لە شاری نیوکاسڵ».

ئیسماعیل بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو شارە ژیانی تاراوگە بەسەردەبات، بەڵام بەوپێیەی مافی مانەوەی وەک پەنابەر لە بەریتانیا پێنادرێت، ناچار لە مانگی نیسانی ٢٠٠٥ دێتەوە کوردستان، ئیسماعیل لەکۆتایی مانگی ئایاری هەمان ساڵدا بە سەردانێک دەچێتە شاری هەولێرو ئیتر تا پێنج مانگ دووبارە دەنگوباسی نامێنێتەوە.

ئیبراهیمی برای ئیسماعیل وتی: «ئێمە



جارێکی دیکە زۆر گەڕاین بە شوێن چارەنووسی ئیسماعیلدا، چەند جارێک چووینە ئاسایشی هەولێر، بەڵام لە ئاسایش پێیاندەوتین ئەو کەسە لای ئێمە نییە، دواتر زۆر شوێنی دیکە بەدوایدا گەڕاین، ئیتر ئ هیوا بووین». ئیبراهیم باسی لەوە کرد کە ٢٠٠٥/١١/٢٩ لەلایەن خاچی سوری نێودەڵەتی ئاگادار کراینەوە کە ئیسماعیلی برامان لە گرتوخانەی ئاکرێ دەستبەسەرە، ئێمەش زۆر خۆشحاڵ بووین، دواتر ناوەناوە سەردانمان دەکرد، زۆرمان هەوڵدا ئیسماعیل بەسەرهاتی خۆیمان بۆ باسبکات، بەڵام وەڵامی نەدەداینەوەو تەنیا وەڵامی فرمێسکی چاوەکانی بوو، کە بە دەستیشی هێمای بۆ پشتی دەکردو نیشانەی چەندین ئەشکەنجەی پێوە دیاربوو.

ئیبراهیم وتی: «لەنێو زیندان چەندینجار شەو تا بەیانی ئیسماعیلی برامیان بە سەرەوخواری دەبەستەوەو ئاوی ساردو گەرمیان پێدا دەکرد».

محەمەد ئەمینی باوکی ئیسماعیل، کە نیگەرانیو غەمی کوڕەکەی سیمایەکی تراژیدیان لە دەموچاویدا دروستکردبوو، وتی: «کوڕەکەم سەرەتا لە هەولێر دەستگیر کرابوو، دواتر بردبوویان بۆ ئاکری پاشان هێنابوویانەوە هەولێر، ئاسایش بە منیان دەوت کوڕەکەت تیرۆریستەو دەستی هەبووە لەگەڵ تیرۆریستان، بەڵام کوڕی من تیرۆریست نەبوو، ئەگەر کوڕەکەم تیرۆرست بوایە، ئێستاش بەرنەدەبوو».

دوای سێ ساڵ مانەوە لە زیندانداء ئیسماعیل لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٨) ئازادکرا، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە تەواو تێکشکابوو، هەروەک خانەوادەکەی ئاماژەی بۆ دەکەن، ئێستا ئیسماعیل لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ژیان بەسەر دەبات.

ئیبراهیم وتی: «بارودۆخی زۆر خراپەو بەردەوام دەگۆڕیو فرمێسک بە چاوانیدا دێتە خوارێ، بەدرێژایی رۆژێش رادەمێنێتو بەهیچ شێوەیەک قسە ناکات».

خوێندکارانی قوتابخانە ئایینییەکان تاقیکردنەوەیان نەکرد

ئاوارە حەمید

قوتابی دوو قوتابخانەی ئایینی هەولێر بەپاساوی قورسی پرسیارەکان بەشداری تاقیکردنەوەکان ناکەن

بەپاساوی قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، خوێندکارانی شەشەمی ئامادەیی هەردوو قوتابخانەی خەدیجە کوبراو شەهید مەلا عەبدوڵا پلپیتانی ئایینی، کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن لەشاری هەولێر، لەکاتی تاقیکردنەوە ئامادەنەبوون وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، لەنێو هۆڵی تاقیکرنەوەکان دەستیانکرد بەخۆپیشاندان.

محەمەد ئەحمەد، کە یەکێکە لەخوێندکارانە ژمارەی خوێندکارە نارەزاکانی بە (٢٥٠) خوێندکار مەزەندەکرد بەڕۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی قورسی پرسیارەکان ناچاربووین، کە وەڵام نەدەینەوەو دەفتەری وەڵام بەسپێتی بدەینەوە دەستیان، لەبەرئەوەی ئێمە تەنیا کۆلێژی شەریعە وەرماندەگرێتو لەساڵانی رابردوو پرسیاری وانەهاتووەتەوە بەڕوونی لەپرسیارەکان دەردەکەوێت کە حکومەت نایەوێت سەرکەوتووبین، دەیەوێت وازلەخوێندن بهێنین».

لەلایەن خۆشیەوە شێخ دلێر بالیسانی سەرپەرشتیاری هۆڵی تاقیکردنەوەی قوتابخانەی شەهید مەلا عەبدوڵا پلپیتانی رایگەیاند: «دوای ئەوەی پرسیارەکانمان بەخوێندکارانداو ئەوان وتیان پرسیارەکان قورسن، منیش پێمڕاگەیاندن، کە دەتوانن وەڵام نەدەنەوە، خولی دووەمتان هەیەو ئەوکات وەڵام بدەنەوە، بەڵام دیاربوو پێش ئەوە خوێندکارەکان وتبوویان، کە وەڵام نادەینەوەو دەچینە دەرەوەو هەرواشیانکرد».

شێخ دلێر بالیسانی ئاماژەی بەوەشدا، کە سەرووی خۆیان ئاگادارکردووەتەوەو لەگەڵ وەزیری ئەوقافدا سەبارەت بەومەسەلەیە دانیشتن دەکەن، کە ئاخۆ بزانن پرسیارەکان قورس بوون یان نا.



ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە زەحمەتترین باردا دەژین

ستارە عارف
نیان مەجید

کەسوکاری ئەنفالکراوان بڕی مووچەی مانگانەیان پێ کەمەو ئاماژە بەوەدەکەن، کە بەشی ژیانی رۆژانەیان ناکات، بەڵام بەرپرسان زیادنەکردنی ئەو مووچەیە دەگەڕێننەوە بۆ «هەبوونی ساختە لە تۆمارکردنی ناوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا»، ئاماژەش بەوە دەکەن بە نیازی پاکسازییکردنن تیایداو «چاو دەخشێنرێتەوە بە مووچەی کەسوکاری ئەو قوربانیانەدا».

مووچەی کەسوکاری ئەنفالکراوان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١دا، (٢٠٠) دینـاری چاپی سویسری بوو، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کرا بە (١٥٠) هـەزار دینار کە ئەوکاتە (١٠٠) دۆلاری ئەمریکی دەکرد، ئێستاش بووە بە (٣٠٠) هەزار دینار.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان لە سنووری شـاری سلێمانی کە ئەنفالی قـەرەداغو شارباژێڕ تا تانجەڕۆو دوکانو دۆڵی جافایەتی دەگـرێـتـەوە، (١٣٠٠) کەیسی ئەنفالکراو تۆمارکراون، بە وتەی بەرپرسان ئەم ژمارەیە رۆژانـە کەمو زیاد دەکات.

مـەحـمـود سـەرمـۆردی، بـەڕێـوەبـەری بـەڕێـوەبـەرێـتـی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان لە سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئاماری ورد لەبەردەستماندا نییە، چونکە خێزان هەیە کەسێکی بۆ تۆمارکراوە، بەڵام بە دۆکیومێنت چوار کەسی هەیە.

کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە کوردستاندا یەکێکن لە تووژە هەرە هەژارەکانی کوردستانو هەندێکیان جگە لەو مووچەیەی حکومەت هیچ بژێوییەکی دیکەیان نییە، هەربۆیە هەندێک ڕێکخراوی ناحکومیی لە هەوڵی ئـەوەدان کە ئشوکار بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بدۆزنـەوە لە ڕێگەی کردنەوەی خولی پیشەییەوە.

هونەر مەحمود، بەڕێوەبەری ڕێـکـخـراوی ژیـانـی نـوێ بۆ ژنـانـی ئەنفال، لـەبـارەی کـاری ڕێـکـخـراوەکـەیـانـەوە بـۆ ژنانی ئەنفال دەڵێت: «ئێمە بەهاوکاری ڕێکخراوێکی ئەمریکیی دوو خولی دروومانمان بۆ ژنان کردووەتەوە کە (٤٠) ژنی کەسوکاری ئەنفالکراو بەشداری تێدا کـردووە، هاوکات مەڕو ماڵاتمان بەسەر (١٢٠) ماڵی ناحیەی سەنگاوو (١٢٠) ماڵی ناحیەی تەکیەدا دابەشکردووە، کـە سـەرجـەمـیـان کـەسـوکـاری ئـەنـفـالـکـراوانـن». وتیشی: «پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتدا نەبووە، بـەڵام یارمەتیدەرمان نەبووە، بـواری تەندروستیو دەروونـی پێویستی بـە کەسانی پسپۆڕ هەیەو کەس یارمەتی نەداوینو تائێستاش دوو سەرژمێریمان کردووە، بەهۆی نەبوونی تواناوە سەرژمێرییەکان لەئاستێکی کەمدا بوون، ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە پایزی ٢٠٠٥ تا سەرەتای ٢٠٠٦ سەرژمێرییەکیان کردووەو تیایدا (١٠٠) ماڵ لە شۆڕشو (١٠٠) ماڵ لەرزگاری تۆمارکراون، وتیشی: «بۆمان دەرکەوت ٨١٪ی ژنان لە رزگاری سەرۆکی خێزانن، ٧٦٪ی ژنان لە شۆڕش سەرۆکی خێزانن، «لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە ٩٠٪ بـەرەو ژوور بەو مووچە کەمە دەژیـن کە حکومەت لە ٢٠٠١دا بۆی بڕیونەتەوەو لە٢٠٠٢/٤/١١دا خەرجکراوە». بەڵام وەک وەزیر وتی «بەهۆی ئیمتیازاتو مووچەی شەهیدانو ئەنفالکراوەوە خەڵکێکی زۆر زەرەری لێکەوت، بەپێی یاساکە (ژن ئەگەر تەڵاق درابێتو شوشی کردبێتەوە، میراتگری یەکەمە دوای ئەوان منداڵ دێت، لەدوای ئەوان خوشکو برا) زۆر کەس بەهۆی ئەم ئیمتیازەوە بێ مووچە مانەوە».


فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان لـە سلێمانی وتـی: «لـە هەموو ناوچەکان بۆ ئەنفالو کیمیاباران کە ئیفرازات هەبووە، زەویمان بەسەردا دابەشکردوون، بەڵام تایبەت بۆ ژن هیچمان نییە، ژن یان پیاوێکی کەسی ئەنفال یان کە پەککەوتەیەو لە ماڵەوەیە کەسێکی بۆ دابیندەکەین، (٧٥) هەزار دینار دەدەین بەو کەسە کچی یان بوکی بێت تا خزمەتی بکات».

ئاماژەی بەوەشدا کە «رەنگە لە داهاتوودا هەموو لە وەرگرتنی زەوی سوودمەندبن». هەر لەبارەی ئەو خزمەتانەی کە بە کەسوکاری ئەنفالکراوان کراوە، وتی: «ئەگەر کۆرو کچی شەهیدانی جینۆسایدو ئەنفال بچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، لای ئێمە ملیۆنێک دینار وەردەگرنو شەهیدانی جینۆسایدو ئەنفال حسابی شەهیدی سەنگەریان بۆ کراوە، ئەگەر لە زانکۆی ئیواراندا بخوێنن حکومەت پارەکەیان بۆ دەدات».

لە لایەکی دیکەوە، سەلمان رەمـــــەزان، بـــەڕێـــوەبـــەری بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکانی چەمچەماڵ، لەبارەی ئاوڕدانەوەی حکومەتو ئەو کارانەی بۆ ژنانو کەسوکاری ئەنفال بەگشتی کـراون، وتی: «مووچەی (٣٠٠) هەزار دینارمان بۆ بڕیونەتەوەو بەپێی توانا زەویمان داونـەتـێو (٦٠١) خانوومان بۆ کەسوکاری ئەنفالەکانی چەمچەماڵ دروستکردووە، ئێستا بەرنامەی دیکەش بەڕێوەیە کە خانووی دیکە لە ناحیەو دێهاتەکانی خۆیان کە لێی نیشتەجێن بکرێتەوەو لـە ئـایـنـدەیـەکـی زۆر نزیکدا دەستپێدەکات، نەخۆشەکانیان لە ڕێگای نەخۆشخانەی شۆڕشەوە بێ بەرامبەر چارەسەردەکرێن، خوێندکارەکانیان لـە زانکۆی ئەمریکی بێ بەرامبەر دەخوێنن».

دەربـــارەی ئـــەوەی ئایا ئەو بڕە پارەیەی دەیاندرێتێ ژیانیان بۆ دابیندەکات، وتـی: «ئـەو بڕە پارەیەی کە وەریدەگرن بەشیان ناکات، بـەڵام یەکەمجار (٢٠٠) دینار بوو پاشان بوو بە (١٥٠) هەزارو ئنجا بوو بە (٣٠٠) هەزار دینار، چاوەڕواندەکەین لە ئایندەدا ببێتە (٤٠٠) هەزار دینار».

ئـەوەشـی نـەشـاردەوە، کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تائێستا لەزەحمەتترین باردا دەژینو بژێوی ژیانیان بە گران بەڕێوەدەبەن.

ژمـــارە (481) سێشەممە 2009/6/2
komalayati.rozhnama@gmail.com

تێکەڵکردنی خوێندکاران لەبەر کەمیی بینایە یان گۆڕینی سیستمی پەروەردە؟

سارا محەمەد

بەهۆی نەبوونی بینای خوێندنگای ئامادەییەوە، دوو خوێندنگای کوڕانو کچان لە گەڕەکی کوردستای شاری سلێمانی تێکەڵ دەکرێن، ئەوەش کێشەی بۆ خوێندنگاکە دروستکردووە، کەسوکاری هەندێک لەو کچانەی لە قۆناغی ئامادەییدانو ماڵیان لەنزیک هەمان خوێندنگاوەیە، پاسیان گرتووە بۆ کچەکانیانو دەیانێرن بۆ خوێندنگایەکی دیکە، کە (٥) کم لە گەڕەکەکەیانەوە دوورە، ژمارەیەک لە خێزانە هەژارەکانیش کچەکانیان لە خوێندن دەردەهێنن.

ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆنگرەی پەروەردەییدا بڕیاردرا کاربکرێت بۆ تێکەڵکردنی کوڕانو کچان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، بەڵام لە زۆر شوێندا تێکەڵکردنی خوێندکارانی کوڕو کچ بەهۆی نەبوونی بینای خوێندنگاوەیە نەک پەیڕەوکردنی سیستمی هاوچەرخی پەروەردە. خوێندنگای حیلمی عەلی شەریف لە گەڕەکی کوردسات لەسلێمانی، یەکێکە لەو نموونانەو بەهۆیەوە کێشەی بۆ خوێندکاران دروستکردووە.

مریەم ئەحمەد (٤٠ ساڵ)، کە دایکی کچە خوێندکارێکە وتی: «ئامادەنیم کچەکەم لەخوێندنگایەکی تێکەڵاو بخوێنێت، لەگەڵ ئەوەی کەمدەرامەتیشم، بەڵام لە ناچاریدا پاسم بۆ گرتووە مانگی بە (٣٠) هەزار دینار، بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە خوێندنگەیەکی تایبەت بەکچان».

گۆنا هیوا، خوێندکاری چواری ئامادەیی لە خوێندنگای رازاوەی کچان، ئاماژەی بەوەکرد، لە گەڕەکی کوردساتەوە دەچین بۆ گەڕەکی سەروەریی لەبەرئەوەی خێزانەکەی رێگای پێ نادەن لەخوێندنگایەکی تێکەڵاودا بخوێنێت، «لەبەر دووریی رێگاکە نەمتوانی بەپێ هاتوچۆ بکەم ناچاربووم پاس بگرم، لەبەرئەوەی لە خێزانێکی هەژارم کێشەم بۆ دروستبووە، بۆیە داواکارم خوێندنگایەکی کچان لەم گەڕەکە بکرێتەوەو کێشەی ئەو خوێندکارانە چارەسەربکەن کە ئامادەنین لە خوێندنگایەکی تێکەڵاودا بخوێنن.

سەعید توفیق دەروێش، بەڕێوەبەری دواناوەندیی حیلمی عەلی شەریفی تێکەڵاو، وتی: «پێشتر خوێندکارانی ئەم خوێندنگایە لە دواناوەندیی رازاوەی تێکەڵاوبوون، لەساڵی ٢٠٠٦دا کە ئەم خوێندنگایە کرایەوە جیاکرانەوە، کوڕان هاتنە ئەم خوێندنگایە بەناوی دواناوەندیی حیلمی عەلی شەریفی کوڕان، کچانیش لە دواناوەندیی رازاوەی کچان مانەوە، ساڵی(٢٠٠٧- ٢٠٠٨) خوێندنگاکەمان کرا بە تێکەڵ». وتیشی: بەهۆی نەبوونی بیناوە، بەوپێیەش کە گەڕەکی کوردسات تازەیەو ئەو خێزانانەی لەم گەڕەکە نیشتەجێ دەبن پێشتر خوێندکارەکانیان لە خوێندنگایەکی کوڕان یان کچان بووە، کە لێرە تێکەڵ دەبن بە لایانەوە تازەیەو گرفت بۆ خوێندکارەکە دروستدەکات، «ئەگەر بە سیستمی تازەو سەردەمیانە پرۆسەی تێکەڵکردنەکە بەڕێوەبچێتو هەموو خوێندنگاکان بگرێتەوە، ئەوا کێشە دروست نابێت، بەڵام ناکرێت خوێندنگایەک تێکەڵ بێتو چەندانی دیکە جیابنەوە».

کەمال نوری، بەڕێوبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد تێکەڵاوکردنی خوێندنگاکان لە بەرنامەی پەروەردەدایە، لە داهاتوودا بەپێی پێویست کاری بۆ دەکرێت، بەوپێیەی یەکێکە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەی چوارەم کە لە هەولێر بەسترا، وتیشی: «مەرج نییە لەسەرەتادا هەرچی خوێندنگایە تێکەڵی بکەین، لە هەر شوێنێکو هەر کاتێک گونجاوبوو، ئەو پیادەی دەکەین، ئەگەر نەشکرا نایکەین».

دەربارەی چەند خوێندنگایەک لە سلێمانی کە تێکەڵکراونو دواتر کێشەیان بۆ دروستبووە، وتی: «ئەو خوێندنگایانە لەبەر نەبوونی بینا تێکەڵکرابوون، لەسەر داوای کەسوکاری خوێندکاران جیاکرانەوە».

کەمال نوری ئاماژەی بەوەشکرد، کە دواناوەندیی حیلمی عەلی شەریف کاتێک کرا بە تێکەڵ، لەبەر دووریی‌و کەمدەرامەتی کەسوکاری خوێندکارەکان بوو کە ئامادەنەبوون بچن بۆ خوێندنگای رازاوە. بەڕێوبەری پەروەردە ئەوەشی راگەیاند: ئێمە لە بەرنامەماندایە کە ئەو خوێندنگایە تێکەڵاوبێت، بەڵام ئەگەر نەکرا دەتوانین بیکەین بە ناوەندیی حیلمی عەلی شەریف لەگەڵ قوتابخانەیەکی دیکە کە بۆمان داناوە، وتیشی: «ئێمە بۆ بەرژەوەندی گشتیی کاردەکەین، سالّی داهاتوو ئەگەر ئەو بینایە تەواوبێت، چۆن گونجا بەو شێوەیە دەبێت، ئەگەر کەشوهەوا لەبار نەبوو، خوێندکارو کەسوکاریان پێیان باش نەبوو، ئەوا جیایان دەکەینەوە».

کۆیستان نوریدین، مامۆستا لە خوێندنگای دواناوەندیی حیلمی عەلی شەریف وتی: «زۆربەی مامۆستایان ناڕازین، پێموانییە ئەم سیستمە لە ولاتی ئێمەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، من خۆم ئامادەنەبووم کچەکەم لێرە بخوێنێت».

هەر لەو چوارچێوەیەدا عەتا لەتیف، کە مامۆستایەکی دیکەی خوێندنگاکەیە، وتی: «بەهۆی تێکەڵییەوە کێشە لەم خوێندنگایە زیاترە وەک لە خوێندنگای دیکە»، ئاماژەی بەوەشکرد، خێزان هەیە کچەکەی لە خوێندن دەرهێناوەو نەپناردووە بۆ خوێندنگای نزیکی ماڵەکەی کە تێکەڵاوە، لەبەر کەمیی دەرامەتیش نەیتوانیوە پاسی بۆ بگرێت.



ڕەگەزی مێینە زۆرتر تووشی گیروگرفتی دەروونی دەبن لە ڕەگەزی نێرینە

بێستون فەتاح

بەپێی ئـامـاری بـەشـی دەروونـیـی نەخۆشخانەی گشتیی شاری سلێمانی، لە بەراوردکاری نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرینەو مێینەدا لە چـوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی دەروونـی، (٦٥٨) حاڵەتی نەخۆشیی نوێ هەبووە، کە (٣٥٨) حاڵەتیان لە ڕەگەزی مێینەن‌و (٣٠٠) حاڵەتیان لە ڕەگـەزی نێرینەن، پسپۆرێکی نەخۆشییە دەروونییەکانیش ڕایگەیاند: بەهۆی زیادبوونی کێشەی بـەردەوامـی ڕۆژانـەی ژیانی هاوڵاتییانەوە نەخۆشیە دەروونیەکان لە زیادبوندان، بەتایبەتی لە نێو ڕەگەزی مێینەدا.

د.جەمال عومەر، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان ئاماژەی بەوەکرد کە زۆریی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، زەبرێکی دەروونیی گەورەی خستووەتە سەرشانی هاوڵاتیان، ئاشکراشە زەبـری دەروونیی، کاریگەریی هەیە لە دروستبوونی ئەنجامەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان، سەرەڕای بوونی فاکتەرێکی دیکەی گەورەی جیهانیی، هاوڵاتی لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکان‌و ئینتەرنێتەوە ژیانی وڵاتانی دیکە دەبینێت، لەڕووی ئاستی بژێوییو گرنگیدان بە گەنجان‌و ژنان‌و باری سەربەخۆی تاکو گەلێک دیاردەی دیکە، کە بە بڕوای ئەو، هەموو ئەوانە کاریگەریان لەسەر زیادبونی نەخۆشیە دەروونیەکان هەیە.

بە پێی ئامارەکان ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زۆرترین ژمـارەی ئامارەکان پێکدەهێنێت، لەو ڕوەوە د. جەمال وتی: «ڕاستە ئێمە بە سەرزارەکی داوای مافی ژنان دەکەین، بەڵام لەڕاستیدا زۆر مافیان پێشێلکراوە، پیاوان بەچاوی کاڵاو ئارەزوو دەڕوانن ژنان، هەموو ئەرکی ماڵو بەخێوکردنی منداڵو بەڕێوەبردنی ژیانی خێزان‌و سەرەڕای کارکردنی زۆرینەیان، ژنان لە بازنەیەکی داخراودا دەژین، هەربۆیە زەبری دەروونیان زۆرە لەسەریان، زیادبوونی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی خێزان‌و زۆربوونی کێشە خێزانییەکان»، رونیشیکردەوە کە نەک تەنیا ژنان بەڵکو کاریگەرییە دەروونیەکانیش لە نێو منداڵاندا دەردەکەوێت، لەوبارەیەوە وتی: «منداڵ هەستێکی تایبەتی هەیە لەڕووی تۆمارکردن‌و خەزنکردنی دیاردەکان، ڕاستە منداڵ ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت دەربیبڕێت، بـەڵام هەستو نەستی خـۆی بەشێوەی داپۆشراو دەمێنێتەوە، ئەو فاکتەرانەی پێشووتر باسمکردن لەسەر زیادبوونی نەخۆشییە دەروونییەکان، کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر منداڵان، تویژەرە دەروونییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو منداڵانەی لەناو گیروگرفت‌و پەشێویدا پەروەردە دەبن، کاریگەری دەبێت لەسەر دواڕۆژی منداڵەکەو لە دواڕۆژدا بارێکی تەندروستی شێواوی دەبێت، هەمیشە نامۆ دەبێت‌و ئامادەباشی تێدایە بۆ دروستبوونی نەخۆشییە دەروونییەکان».

یەکێک لەو ڕێگا چارەسەریانەی تاکەکانی ڕەگەزی مێینە هەڵیدەبژێرن بۆ ڕزگاربوون لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان‌و چارەسەری باری ژیانی ڕۆژانەیان‌و باوەڕیان پێیەتی، بریتییە لە پەنا بردنەبەر کاری نوشتەو دوعاو بەختگرتنەوە، د.جەمال عومەر سەبارەت بەو دیاردەیە وتی: «دیاردەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نەخۆش هەیە دەڵێت بۆ لای چەند دکتور چووم، بەڵام چاک نەبووم، بەڵام کە چوومە لای فلان شێخ یان فلان کەس، چاک بوومەتەوە، سروشتی نەخۆشەکانی ئێمە زۆر دوورودرێژن، ئەو سروشتە وای لێدەکات ئەو نەخۆشە چارەسەرێکی کتوپڕو خێرای دەوێت، لەبەرئەوە سروشتی نەخۆشەکە وایە، هەربۆیە ڕووەکەنە ئەو کەسانەو ئەوانیش هۆکاریان (وەسیلە)یان زۆرە، یەکێک لەو هۆکارانە بەکارهێنانی دیـن‌و هۆکاری بەکارهێنانی ساویلکەیی نەخۆشەکەو هاوەڵەکانیان»، ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد کـە لـەگـەڵ هەموو ئەوانەشدا خەڵکانێکیش هەن هەر باوەڕیان بەو چارەسەرو دیاردانە هەیەو باوەڕیان بە دکتۆر نییە، تەنانەت باوەڕیان بە زانستیش نییە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەرگەی هەموو ئەو کارە خراپانەش دەگرن کە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەرهەقیان دەکرێت، وەک لێدان‌و تووندوتیژی‌و ئازاردانی جەستە.

ئەوەشی خستەڕوو کە کێشەکان لەناوژناندا زیاترە وەک لەنێوان پیاواندا بەتایبەت گیروگرفتە دەروونییەکان، خودی ئاستی تیگەیشتنی ڕەگەزی مێینەش لەتوانای خۆی هەتا ئێستاش خۆی بە کەمتر دەزانێت لە نێرینە لەناو کۆمەڵدا، هەربۆیە هەوڵدەدات پەلاماری زۆر دیاردە بدات بۆئەوەی خۆی خۆشەویست بکات لەو کەسە نێرینانەی دەوروپشتی هاوسەرەکەی بێت یان براکەی، هەوڵدەدات بەهۆی پەنابردنە بەر ئەو دیاردانە خۆی بەهێزبکات، بەپێی تیگەیشتنی خۆی سوودمەند دەبێت بە پەنابردنە بەر ئەو دیاردانە، ئەو کەسانەی ئەو کارەش دەکەن، ئەم بیۆهێزییەی ئەم ژنانەیان بەکارهێناوە بۆ بەرەودان بە کارەکانیان‌و هەڵخەڵەتاندنیان، بە گشتی هۆکاری بوونی ئەم دیاردەیە زۆرتر لەناو مێینەدا دەگەڕێتەوە بۆ مافەکانیان‌و کەسایەتییەکەیان‌و سۆزداریەکەیان‌و ئەو خۆخەریککردنیان بە پـەروەردەی منداڵو بەخێوکردنیان، لەڕووی ئەوەی تووندوتیژی زیاتر لەسەرە لەڕووی باری ئابوورییەوە.

بەڵام ئەوانەی گیروگرفتی دەروونیان هەیە بەتایبەت ڕەگەزی مێینە، گلەیی لە پسپۆڕانی دەروونـی دەکـەن کە لەکاتی سەردانیاندا ئەو بوارەیان نادەنێ زۆرترین کات لەگەڵ پسپۆڕەکەدا دانیشن‌و کێشەکانیان بخەنەڕوو، سەبارەت بەم بۆچوونە د.جەمال عومەر وتی: «بێگومان دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کە زۆرجار نەخۆشەکانم ڕۆیشتوون بەبێ ئەوەی پیاهەڵدان بۆ کارەکەم بکەم، پێم دەڵێن زۆر لەگەڵ نەخۆشدا دەمێنمەوە، باوەڕی تەواوم هەیە لەبواری گیروگرفتەکانی دەروونـی، ئەگەر هاتوو لە هەموو کون‌و کەلەبەرەکانی ژیانی ئەو کەسەی هاتووەتەلات نەگەیت، ئەگەر ئەو کەسەش هەموو هەستەکانی خۆت بۆت نەخاتەڕوو، باوەڕناکەم هەردوولا بگەنە ئەنجامی دەستنیشانکردن‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەخۆش لای‌ئێمەگیروگرفتی هەیە،ئەگەرگیروگرفتەکەی خۆی بەیان نەکات، ناکرێت بەرامبەرەکەی هەستی پێبکات، دەبێت گوێی لێبگرێت‌و باوەڕی بدەیتێ، پەیوەندییەکی مرۆڤانە دروستبکەیت، ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەش هـەرواو بە خێرایی دروست نابێت».

دیاردەیەکی دیکە هەیە بەتایبەت لەنێو گەنجاندا لە ڕەگەزی مێینەدا ئارەزوو دەکەن کە خۆیان دەربخەن کە نەخۆشیان هەیە، وەک بورانەوەو لەسەرخۆچوون‌و ڕاچڵەکین‌و هەندێک حاڵەتی دیکە، کە کەسوکاریان نیگەرانن لە دروستبوونی ئەم حاڵەتانە، د.جەمال عومەر وتـی: «هەندێک لەو حاڵەتانە دەشوبهێنە هیستریای بورانەوە، لەناو گەنجاندا زۆرە بەتایبەت لەناو کچاندا زۆرە، بەڵام لە کورانیشدا هەر هەیە بە ڕێژەی چوار بۆ یەک، واتە ئەگەر چوار کچ ئەو حاڵەتەیان هەبێت، کوڕێک ئەو حاڵەتەی دەبێت، هۆکاری سەرەکی دەربڕینی یان دەرخستنی ئەم دیاردەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو داخوازیانەی هەیانە ناتوانن جێبەجێی بکەن، یان ناوێرن بە ڕاستەوخۆ داوای داواکارییەکانیان بکەن بە ناڕاستەوخۆ داوای دەکەن، وەک ئەوەی بۆ دەوروپشتەکەیان بسەلمێنن کە ئەمان نەخۆشن پێویستیان بە لاواندنەوەو بەدەنگەوەچوون هەیە، کە هەموو داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێبکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە پەنادەبەنە بەر ئەم جۆرە خۆنەخۆشکردنە، بەڵام هەندێکیان بەڕاستی نەخۆش دەکەون، لەبەرئەوەی گیروگرفتەکە لـەنـاو هەستیانایەو هەندێکیشی لەناو نەستیایەتی، لایەنی پزیشکی دەروونی دەبێت پێش هەموو کارێک ئەوەی لا ڕوونبێتەوە کە ئەو کەسەی لایەتی، لەوجۆرەیە کە خۆی نەخۆش خستووە یان بەڕاستی نەخۆشە، بەدڵنیاییەوە ئێمە ئەم حاڵەتانە بە نەخۆشیان دادەنێین، بە بوونی کەموکوڕییەکی دەروونی دادەنێین‌و بەشێوازێکی تایبەت چارەسەری دەکەین، بەڵام ئەم نەخۆشانە پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن نییە، چونکە زۆربەی جار پاش ماوەیەک چاک دەبنەوە، بەڵام هەندێک حاڵەتیش هەیە بە بـەردەوام ئەم کارە دەکـات‌و خۆی دەبورێنێتەوە، جاری واهەیە دەستنیشانکەری نەخۆشییەکەی بە هەڵە دەبات، دەخرێتە ریزی نەخۆشیی وەک پەرکەمو نەخۆشیی دیکە کە چارەسەری دوورودرێـژو تایبەتی هەیە، بەڵام ئەنجامی هەڵەی دەستنیشانکردن وەک ئـەوەی نەخۆشێکی وابکەیت بە نەخۆشی پەرکەم، لە کەسێتی کەسەکە دادەبەزێت‌و متمانەی بەخۆی نامێنێت، ئەو هەڵەیە لەڕووی پزیشکییەوە نابێت بکرێت، هەربۆیە سەرەڕای ئەوە موولایەتێکی وشەکە هەلسەگیتیت، لەگەڵ کەسوکاریدا بدوێیت، چونکە هێشتا تەمەنی بچووکەو هەوڵبدەیت بە چەند دانیشتنێکی چارەسەری دەروونی لە کەسوکارەکەیەوە چارەسەرەکە دەستپێبکەیت، بۆئەوەی بوارێک بڕەخسێنیت کەسوکارەکەی تێبگەن، کە ئەوان تێگەیشتن، کێشەکە چارەسەر دەبێت، نەخۆشەکە بۆیە وای لێدێت کە ئەوان لێی تێنەگەیشتوون، یان نەیانویستووە لێی تێبگەن، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەیەکی ئـەوان وابووە هەموو داواو بیرکردنەوەیەکی ئەو کەسە بە ئابڕوو دادەنێن، وای دادەنێن کە دژی کلتورو ئەخلاقی کۆمەڵە».

بەگوێرەی باری ڕێکخستنی خێزانەوە بەتایبەت ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان پێنج ساڵ بۆ دە ساڵە، منداڵەکە حەزدەکات هەموو نهێنییەکانی پەیوەندی باوکو دایکەکە بزانێت، بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە پشت بە زانیارییەکانی ناو خێزان دەبەستێت، دایکو باوکەکەش سۆزێکی زۆریـان داوەتـێ، ئایا پێویستە لە هەموو نهێنییەکانی خۆیانی ئاشکرابکەن یان لێی بشارنەوە، ئەم کێشەیە لە زۆربەی خێزانەکاندا بوونیان هەیە، بەتایبەت باوکان حەزناکەن کچەکانیان شارەزایی ئەو مەسەلانە بن، د.جەمال عومەر بۆچوونی خۆی سەبارەت بەم دیاردەیە بەمشێوەیە خستەڕوو «بەڕاستی ئەم دیاردەیە گرێیەکی گەورەیە لەناو کۆمەڵەکەماندا، هۆکاری زۆر زۆرە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە دایکو باوک لای ئێمە زۆر سۆزدارە، زیاد لە پێویست سۆزدەدات، منداڵەکەیان نوساندووە بەخۆیانەوە، کە منداڵت نوساند بەخۆتەوە، گیرۆدە دروستدەکات‌و هەست بەدڵنیایی دەکات، فێری ئەو گرتنەخۆیە دەبێت، دەتوانم بڵێم ئالودە دەبێت، دوای ئەو ئالودەبوونە، جیاکردنەوەی زۆر زەحمەتە، کە ناتوانیت جیایبکەیتەوە، ئەو منداڵەش حەتمەن هەندێکجار ئـەو پەیوەندییەی نێوان دایکو باوکەکە دەبینێت، کاریگەریی تێدەکات، زۆربەی جار بێئەوەی باسی بکات، هەندێکجاریش بەشێوەیەک دەریدەبڕێت، ئەو پەیوەندیانەی پێناخۆشە، چونکە ئەو دایکو باوک بە نموونەی ئەوپەڕی پایە پیرۆزی‌و بڵندیی سەیردەکات، بەتایبەت مەسەلەی سێکس لای ئـەوان وەک کارێکی قێزەون وایە، لای ئەوان ئەو پەیوەندییە خۆش نییە، ئا لەم کاتەدا شیرازەی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە بەوەدەگات ئایا پەیوەندییەکانی بۆ ئاشکرابکەیت، واتە هۆشیاریی سیکسی بدەیتێ، دەبێت بیر لەوەبکەیتەوە ئەو هۆشیارییەی بدەیتێ بەشێوەیەک نەبێتە زیـان، وەک نامۆبوون‌و ترسان لەو دیاردانە یان جۆرێک لە بۆچوون دێتە مێشکییەوە کە باسیان بکات، وەک ڕاهاتوین باسکردنی سێکس بەشێوەی ئاشکرا نەک لە منداڵدا بەڵکو لە گەورەشدا قەدەغەکراوە، بـاوکـو دایکەکە لەوەدەترسن لـەدەرەوە باسیان بکات، بەڵام چارەسەری ئەم دیاردانە لەگەڵ پیشکەوتنی کۆمەڵدایە، ناتوانین ئەو مەسەلانەی سێکسی بەمانا سەربەستییەکەی باسبکەین وەکو وڵاتانی ئەوروپا، لە کەسایەتی خۆرهەڵاتی لای خۆمان، بەلامخ کاتێک ئەگەر بتەوێت هۆشیاریی سێکسیش بدەیتە منداڵ، دەبێت لەکاتێکی تایبەتدا بێت‌و پێویستیش بکات، بەڵام بەبۆچوونی من بەپێی ئاستی پیشکەوتنی کۆمەڵ لەوبوارەوە هەنگاوبنێیت، هەربۆیە تا بتوانرێت ئەو پەیوەندیانە لەبەردەم منداڵدا ئاشکرا نەکرێت‌و ئەوەندەش سۆز نەدرێت بە منداڵەکە کە نەتوانیت لە هەموو کاتەکاندا لەخۆتی دوورببخەیتەوە، چونکە ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندیانە، منداڵەکە بە قێزەون‌و ناشرین لەو پەیوەندییەی باوکو دایکەکە دەڕوانێت کە پێشووتر نموونەی ئەوپەڕی بەرزی‌و پیرۆزیی بوون لەلای، ئەو منداڵە ئەو دایکو باوکەی بەپشتو پەنای خۆی دادەنا، بەڵام کاتێک ئەوە دەبینێت، دیمەنێکی دیکە لەلای دروستدەبێت بۆ باوکەکە یان دایکەکەو یان هەردووکیان، نرخیان کەمتر دەبێتەوە لای منداڵەکە هەر لەو کاتەشدایە هەست بەبێ نرخیی خۆی دەکات.

هاواریێک لە ئاژانسی هەواڵگری زانستەوە

م. جەبار جەلال فەقێ

ئەمڕۆی زانکۆو پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، لە مەرگەسات‌و مەترسییەکی بێئاقاردا لەنێوان شەپۆلە بەرزو نزمەکاندا دێنو دەچن.

سەرچاوەی کارەسات‌و مەینەتییەکانیش لە وەزارەتی پەروەردەوە، پەروەردە دەکرێت بەو ئاستە نزمەوە بەرەو ئاستە بەرزەکانی دیکەی خوێندنی بەرێدەکات، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێکی نیشتمانپەروەریی پرۆفیشینال بەرپرسیاربێت، چونکە ئەم بەرێکردنە بووەتە کلتوریکی باو کە وەکو بۆماوە دەگوێزرێتەوە لە پشتێکەوە بۆ پشتێک.

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستیانەو بێلایەنانە لەسەر پرۆسەی خوێندن بکەین‌و پاشانیش شیکاری وردتری لەسەربکەین، دەبینین لە چوارچێوەی وتاری سیاسی‌و دارشتنی پەخشانێکی ئەدەبی‌و رازاندنەوەی رستەدا، بە هەموو هاشوهوشەکانی دیکەشەوە ئێمە سەرمەشقی وڵاتانی دراوسێ، نا بگرە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراتخوازەکانیش لەپێشەوەترین، بە ئاراستەیەکی وا چەواشەکراوین کە هەندێکجار خەونی سەوزو سووریش بە داهاتووی نادیاری خۆمانەوە دەبینین.

بەڵام کاتێک هەڵسەنگاندنەکە پراکتیزێرین دەکەین‌و دەچینە قوڵایی سەرجەم بوارەکانی خوێندنەوە، دەبینین نە پەروەردەکەرین‌و نە زانست دۆستیشین.

ئێمە چاک دەزانین کاری ئەکادیمی‌و پەروەردەیی پرۆسەیەکی درێژخایەنەو نەفەسێکی قولیشی دەوێت، هیچ کەسێکی پەروەردەیی‌و ئەکادیمیی نکۆڵی لەمە ناکات، بەڵام خۆئامادەکردن‌و زەمینەخۆشکردنی پێشوەختە، کارێکی گرنگ‌و قورس‌و پڕبەهاترە، زەمینەسازکردنیش لە دوو فاکتەری سەرەکیدا خۆی کۆدەکاتەوە، ئەوانەش یەکەمین ژینگەیەکی دیموکراتی‌و ئارامی خوێندن‌و خوێندنگاکانە بە هەموو ماناکانیەوە، دووەمیش پەروەردەکردنی مرۆڤەکانە هەر لە باخچەی ساوایانەوە بە بەرنامەیەکی وا کاریگەر کە تاکەکان وا گۆشە بکرێن، کە تووی هەموو بەهاجوانەکانی مرۆڤایەت‌ی‌و کۆمەڵایەت‌ی‌و نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و دیموکراتی تێدا سەوزبێت، دیارە ئەوەش بە بەرنامەو ئامادەکردنی مامۆستایانی زۆر پەروەردەخواست‌و ئیشخواست‌و بەتوانا بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە دەستپێدەکات، لە هەمانکاتدا پێدانی مووچەیەکی زۆر شایستە پێیان، چونکە هەموو قورسایی پرۆسەکە لەمانەوە بنیات دەنرێت.

ئەوەی کە سەرنجی هەموو چاودێرێکی ویژدان زیندوو، یان خواناس، یان نیشتمان‌و میللەتپەروەر رادەکێشێت تا رادەی سەرسامبوون، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەسەرجەم زانکۆو پەیمانگاکانی ئەم هەرێمەدا رێژەیەکی ئیجگار زۆر لە مامۆستاو هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس‌و ماجیستێرو دکتوراو پرۆفیسۆرو یاریدەدەری پرۆفیسۆر.... هتد هەیە، سالانەش بە دەیان هەزاران دەردەچن، لەمانە هەندێکیان کوردن‌و هەندێکیان عەرەبن کە بڕوانامەکانیان لەناو هەرێم‌و عێراقدا بەدەستهێناوە، هەندێکی دیکەشیان لە وڵاتە بیانییەکانی وەک وڵاتانی دراوسێ‌و عەرەبی‌و روسیاو ئۆکرانیاو بولغاریاو ڕۆمانیاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپای خۆرهەڵات‌و هەندێکی کەمی ئەورووپای خۆرئاواو ئەمریکاو ئوسترالیا... هتد، بەدەستهێناوەو ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان‌و کاری مامۆستایی دەکەن.

پرسیاری سەرەکی لەوێوە دەستپێدەکات، باشە ئەو هەموو کادیرە خۆمالی بیانییە کە هەڵگری ئەو هەموو بڕوانامە بەرزانەن کە لەسەرەوە باسمان لێوەکرد، بوونیان هەیەو موچەیەکی زۆر خەیاڵیش لە حکومەت وەردەگرن، ئەی بۆچی ئاستی خوێندن وا لاوازو بێبەهرەو بێداهێنانە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییەو هۆکارگەلێکی هەڵگرتووە، بەجۆرێکی وا بەناو یەکتریدا چوون کە هەروەک رەگ داکوتان‌و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە وایە کە بە جەستەی مرۆڤێکی تووشبووداو بڵاوبووەتەوە، لەلایەک خوێندکاران خەتا دەخەنە سەر بێتوانایی مامۆستاکانیان‌و کەمتەرخەمیی حکومەت، مامۆستایانیش خەتاکە لەسەر خەمساردیی‌و کۆشش نەکردن‌و بێتوانایی خوێندکاران لەلایەک، دەستێوەردانی حیزب تا بینەڤاقا لەسەرجەم کایەکانی خوێندناو نادادپەروەریی لە دامەزراندن‌و بەدەستهێنانی کورسیی خوێندنی باڵا، بەجۆرێک کەوا زۆرینەی خوێندکاران‌و مامۆستایانیش هیوایەکی ئەوتۆیان بە خوێندن‌و پاشەڕۆژی خۆیان نەماوەو وەک خۆدەربازکردن لەو حاڵەتە شازە، خوێندنگاو زانکۆکانیان وەک کات بەسەربردنی ڕۆژانەو مووچەوەرگرتن کردووەتە ئامانجی سەرەکیان، یان کۆچکردن بەرەو وڵاتانی دیکە بۆ خۆدەربازکردن یان گەڕان بەدوای دواڕۆژێکی باشتردا بۆخۆیان، ئەمانەو شتی دیکەش وەک فاکتەرێکی سەرەکی لەقەڵەم دەدەن.

ئێمە ئەم پرسیارە مێژوویی ئاراستەی حکومەت‌و سەرجەم حیزبەکان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەکەین، دەڵێین ئێوەی خەباتگێرو نیشتمانپەروەر بەرپرسی یەکەمن لەم ئەرکە مێژوویە زۆر بەبایەخە، بۆچی لێناگەڕێن تا پرۆسەی خوێندن‌و فێرکردن بە ئاراستەی سروشتیی خۆیدا بڕوات؟

دڵنیاین لە وەڵامدانەوەی حکومەت‌و حیزب بەوەی کە دەڵێن ئێمە خەتامان نییەو خەتاکە پەیوەندیی بە خوێندکارو مامۆستایانەوە هەیە.

منیش دەڵێم ئەی باشە پێوەری سەرەکیی ئێوە چییە بۆ توانستی مامۆستایان؟ ئایا تەنیا پێوەرتان ئەو بڕوانامە (بێزمان‌و بێمەکانەیە)، یان بەهاوسەنگکردنی‌و بەس؟ ئەی هیچ تاقیکردنەوەیەکی دیکە نییە کە ئەو کەسەی پێدا تێپەڕبکرێت؟

باشە ئێوە توانیتان تاڕادەیەک ڕێگا لە خۆراکی تەزویرو فاسد بگرن ئەوەش بە دامەزراندنی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی، هەروەها هێنانی ئامێری تایبەت بۆ پشکنین‌و توندوتۆڵی‌و سەلامەتیی ئۆتۆمبیلەکان، ئەمانە هەمووی جێگای دەستخۆشییە،

ئەی بۆچی تەنیا بە هاوسەنگکردنی بڕوانامەیەکی دەرەکی یان ناوەکی، کۆتایی بە هەموو شتەکان دەهێنن‌و ئیتر هەموو بەرپرسیارێتی‌و ئەرکێکی هەستیار کە دواڕۆژی نەوەکانی دوای خۆمانی لەسەرە، دەدەنە دەست مرۆڤێک کە بە سروشت خۆپەرست‌و هەڵپەرست‌و ناپاکە بەرامبەر یەکەم نەتەوەکەی، دووەم سەرجەم مرۆڤایەتیش؟ لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ژمارەیەکی کەم لەو کەسە هەستو زەمیر زیندووانە کە بە توانای خۆیان‌و شەونخونییەکی زۆرەوە خۆیان پێگەیاندووە بەدوور لە هەموو کارە گەندەڵەکان.

جارێکی دیکەش دەپرسین ئەی بەرپرس‌و باڵادەستەکان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت، ئایا ئەرکی ئێوە تەنیا مووچە بەخشینەوەو دڵ ڕازیکردنی خەڵکانە؟ ئەی سوکایەتیکردن بە زانست‌و نەتەوەو بەزاندنی هێڵە ستاندەرەکان، بەخشینی کورسی خوێندن بەو کەسانەی کە هیچ بناغەیەکی زانستیی تونەتۆڵیان نییە لەسەر حسابی ئاست‌و ئیهانەکردنی متمانەی زانست‌و پاشەڕۆژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم نیشتمانە ئەرکی کێیە؟ ئەی لێپرسینەوەو بەدواداچوون‌و سزادان ئەرکی کێیە؟

ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، خاکو سروشت‌و عەقڵو جەستەی ئێوەی کوردی ئەنفال‌و کیمیاباران‌و جینۆسایدکرد، ئەوەی کە فریانەکەوت تەواوی بکات، جینۆسایدکردنی منی زانست بوو.

بۆیە هاواردەکەم‌و تکاشتان لێدەکەم بمپارێزن لە تەزویرو سوکایەتی، چونکە ئەمەیان زۆر کاریگەرترە لە هەموو ئامرازەکانی دیکەی لەناوبردنتان، ئیتر چیتر نامەوێت نە گوێم لە مزایەدەی نیشتمان‌و نە خەتەری دوژمنانی ناوەوەو دەرەوە بێت لێتان.

Jabar.Jalal@yahoo.com

بیرکردنەوەی خورافی‌و کێشە کۆمەڵایەتییەکان

هادی ئەمین

بەمەبەستی چارەسەر چەندین جۆر ڕەفتاری خورافی دەکرێت، وەک پەنابردنە بەر نوشتەو مەرقەدی پیاوچاکان‌و شێخ‌و فاڵگرەوەو دەرکردنی جنۆکە لە لەش، ئەوانەش چەندین زیانی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و ئابووریان لێدەکەوێتەوە، هەندێکیان گومانی خراپ لەنێوان ئەندامانی خێزان‌و هاوڕێیاندا بڵاودەکەنەوەو دەبنە هۆی دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی‌و لاوازبوونی پەیوەندییەکان.

خورافە وشەیەکی عەرەبییەو بە واتای خراپبوونی عەقل دێت، بیرکردنەوەو ڕەفتارە، پشت نابەستێت بە ڕاستی‌و واقیع‌و عەقڵانییەت، بەڵکو پشت دەبەستێت بە سۆزو سودفە، بابەت‌و ڕێگاچارەکانی ئاڵۆزو ناروون، پێچەوانەی بیرکردنەوەی عەقڵی‌و زانستییە، کە دامەزراوە لەسەر بنەمای ڕێکوپێک بۆ هەوڵدان‌و تێبینی‌و ئەزموونکردن‌و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان‌و زانینی چۆنێتی کاریگەرییان.

چارەسەری خورافی (ئەنجام‌و سەرەتا) پێکەوە دەبەستێتەوە بێئەوەی پەیوەندییەکی زنجیرەیی‌و مەنتقی بدۆزێتەوە لەنێوانیاندا، بەڵام چارەسەری زانستی پەیوەندی وردی بەشەکانی سەرەتاو کۆتا دیاریدەکات، دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، چۆن بابەتێک کار دەکاتە سەر بابەتێکی دیکە، بۆ نموونە لە چارەسەری خورافیدا (لێدان بە دار، هەڵواسینی مورو نوشتە..) بەکاردەهێنرێت، بێئەوەی بپرسرێت (لێدان بە دار) چ پەیوەندییەکی بە چارەسەری نەخۆشییەکەوە هەیە، ئایا ئەو کەسەی کە هەڵدەسێت بە کارەکە بۆچی ئەو کارەی پێدەسپێردرێت، چی خوێندووە لەوبارەیەوە، چۆن دەیسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان نەخۆشیی‌و لێدانەکەدان بەڵام چارەسەرە زانستییەکان وەڵامی پرسارەکانیان پێیە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەرمان‌و چارەسەر پێشنیاز دەکەن بۆ نەخۆشەکان‌و ئەزموونی زانستیانەشی بۆ دەکەن.

بیرکردنەوەی خورافی پێیوایە، گوڕان لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤەوە دێت، نەک لەناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوەو بە هەوڵی مرۆڤەکان واتە شیکردنەوەی عەقڵیانە ناکات بۆ هۆکارەکانی (سەرکەوتن، شکست) لە ژیانداو هەموو ئەگەرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری نادروون، بۆ نموونە هەندێک خێزان کاتێک کەسێکیان تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت، دەچن لە نزرگەیەک نەخۆشەکە دەبەستنەوە بۆ چەند ڕۆژێک بە هیوای چاکبوون، یان موورو نوشتەی پێدا هەڵدەواسن، پێیانوایە ئەو شتانە لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤن‌و هێزگەلی پیرۆزو غەیبین‌و چارەسەری نەخۆشییەکە دەکەن،

واتە بیرکردنەوەی خورافی پێیوایە، کەسان‌و شتگەلێک هەن، خاوەنی هێزو پیرۆزیین‌و دەتوانن کێشە کۆمەڵایەتی‌و جەستەیی‌و دەروونییەکان چارەسەربکەن، هەربۆیە سەردان‌و تەقدیسی (کەسێک، قەبرێک، دارێک، بەردێک..) دەکەن، بەڵام بیرکردنەوەی زانستی پێیوایە چارەسەر پەیوەندی نییە بە پیرۆزییەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئەزموون‌و کارکردن‌و هەوڵدانی ڕێکوپێک‌و مەنتقییەوە. لە چارەسەری زانستیدا خەڵکی دەگەڕێن بەدوای پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکاندا، دەپرسن ئایا لەکوێ خوێندوویەتی‌و توانای چۆنە، نەک حەسەب‌و نەسەبی چییە‌و تاچەند پیرۆزە..

ڕاستەمرۆڤی‌کۆمەڵەسەرەتاییەکان بۆ پرکردنەوەی نەتوانیی (عجز)‌و وەڵامی پرسیارە نەزانراوەکان پەنایبردووەتە بەر بیرکردنەوەی خورافی، کاتێک مرۆڤ نەیزانیوە هەورەگرمە چییە وتویەتی ئەوە دەنگی خوداکانە، یان کاتێک تووشی نەخۆشییەکی قورس‌و هەڵوێستێکی نەتوانیی بووەو هیوای لاوازبووە بە دەربازبوون، پەنایبردووەتە بەر هەر شتێک کە ئومێدێکی پێبدات، بۆیە ڕەفتارە خورافییەکان سەریهەڵداوە، کە خورافەکەش ئومێدێکی موزەیەفی پێداوەو چارەسەری کێشەکانی بۆ نەکردووە.

ئەوە بۆ مرۆڤی کۆمەڵە سەرەتاییەکان وابووە، بەڵام پەنابەردنە بەر خورافە بۆ چارەسەری کێشە دەروونی‌و کۆمەڵایەتییەکان بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە ڕەفتارێکی نەشیاوە، چونکە زانستەکان زۆر لە کایە نادیارەکانیان ڕوونکردووەتەوەو چارەسەریان بۆ داناون.

Hadi.ameen@yahoo.com

ژێی کەڵەک، مردنێکی بەردەوام

زنون یوسف داودی

رۆژانـــە گـەنجانێک دەبنە قوربانیو نەبوونی یاسایەک کە شوێنی گونجاو بۆ کۆمپانیاکانی لـمو چـەو لـەسـەر رووبـارەکـان دەستنیشان بکات.

لە شوێنێکدا چوارچێوەیەکی یـاسـایـی نـەبـێـت سـنـووری ئیشوکارەکان دەستنیشان بکات، بێ سیستمی دەخولقێت، کە لەو جۆرە سیستمەدا سیستمە بەرژەوەندگەراو مادی کەسەکان حوکم دەگێڕن، کە ئەویش بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئامادەیە هەموو یاساو ڕێسایەک کە لە توانای کۆمەڵگایەک بێت بخاتە ژێرپێ، تەنانەت ئەگەر مەرگو مردنی خەڵکیشی بەدواوەبـێـت، چونکە دەوڵـــەت لـەم نـێـوانـەدا ڕۆڵی نامێنێت یا خۆی لێ بێئاگا دەکـات، هـەر کـەس مەیلی خۆی بەکاردەهێنێتو ژیان لە کۆمەڵگایە بەڕاستی دەکەوێتە مەترسیو مافی خەڵکی تێدا دەفەوتێت.

مەرگی ئەم گەنجە نموونەیەکی ئـەم ڕووداوانـەیـە کە ڕۆژانـە لە گـۆشـەو کـەنـاری ئـەم وڵاتـەدا ڕووددەدن، نمایشدانی شوێنی ڕووداوەکـەی زێی کەڵەک لەپشت شاشەی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لە ڕۆژی هەینی ٥/١، چەند شتێک ئاشکرا دەکات، کاتێک غەواسەکان لە شوێنی ڕووداوەکە نزیک دەکەونەوە بۆئەوەی گەنجە خنکاوەکە لەژێر ئاو دەربهێنن، بەرەو تەپۆلکەیەکی خاکی دەچن لە قەراغ ڕووبارەکەدا لەنزیک شارۆچکەی کەڵەک کە سەری لە ئاو دەرچووبوو، تا ئەو شوێنە بەرزایی ئاوەکە تا ئەژنۆی غەواسەکان بوو، ئیتر نەختێک بەلای ڕاستی تەپۆلکەکە لایاندا کە شوێنی خنکانی گەنجەکە بوو، هەر لەوێدا قولاییەک دێتە پێشیانو دەستبەجێ ژێر ئاو دەکەون، ئەمەش ئاسەواری کـارکـردنـی شـۆفـڵـو حـەفـارەی کارگەکانی لمو چەوە، کە حاڵەتو شیرازەی سروشتی ڕووبارەکەیان تـێـکـداوە، بـەڵام دواتـر بەهۆی بارانبارینەوە شوێنە قوڵەکە ژێر ئاو کەوتووە.

لەکاتی دەرهێنانی زیخو چەو لە وڵاتانی دنیادا یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، کارکردن لەنزیک شارۆچکەو شوێنە گشتییەکانو هـەروەهـا لەنزیک شـوێـنـەواری گەشتوگوزار بە چەندین کیلۆمەتر قەدەغە کراوە، لێرە یاسایەکی بۆ دانەنراوە کە پەیڕەوبکرێت، بۆیە ئەمجۆرە ڕووداوانـــە بـــەردەوام ڕووددەدن، بێئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ کەسێک بکرێت.

ئـەمـە بـەسـەرهـاتـی ئـەم خـانـەوادەیـەیـە، دوای تەمەنێک حەزو ئارەزوو لە گەشتێکدا کۆڕە گەنجەکەی خۆیان لەدەستدا،

(بـەشـار) کـــۆڕە گەنجێکی (١٧) ساڵە، جەستەی بە تەمەنی نەدەگونجا، وەک ئەوەی خزمەکانی دەڵێن (ئەو زوو پێڕاگەیشتو زوو چـــوو)، محەمەد ئەمینی باوکی دوای ماوەیەک لە تەمەنی گەنجێتی ژنی هێنابوو، بۆیە کۆڕەکەی بە پشتوپەنای خۆی دەزانـیو زۆر خۆشی دەویست، لەبەرئەوەش کە کۆڕەکەی بەر تەقینەوەی ڕۆژانەی موسڵ نـەکـەوێـت، لە قوتابخانە دەریهێناوەو بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ بـازارو لە دوکانەکەی خەریکی ئیشی دەکـرد، بە هیوای ئەوەی کە لە مەترسی تیرۆریستان بپارێزێت، بـۆ هـەر شوێنێک کە دەردەچـــوو بـەشـاری لەگەڵ خۆی دەبـردو هەمیشە چاودێری جوڵانەوەی دەکرد، ئاخۆ بۆ کوێ دەڕوات، ناوی بـــەردەوام لەسەر زار بوو... «بەشار مەچۆرە دەڕەوە، لە ماڵەوە دوورنەکەویتەوە، ئاگات لە خۆت بێت»، بەڵام بەشار کۆڕە گەنجێکی پڕ جۆش‌و خرۆش بوو، کەمتر جارانێک لە شوێنەکەی ئارامی دەگـرت، ئەو وەک هەموو گەنجەکانی دیکە حەزی لە دیمەنی جـوانو جوانی دەشـتـو چیاکان دەکرد، تا باس لە گەشت دەکرا زوو لەگەڵ خزمەکانی ئامادە دەبوو.

دوایـیـن جـار ڕۆژی هەینی ٢٠٠٩/٤/٢٤ لەگەڵ دایکی دانیشتبوو، خەریکی چێشت لێنان بوو، لەناکاو زەنگی مۆبایل زەینی برد تا وەڵامی بـداتـەوە، خزمێکی هاوڕێی بوو، دەربارەی گەشتی ئەو ڕۆژە لەگەڵ یـەک قسەیان دەکـرد، هـەر زوو بە چەند وشە گۆڕینەوە بڕیاری گەشتکردنی لەگەڵ ماڵە مامیدا، چێشتی نیوەڕۆ هێشتا ئامادە نەببوو کە لە ماڵەوە دەرچوو، دایکو باوکی لەگەڵ ڕۆیشتنی بۆ ئەو گەشتە ڕازی نەبوون، بەڵام پێداگرتنی بەشار بۆ چوونە دەرەوەی قسەی ئەوانی پشتگوێخست.

ئـەو ڕۆژە بـــەرەو کـەڵـەک بەڕێکەوتن، دوای سێ چـارەک سـەعـات ئـۆتـۆمـبـێـلـەکـەیـان لە شەقامەکەدا لایداو بەرەو قەراغەکانی ڕووبار لەنزیک شارۆچکەی خەبات (کەڵەک) سـەرەوخـوار بوونەوە، تەپۆلکەکانی خاکی لە ئەنجامی کاری شوفڵو حەفارەکان بەدیهاتبوون، لە قەراغەکانی ڕووبار لەناو ئاوەوە سەریان هەڵدابوو، لە شوێنێکی ئـەو نـاوەدا، لە چەند هەنگاوی شارۆچکەکە ئۆتۆمبێلەکەیان وەستاو هەموو دابەزین، گەنجەکان زووتر دابەزین، چونکە حەزیان لە گەڕانو سووڕان بوو.

بـەشـار لـەگـەڵ (یـونـسو محـەمـەد)ی کـۆڕە مـامو کـۆڕە پووری بەرەوژوور چوون، کەمێک لە بنەماڵەکەیان دوورکەوتنەوە کە بەشار کراسەکەی داکەندو پانتۆڵەکەشی تا ئەژنۆ هەڵکرد، بێئەوەی نیەتی مەلەکردنی هەبێت، پێی خستە ئاوەکەو حـەزی کرد کەمێک بە قەراغی ڕووبارەکەوە بـڕوات، هەرچەندە مەلەوانیشی نەدەزانی، بەڵام غروری گەنجێتی وایکرد بە ڕووڵەت خۆی لە ئەوان بە زیاتر بزانێت، بۆیە زووتر هەنگاوی هەڵگرتو ویستی ئەوانیش لەگەڵیدا بەنێو ئاو بکەون، بەڵام کۆڕەکان بەگوێی ناکەنو لەوێ دەوەستن، بەشار بە خەیاڵێک کە شوێنەکە وەک ئەوێ هەمواڕە بەرەو تەپۆڵکە خاکییەکەی نزیک قەراغ دەڕوات، پێی تا ئەژنۆ لەناو ئاو بوو، وردە وردە لارە لار بەسەر بەردەکانی ژێر ئاوەکە ڕێگای دەگرت، کە لە پڕێکدا چاڵێک دەکەوێتە پێشیو قاچی تیا دەخزێت بەرەوژێر ئاوەکە دەچێت، ئەو مەلەوان نەبوو، بانگو هاواری بەرزدەبێتەوەو داوای یارمەتی لێدەکردن، چەند جارێک دەستی توند توند لەنێو ئاو تەکان دەداتو شەپە شەپێک بە ئاوەکە دەکات تا نقوم نەبێت.

یـونـسو محـەمـەد مـاتـو حـەیـرانـوەسـتـابـوون، ئەوانیش مەلەکردنیان نەدەزانی تا بەهانایەوە بچن، بۆیە لە ڕەوشەکە بەتەواوی شێوانو نەیاندەزانی چی بکەن، کە کۆڕە پوورەکەی زوو بەڕەو باوکی دەچێت کە نەختێک دوورتـر لەو ناوەو لەنزیک ئاهەنگێک وەستابوو، بەڵام بۆ بەشار کات کاتی دەستو پەنجەلێدان لەگەڵ مەرگ بوو، بۆ ئەو تەنیا غەنیمەت بوو کە ڕزگاری بێت، چەند جارێک دەستی لە ژێر ئاوەکە دەرهێناو سەری تا سەر هێنایە دەر، دواییں وشە کە لە زاری دەرچوو، ناوی (یونس)ی هێنا کە لە کەنار ڕووبارەکە سەرگەردان دەسوڕایەوە، لە کاتەکانی دواییں هەر بە ئومێدی فریادڕەسێک کە ڕزگـاری بکات چەند شەپەیەکی لە ئاوەکە دا، کەچی زەلکاوەکە زاڵتربوو لەوەی تیای دەربازبێت، لە چرکەکانی دواییدا کەم کەم نقومی ئاوەکە بوو، لەگەڵ هەر جوڵەیەک لە مەرگ نزیکتر دەبوویەوە، ئیتر قوربانی لە چاڵەکە بەتەواوی نقوم بوو، ئاوەکە ئارامی گرت.

ئـــەم مـــەرگـەسـاتـە وێـــڕای دەستکاریکردنی لای ژێـرەوەی کەنارەکانی ڕووبـــار، بێئەوەی نیشانەیەک دابنرێت تا خەڵک لێی دووربکەوێتەوە، لەحاڵەتێک ڕوویدا کە هیچ جۆرە پێداویستییەک بۆ ڕزگارکردنی کەسی گرفتار لەناو ئاو پێشبینی نەکراوە، بەتایبەت لە ڕۆژی هەینی کە قەرەبالغی دەکەوێتە ئەو شوێنەوە، کاتێک غەواسەکانیش بە کامێرای (زووم)ەوە گەیشتن، دوو کاتژمێر لە خنکانی ئەو گەنجە تێپەڕیبوو، ئەوکاتەش هەوڵەکە تەنیا بۆ دەرهێنانی تەرمی خنکاوەکە بوو نەک بۆ ڕزگارکردنی لە مەرگ.

ئـایـا پـەیـوەنـدی غـــەواس بە کامێرای (زووم)ەوە چییە!؟ ئەرکی غەواس چییەو نەدەکرا زووتر لە کامێرای زووم بگاتە شوێنەکە!؟ بەمجۆرە خانەوادەیەک بۆ هەمیشە داخیان لە دڵ نیشتەوە، کە دوای تەمەنێک چاوەڕوانی ئارەزوویان بوو منداڵەکەیان ڕۆژێک پێرابگاتو بتوانێت بازووی دەستیان بێت، بەڵام لە یەک ئانو سات دەبێتە قوربانی کەسانێک کە لەپێناو بەرژەوەندی مادی خۆیان ئامادەن کۆمەڵگایەکیش بەتەواوی بشێوێنن، ئایا چ کەسێک بەرامبەر بەم ڕووداوە بەرپرسەو کێ دەبێت وەڵامی ئەو خانەوادەیە بداتەوە؟.



گوزەرێک بەنێو ژیانی منداڵانی کوردستان لە یادی رۆژی جیهانی منداڵاندا













سەرپەرشتیار: بەرهەم عومەر
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٠٦٥٦٠
کۆمەڵایەتی